ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٢٤ | هەینی ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٨
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

◆ دادگای میکونووس و سیاسەتی تیرۆری کۆماری ئیسلامی/ عومەر باڵەکی ٤
◆ خەڵک لە نێوان بەرداشی بێ متمانەیی بە ڕێژیم و بێ هیوایی بە داهاتوو/ سمایل شەڕەفی ٥
◆ ئیمپراتووری درۆ/ عەلی لەیلاخ ٥
◆ کوردستان لە گەمەی وڵاتە زلهێزەکاندا/ د. کامران ئەمین ئاوە ٧
◆ کوردستانێک بە پانتایی زەینی تاکەکانی کورد/ کامران باڵنوور ٨
◆ عەلی فەتحی: ئەدەبیاتی چەپ و ئەدەبی بەرگری لە کوردستان یەک ئامانجیان هەبووە ١١

### پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی:

# لاوانی کورد دەبێ وریای سیاسەتی لە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵات لە ڕێگای پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بن



کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژەکانی ٢٥ تا ٢٧ی خاکەلێوە هەشتەمین پلینۆمی خۆی بەڕێوە برد.
لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستاندا پلینۆم پێی وابوو بەهۆی سیاسەت و ڕەفتاری حکومەتی خۆسەپێن و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی، جیا لە تاقمێکی کەم نەبێ کە بەرژەوەندیان لەگەڵ ئەو نیزامە گرێ دراوە، بارودۆخەکە هیچ لە قازانجی خەڵکدا نەگۆڕاوە. هەر ئەوەش وای کردووە کە لە چەند مانگی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتی و توورەیی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیم وەڕێ بکەوێ. بەڵام ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری یا لانیکەم پاشەکشەی جیددی بە ڕێژیم بکا، هێشتا کۆسپی گەورەی لەپێشە و پێویستیی بە زۆر فاکتەر لەبواری ڕوونبوونی ئامانج و ئاقاری بزوتنەوەکە و هەبوونی ئادرەس یا جەمسەرێکی هیدایەتکردنی بزوتنەوە و ڕاکێشانی پشتیوانیی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە و سەرنجی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ پێشگیری لە سەرکوتی خوێناوی هەیە. پلینۆم هەروەها پێی وابوو کە هۆیەکی سەرەکیی مانەوە و بەردەوامیی حکومەتی کۆماری ئیسلامی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و ئەڵترناتیڤێکی جیددییە و بەداخەوە پەرش و بڵاوی و ناڵێکیی هێزەکانی ئێرانی ئێستاش درێژەی هەیە.
پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی لە درێژەدا پێداگریی لەسەر پرەنسیپی ڕۆژهەڵات تەوەری کردوە و ڕایگەیاندوە کە بە ڕاشکاوییش هەر چەشنە دەستێوەردان و کۆسپ داتاشینێکی هێزی پارچەی دیکەی کوردستان بۆ سەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕەت دەکاتەوە و نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لاوانی خوێنگەرم لە سیاسەتی لە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵات لە ڕێگای پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە.

## مانگرتنی کاسبکارانی شارە سنوورییەکانی کوردستان

لە دژی داخستنی سنوورە کۆڵبەرییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کە لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە داخراوە، لە شارەکانی جوانڕۆ، بانە، سەقز و مەریوان دووکانداران و بازاڕییەکان مانیان گرت و لە بەر دەم فەرمانداریی ئەو شارە کۆبوونەوە.
ئەو مانگرتنە لە ڕۆژی ٢٦ی خاکەلێوەوە دەستی پێکردوە و تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. ڕاخستنی سفرەی بەتاڵ لە سەرشەقام بە نیشانەی ئەوپەڕی هەژاری و دەسکورتی دیارترین دیمەنی ئەو مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕینە مەدنییانەیە کە بەرانبەر بە کەمتەرخەمیی بەرپرسان و داخرانی سنوورەکان وەکوو تاقە ڕێگایەک بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی دەیان هەزار کەس لە کوردستان لەو چەند شارەی کوردستان وەڕێ خراون.
ئەو بازاڕچە سنوورییانە لە کاتێکدا داخراون کە ئامارە دەوڵەتییەکان دەڵێن زیاتر لە ٨٠ هەزار بنەماڵە لەو ڕێگەیەوە ڕسقی ڕۆژانەیان دەست دەکەوێ.




## بێکاری لە کوردستان لە سەتا ٤٠ زیاترە

لە کاتێکدا ئامارە ڕەسمییەکانی دەوڵەت نرخی بێکاری لە پارێزگای سنەیان کەمێک زیاتر لە سەتا ١٢ ڕاگەیاندوە، بەڵام نوێنەری شاری سنە لە مەجلیس دەڵێ ئەم ئامارە چەواشەکارییە و ئاماری ڕاستەقینەی بێکاری لە کوردستان زۆر لەوەندە زیاترە.
سەید ئەحسەن عەلەوی لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی حکومەتیی «تەسنیم»دا ڕایگەیاندوە کە ڕێژەی بێکاری لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران لە هەموو شوێنێک زیاترە. هۆکاری ئەوەش بۆ پاشکەوتنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و کەمیی کارگە و کارخانەکان هاوکات لەگەڵ ناچالاکبوونی ئەو کەمە کارگە پیشەییە لە کوردستان دەگەڕێتەوە.
ناوبراو دەڵێ ئاماری ڕاستەقینەی بێکاری لە پارێزگای سنە سەروو ٤٠٪ ە و ئەو بارودۆخەش ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. بە تایبەت ئێستا بە داخرانی بازاڕچە سنوورییەکان و ڕێگری لە کۆڵبەری کردنی کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکان ڕێژەی بێکاری لە کوردستان زیاتر بووە.




سەروتار

## ئێران لە گێژاوی کێشە ناوچەییەکاندا

کەماڵ کەریمی

لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی تەمەنیدا، ئەو ڕێژیمە بە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەدا بە پێی سیاسەتی پەرەپێدانی مەیدانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی خۆی کێشەخوڵقێنترین وڵات بووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ڕێژیم هەر جارەی لە وڵاتێک و بە خوڵقاندنی کێشەیەکی نوێ، وای کردوە کە ئێستا ئەم کێشانە بە کۆ لەسەر کۆماری ئیسلامی کەڵەکە بن کە بەرەبەرە هەست دەکرێ، درێژەدان و یارمەتیدان بەو لایەنانەی هەتا ئێستا بە پشتیوانی و پووڵ و ئیمکاناتی ئینسانیی ئەوان ئیمکانی خۆڕێکخستن و کێشەخوڵقاندنیان لە وڵاتەکانیان داوە، کارێکی حاسان نەبێ و ئەگەر بیهەوێ خۆیشی لێ دەرباز بکا ڕێگەیەکی سەختی لە بەرە.
وەزعی ئەم ناوچە بەدوای سەرهەڵدانی شەڕی داعش ڕێگەی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا کردەوە کە جیاواز لە ڕابردوو، کە بە بوونی چەند پێگەیەکی نیزامی لە وڵاتانی وەک سعوودیە و ئیمارات و جووڵەی کەشتییە شەڕکەرەکانیان لە ئاوەکانی دەوروبەر دەورێکی سیمبۆلیکیان لە بوون و پشتیوانی وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانیان هەبوو، دەرکەون. ڕووسیە و ئەمریکا کە سیاسەتیان بۆ پەرەپێدانی نفووز لە هەرکام لە وڵاتانی ناوچە دەیان ساڵە تووشی کێبەرکێیەکی بەردەوامی کردوون، لە سووریە کەوتوونەتە شەڕێکی ناڕاستەوخۆوە. هەرچەند سەرەتا هەمووان بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆرەوە هاتنە مەیدانی ئەو شەڕە، بەڵام ڕووسیە بۆ پاراستنی ڕێژیمی ئەسەد و کردنەوەی جێ پێیەکی نوێ بۆ نزیکبوونەوە لە دەریا و، ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ قایمترکردنی پێگەی خۆیان، بە لێدانی داعش و لاوازکردنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، کەوتنە دووبەرەی جیاوازەوە. ئێستا سووریە بووەتە مەیدانێکی کراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دژ بە یەکەکان. ئەوەی بە ناوی شەڕی نیابەتییەوە لەوێ دەکرێ ئەگەر هەوڵی چارەسەرێکی دیپلۆماسی بەهێزی بۆ نەدرێ، لە ڕاستیدا داهاتووی سووریە بەرەو ئاقارێکی نادیار و پێوەندییەکانی ئەو زلهێزانەش بەرەو ئاستێکی مەترسیدار دەبا.
گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا و وەدەنگهاتنی بەرامبەر بە جینایەتە دژە مرۆییەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە دژی خەڵکی سیڤیل لە هەڕەشەوە بۆ کردار، بە لێدانی گورزی سەربازی لە پێگە سەربازی،...

٢

درێژەی:

## ئێران لە گێژاوی کێشە ناوچەییەکاندا

ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و عەمبارکردنی چەکی شیمیایی و بنکەی فڕۆکە ئاسمانییەکانی سووریە، سووربوونی ڕۆژئاوای لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووسیە و هاوپەیمانەکانی ئاشکرا کرد. کاتێک کە ئەمریکا بە هاوکاریی بریتانیا و فەڕانسە و پشتگیری ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوپەیمانەکانیان لە نێو وڵاتانی جیهاندا، دوایین هێرشی بۆ سەر پێگەکانی سەربازی سووریە ئەنجام دا بە ڕوونی پەیامی خۆی بە ڕووسیە ڕاگەیاند کە، هیچ شتێک بەربەست نابێ لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەیان لە سووریەدا. ئەم هەڕەشە سەربازییانە نە تەنیا هێزەکانی ئەسەد بەڵکوو لە چەند شوێنێک بنکەی هاوپەیمانە ڕووسی و ئێرانییەکانیشی گرتەوە و بە هۆیەوە تا ئێستا ژمارەیەک لە سەربازانی ڕووس و زیاتر لە چەکدارەکانی سەر بە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی تێدا کوژراون.

بێگومان ئەم سیاسەتانەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، لەلایەکەوە دڵخۆشکەرن بو بەربەست دانان لە سەر ڕێگەی درێژەی تەمەنی ئەو ڕێژیمانەی کە بێ سڵکردنەوە و تەنیا لە پێناو مانەوەی خۆیاندا دەست بۆ هەر چەشنە جینایەتێک بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی وڵاتەکەیان دەبەن. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هاوپەیمانەکانیان کە بەبێ بیرکردنەوە لە چارەنووسی ملیۆنان خەڵکی لێقەوماوی ئەو وڵاتانە و تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان چاو لە هەر چەشنە جینایەتێکی ئەوان دەنووقێنن و تەنانەت یارمەتیشیان دەدەن پەیامێکی ڕوونی تێدایە. بەڵام هێشتا زووە کە بزانین درێژەی ئەم ڕەفتارانە، دەرخەری گۆڕانێکە لە داڕشتنی ستراتێژییەکی نوێی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی لە ئاستی جیهانی و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە دەتوانێ زۆر گۆڕانی جیددی بۆ سەقامگرتوویی لە ناوچەدا بە دوای خۆیدا بێنێ ئەگەرچی بەداخەوە وێرانی و کوشتنێکی زۆریشی بە دواوە بووە.

لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و بە تایبەت لە حەوت ساڵی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو ئیمکاناتی نیزامیی خۆیەوە بەشداریی ڕاستەوخۆی لە شەڕی سووریە لە دژی خەڵکی ئەو وڵاتە و دژبەرانی ئەسەد کردوە. بە شێوەیەک کە شەڕەکەی کردووەتە هی خۆی و لە کۆشکی سەرۆککۆمارییەوە هەتا هەموو ناوچە شەڕلێدراوەکانی ئەو وڵاتەدا و بە تایبەت لە شار و ناوچە شیعییەکانی سووریە بە هۆی چەکدارانی سپای پاسداران و بەکرێگیراوان پاکستانی، ئەفغانی و حیزبوڵلای لوبنان و بە پشتیوانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسی مودیرییەتی ڕاستەوخۆی ئەو شەڕەی کردوە. ئەوان مەبەستیان بوو کە بەم شێوە بتوانن هەم پردی پێوەندی لە ڕێگەی زەوییەوە بۆ لوبنان ببەستن و هەم هێزەکانی خۆیان لە سنوورەکانی ئیسڕائیل نزیک بکەنەوە.

کۆماری ئیسلامی کە لە سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە خولیای شەڕ لەگەڵ ئیسڕاییل و لەنێوبردنی ئەو وڵاتەی هەبووە و بە بەردەوامی لە ڕێگەی حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپە توندئاژۆیەکانی فەلەستینەوە هەوڵی گەرم ڕاگرتنی شەڕی لەگەڵ ئەو وڵاتە داوە، سەرەتا شەڕی سوورییەی بە بەرەکەت زانی کە بتوانێ بە هۆیەوە لەو مەبەستەی نزیک ببێتەوە و چەند هەنگاوێکیش چووە پێش. بەڵام بە پێوانەی خوێندنەوەی ئێستا لە دیتنی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا، ئەوە تەنیا ڕێژیمی بەشار ئەسەد نیە کە کەوتووەتە بەر زەبری سیاسی و نیزامیی ئەمریکا، بەڵکوو ئێرانە کە ئامانجی یەکەم دەبێ لە هەر ئاڵوگۆڕێکی پێشبینی نەکراو کە چ بە ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیە بێتە دی یا درێژەدان بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەو وڵاتەدا.

لەم نێوەدا دوو لایەنی گرینگ لە ناوچەدا دەتوانن کاریگەریی زیاتریان لەسەر لێدان و پاشەکشە بە ئێران هەبێ. دوو لایەن کە بە بێ ئەوەی ئاشکرای بکەن وەک هاوپەیمان لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی ئێراندا هەڵوێستیان هەیە. ئیسڕائیل کە نایشارێتەوە ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی سپای پاسداران لە سووریە و، هاوپەیمانی عەرەبی کە سعوودیە ڕێبەرییان دەکا و ئەم ڕۆژانە قسە لە ناردنی سپایەکی عەرەبی دەکرێ بۆ بەشداری لە شەڕی سووریەدا. دیارە ئەمە هیچ هەڵسەنگاندنێکی دیکەی بۆ ناکرێ جگە لە ساغبوونەوەی هەموولایەنە لەسەر سنووردارکردنی حوزووری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە عەرەبییە و، دەکرێ وەک سەرەتایەک بۆ کۆتاییپێهێنان بە دەستدرێژییەکانی ئەوان لە ناوچەدا ببیندرێ.

ڕاگەیەندراو

# بەڕێوەچوونی پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی



کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕۆژەکانی ٢٥ تا ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی (١٤ تا ١٦ی ئاوریلی ٢٠١٨ ی زایینی) هەشتەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوە برد.

پلینۆم بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی ئەم دواییانەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی پێ کرد. ئینجا دەستووری کاری پلینۆم پاش گفتگۆیەکی کورت بە پەسند گەیشت.

برگەی یەکەمی کارەکانی پلینۆم بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی نێونەتەوەیی و ناوچەیی بەتایبەت لە ڕوانگەی ئێران و کوردستانەوە و گرینگترین ئەو هەنگاوانەی حیزبی ئێمە لە بواری بەرنامەڕێژیی سیاسی لەو ماوەیەدا هەڵی هێناونەوە، تەرخان کرابوو. ئەم هەڵسەنگاندنەش لە

> لەگەڵ ئەوەدا کە هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر عەفرین و داگیرکرانی ئەوێ و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دروستبوونی مەترسی بۆ سەر کۆی ئەزموونی کوردەکان لە ڕۆژئاوا ناڕەوا و جێگای نیگەرانییە، بەڵام لەو باوەڕەداین کە دەبووایە کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان بەبێ خۆگرێدانەوەی تا ئەو ئەندازەیە بە پەکەکە بەستێنێک دروست بکەن کە هەموو لایەنەکان بە یەکگرتوویی و بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری و تایبەتمەندیی دۆخی ئەوێ ئاقاری سیاسیی خۆیان دیاری بکەن

دووتوێی ڕاپۆرتێکدا خرابووە روو کە سکرتێری گشتیی حیزب، کاک مستەفا مەولوودی پێشکەشی پلینۆمی کرد و پاش باس و گفتگۆ لەبارەیەوە وەک ڕوانگە و خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزب بە پەسند گەیشت. گرینگترین خاڵەکانی جێی سەرنج لەو ڕاپۆرت و خوێندنەوەیەدا بەم جۆرە بوو:

١/ لەپێوەندی لەگەڵ باردودۆخی نێونەتەوەیی بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەگەڵ ئەوەدا کە لەم دواییانەدا زۆر باس لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەمەلاگیر بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان بەتایبەتی قەیرانی سوریە کراوە و، سەرباری لاوازبوونی داعش لە ناوچەدا، هێشتا لێکگەیشتن و لێک نزیکبوونەوەیەکی ڕاستەقینە لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی سەبارەت بە ئایندەی ناوچە بەتایبەت سووریە کە زۆر لە ڕکابەرییە جیهانی و ئیقلمییەکانی لە خۆیدا چڕ کردۆتەوە دروست نەبووە و وێ ناچێ لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دروست بێ. لەو نێوەدا بەلەبەرچاوگرتنی گورزی نیزامیی ئەمریکا و بریتانیا و فەڕانسە بەهۆی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن حکومەتی بەشار ئەسەد لە هێندێک لە بنکە نیزامی و ستراتژییەکانی ئەو حکومەتە، هەنگاوی بەکردەوەی ڕۆژئاواییەکان لەو مەوریدەدا لەبەر ئەوەی کاریگەری لەسەر نفوزی لایەنەکانی پشتیوانی ئەسەد بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیش دەبێ، ئاقارێکی نوێ و شیاوی سەرنجە. لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی بەردەوامیی دەستێوەردان و سیاسەتی تێکدەرانەی ڕێژیم لە ناوچەدا حکومەتی ئەمریکا فشار و هەوڵەکانی بەمەبەستی پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی بەرجام و چوارچێوەدارکردنی پرۆگرامی بالیستیکیی ئێران و سنووردارکردنی مانۆڕەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا زیاتر کردووە. حاشای لێ ناکرێ کە هەموو ئەمانە دەتوانن دەرفەتی زیاتر بۆ خەڵکی ئێرانیش دروست بکەن کە پەرە بە ناڕەزایەتی و خۆڕێکخستنیان بەدژی ڕێژیم بدەن. سەرباری ئەوەش نابێ هاتنە مەیدانی خەڵک لە بەرامبەر ڕێژیم تەنیا بە مشت و مڕی نێودەوڵەتی ببەستینەوە: ئەم ئاقارە نوێیانە کە بەخۆشییەوە لە سیاسەتی ئەمریکا و بەشێک لە ڕۆژئاواییەکان لە بەرامبەر ئێران و هێزەکانی جێگای حیمایەتی ڕێژیمدا بەدی دەکرێ، پێویستە لە خانەی گشتیی قەیران و ململانێ جیهانی و ناوچەییەکاندا بەتایبەتی لە مامەڵەی نێوان ڕووسیە و ئەمریکاشدا چاو لێ بکرێ و جارێ بەشێوەی پێشوەخت ناتوانین بڵێین کە ئەمە سەرەتای سیاسەتێکی مونسەجیم و بێگەڕانەوەی ڕۆژئاوا چ سەبارەت بە سوریە و چ بەتایبەتی لە مامەڵە لەگەڵ ئێران دایە.

٢/ سەبارەت بە بارودۆخی نێوخۆیی ئێران، بەهۆی سیاسەت و ڕەفتاری حکومەتی خۆسەپێن و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی، جیا لە تاقمێکی کەم نەبێ کە بەرژەوەندیان لەگەل ئەو نیزامە گرێ دراوە، بارودۆخەکە هیچ لە قازانجی خەلکدا نەگۆڕاوە. خەڵک نەک هەروەک پێشوو لەگەڵ نەبوونی ئازادی و دێموکڕاسی و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەرەوڕوون، بەڵکوو بەهۆی وەرشکست بوونی ناوەندە داراییەکان و شکانی نرخی دراو و گرانی و بێکاریی لەڕادەبەدەر زۆرینەی خەڵکی ئێرانی بۆ ژێر هێڵی هەژاری دابەزیون. ئەوەش لەکاتێکدایە کە سەروەت و سامانی وڵات هەروەک پێشوو لە ماجەراجوویییە ناوچەییەکانی ڕێژیم سەرف دەکرێ و خەڵک بەتەواوی لە دەوڵەتی ڕووحانی و بەگشتی لە هەرچەشنە ئیسلاح و کرانەوەیەکی نیزام و باشبوونی بارودۆخیان نائومێد بوون. هەر ئەوەش وای کرد کە لە چەند مانگی ڕابردوو بەتایبەتی لە مانگی بەفرانباردا شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتی و تووڕەیی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیم وەڕێ بکەوێ. حەرەکەتی ئەمجارەی خەڵک هەم لەڕووی نەترسیی خەڵک و ڕاشکاویی دروشمی خۆپێشاندەران و تێپەڕینیان لە کۆی ڕێژیم و هەم لەڕووی پانتایی جوغرافیایی و گشتگیر بوونیان بە بەراورد لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی پێشوو زۆر جیاواز و دەتوانین بڵێین بێوێنە بوون. بەڵام پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری یا لانیکەم پاشەکشەی جیددی بە ڕێژیم بکا، هێشتا کۆسپی گەورەی لەپێشە و پێویستیی بە زۆر فاکتەر لەبواری ڕوونبوونی ئامانج و ئاقاری بزوتنەوەکە و هەبوونی ئادرەس یا جەمسەرێکی هیدایەتکردنی بزوتنەوە و ڕاکێشانی پشتیوانیی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە و سەرنجی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ پێشگیری لە سەرکوتی خوێناوی هەیە.

٣/ لەگەڵ ئەوەدا کە ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی ئێران لە گۆشە و کەناری وڵات بەشێوەی کەموێنە پەرەی گرتووە، بەڵام لە گوتار و ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیم ڕا هیچ وێ ناچێ کە ئەوان پەیامی خەڵکیان بیستبێ یان بیانەوێ بیبیستن. ڕاستە کە لەو ماوەیەدا هێندێک دیاردەی وەک ئەحمەدینژاد لە کایە سیاسییە نێوخۆییەکانی ڕێژیمدا زیاتر لە رابردوو جەنجاڵی دروست کردووە و دەتوانێ ڕێژیم تووشی چالشی جیددی بکا، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی کارنامەی سەرکردەکانی باڵەکانی ڕێژیم و هەڵوێستیان لەو کاتانەدا کە خەڵک بۆ ماف و ئازادییەکانیان لە مەیداندا بوون؛ پێویستە بگوترێ لەگەڵ ئەوەدا کە شەڕی لاباڵەکانی ڕێژیم تەنیا شەڕی زێڕنگەری نیە، بەڵام ئەم شەڕانە شەڕی خەڵکیش نین. هەربۆیە خەڵک نابێ بە تەمای باشتر بوونی بارودۆخیان لە ئاکامی سەرکەوتنی لایەنێکی نێو ڕێژیم بەسەر لایەنێکی دیکەدا بن و پێویستە تەواوی ڕێگا سیاسی و مەدەنییەکان لە بەرامبەر تەواوەتیی ڕێژیمدا بەکار بێنن. ئەگەریش هێندێک

> لەدەستچوونی بەشێک لە دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان بە ڕادەیەکی زۆر بۆ نایەکگرتوویی هێز و لایەنەکانی باشوور دەگەڕێتەوە و هیوادارین لەو قۆناغەدا کە قۆناغی خۆڕێکخستنەوەی کوردی باشوور و دەسپێکردنەوەی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی بەغدایە، ڕکاربەریی سیاسیی نێوخۆیی لەوە زیاتر درز نەخاتە ئاقاری ستراتژیی کوردی ئەم بەشە لە کوردستان و هەموو لایەنەکان پێکەوە کار بۆ ئاشتبوونەوە و دروستکردنەوەی بنەماکانی پاراستن و پەرەگرتنەوەی هەرێمی کوردستان بکەن

روخسار و لایەنی نێو ڕێژیم بەڕاستی بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە بەرامبەر سەرەڕۆییدا وەستانەوە، ئەو کاتە خەڵک ئەو سیاسەت و ڕەفتارە دەگرنە پێش کە زۆرترین قازانجی بە سەرخستنی بزوتنەوەی مافخوازانەی ئەوان دەگەیەنێ.

٤/ لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوە کە سیاسەتی سەرکوت و مەحرووومکردن لەلایەن ڕێژیمەوە دەرهەق بە کوردستان وەک پێشوو بەردەوامە ئەگەر خراپتریش نەبووبێ، بەوحاڵەش خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی هیوابەخش هەروا خۆڕاگر و لەمەیدان دان. لەو نێوەشدا شعووری مەدەنی و نەتەوەیی هەر ڕۆژ ڕوو لەزیادبوونی خەڵکی کوردستان کە لە هاوپێوەندیی خەڵک لە کاتی بوومەلەرزەی ناوچەی کرماشان و بەرزڕاگرتنی ڕێوڕەسمە نەورزۆرییەکان و زۆر حەرەکەتی بچووک و گەورەی وەک مانگرتنی هەر ئێستا لە ئارادای خەڵکی ناوچە سنوورییەکاندا خۆی نیشان داوە، جێگای دەسخۆشی و ڕێزلێنانە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای لەبیربوون و بەجێگەیاندنی ڕیسالەتی شۆڕشگێڕانەی خۆی، وەک هەمیشە متمانەبەخشی و پشتیوانیی خۆی بۆ چالاکیی مەدەنیی نیشتمانپەروەرانی نێوخۆ دەردەبڕێ و لەو باوەڕەدایە کە پێویستە یارمەتی

بە بەهێزبوونی بەستێنی مەدەنیی خەبات و ڕێکار و پێویستییەکانی ئەو بەستێنە بدرێ.

٥/ سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، دەزانین کە هۆیەکی سەرەکیی مانەوە و بەردەوامیی حکومەتی کۆماری ئیسلامی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و ئەلترناتیڤێکی جیددییە. بەداخەوە پەرش و بڵاوی و نالێکیی هێزەکانی ئێرانی ئێستاش درێژەی هەیە. بەوحاڵەش بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی هەستیاری ئێستا و زەروورەتێک کە لەو بوارەدا لە گۆڕێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمدا یارمەتیدەری پێکهاتنی چوارچێوەیەکی هاوکاری بەناوی شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران بووە کە دە لایەنی سیاسیی سەرتاسەری و سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران لە خۆی دەگرێ. هەر لەو بوارەدا حیزبی ئێمە لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵەکانی دیکەی یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییش لە گفتگۆدایە و لەو باوەڕە دایە کە پێویستە لە کۆی ئەم سازوکارانە ئادرەس و ئەلترناتیڤێکی بەهێز کە نوێنگەی واقعیات و خواستی پێکهاتەکانی نێو ئێران بێ شکڵ بگرێ.

> پێکهاتنی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران بەرز دەنرخێنین و بە سەرەتایەکی باش لە هاوخەباتی و یەکگرتنی ئەو هێزانەی دادەنێین. هاوکات بەڵام لەو باوەڕەداین کە ئەم جۆرە هاوکاری و چوارچێوەسازییانە تەنیا کاتێک دەتوانن بەرهەمی ڕاستەقینەیان بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات هەبێ کە هەم زیاتر بە کۆمەڵگەی نێوخۆی وڵات و واقعییەتەکانی ئەوێ وەسڵ ببنەوە و هەم ڕێکاری بەکردەوەیان بۆ یەکخستنی هێز و کەرەستەی خەبات چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات لە هەموو بەستێنەکاندا و نەهادینەبوونی زیاتری یەکگرتنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ بکەوێتەوە

٦/ سەبارەت بە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فەسڵی تازەی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان ئەم هێز و لایەنانە لە یەک ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتی پێکهاتنی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران بەرز دەنرخێنین و بە سەرەتایەکی باش لە هاوخەباتی و یەکگرتنی ئەو هێزانەی دادەنێین. هاوکات بەڵام لەو باوەڕەداین کە ئەم جۆرە هاوکاری و چوارچێوەسازییانە تەنیا کاتێک دەتوانن بەرهەمی ڕاستەقینەیان بۆ خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات هەبێ کە هەم زیاتر بە کۆمەڵگەی نێوخۆی وڵات و واقعییەتەکانی ئەوێ وەسڵ ببنەوە و هەم ڕێکاری بەکردەوەیان بۆ یەکخستنی هێز و کەرەستەی خەبات چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات لە هەموو بەستێنەکاندا و نەهادینەبوونی زیاتری یەکگرتنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ بکەوێتەوە.

٧/ سەبارەت بە بارودۆخی پارچەکانی دیکەی کوردستان، دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی هەرکام لەو پارچانە بە جێگای نیگەرانی دەزانین و هیواداریین کە کوردی هەر پارچەیەک و بەگشتی کوردی هەموو پارچەکان چەندی دەکرێ بە یەکگرتوویی و هەماهەنگییەوە ڕووبەڕووی ئەو گەلەکۆمەگییە ببنەوە کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە بێدەنگیی بیروڕای گشتیی جیهانیدا بۆ سەر هەموو کوردیان دەست پێ کردووە. لەبارەی باشووری کوردستانەوە، لەدەستچوونەوەی بەشێک لە دەسکەوتەکانی ئەو بەشە لە کوردستان بە ڕادەیەکی زۆر بۆ نایەکگرتوویی هێز و لایەنەکانی باشوور دەگەڕێتەوە و هیوادارین لەو قۆناغەدا کە قۆناغی خۆڕێکخستنەوەی کوردی باشوور و دەسپێکردنەوەی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی بەغدایە، ڕکاربەریی سیاسیی نێوخۆیی لەوە زیاتر درز نەخاتە ئاقاری ستراتژیی کوردی ئەم بەشە لە کوردستان و هەموو لایەنەکان پێکەوە کار بۆ ئاشتبوونەوە و دروستکردنەوەی بنەماکانی پاراستن و پەرەگرتنەوەی هەرێمی کوردستان بکەن. سەبارەت بە باکووری کوردستان، درێژەی بارودۆخی نائاسایی و دەستگیرکردن و فشارهێنان بۆ سەر ڕێبەران و چالاکانی مەدەنی و پارلمانیی کورد لە تورکیە جێگای نیگەرانییە و هیوادارین هەموو لایەنەکان بە گەڕانەوە بۆ ئەو بوارە کە بۆ دیالۆگ و چارەسەری سیاسی دروست ببوو، شانسێکی دیکە بە ئاقاری هێمنانە و ئاشتییانەی یەکلاکردنەوەی کێشەکان ببەخشنەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕۆژئاوای کوردستانیش، لەگەڵ ئەوەدا کە هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر عەفرین و داگیرکرانی ئەوێ و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دروستبوونی مەترسی بۆ سەر کۆی ئەزموونی کوردەکان لە ڕۆژئاوا نارەوا و جێگای نیگەرانییە، بەڵام لەو باوەڕەداین کە دەبووایە کوردەکانی ئەوێش بەبێ خۆگرێدانەوەی تا ئەو ئەندازەیە بە پەکەکە بەستێنێک دروست بکەن کە هەموو لایەنەکان بە یەکگرتوویی و بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری و تایبەتمەندیی دۆخی ئەوێ ئاقاری سیاسیی خۆیان دیاری بکەن.

> لەو ماوەیەدا هێندێک دیاردەی وەک ئەحمەدینژاد لە کایە سیاسییە نێوخۆییەکانی ڕێژیمدا زیاتر لە ڕابردوو جەنجاڵی دروست کردووە و دەتوانێ ڕێژیم تووشی چالشی جیددی بکا، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی کارنامەی سەرکردەکانی باڵەکانی ڕێژیم و هەڵوێستیان لەو کاتانەدا کە خەڵک بۆ ماف و ئازادییەکانیان لە مەیداندا بوون؛ پێویستە بگوترێ لەگەڵ ئەوەدا کە شەڕی لاباڵەکانی ڕێژیم تەنیا شەڕی زێڕنگەری نیە، بەڵام ئەم شەڕانە شەڕی خەڵکیش نین. هەربۆیە خەڵک نابێ بە تەمای باشتر بوونی بارودۆخیان لە ئاکامی سەرکەوتنی لایەنێکی نێو ڕێژیم بەسەر لایەنێکی دیکەدا بن و پێویستە تەواوی ڕێگا سیاسی و مەدەنییەکان لە بەرامبەر تەواوەتیی ڕێژیمدا بەکار بێنن

سەبارەت بە کۆی بزوتنەوەی کورد، پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە لەگەڵ ئەوەدا کە لەو هەلومەرجە سەختەدا کە بۆ سەرجەم کورد هاتۆتە پێش، هەر جۆرە هەوڵێک بۆ لەیەکتر کۆکردنەوە و تێگەیشتن و ڕێککەوتنی هێزەکانی کوردستان زەروور و شایانی پێشوازی لێکردنە، بە مەرجێک مەبەست و ئاجێنداکەی لەژێر هێژێمۆنی هیچ لایەنێک نەبێ و متمانەی هەموو لایەنە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی کورد وەدەست بێنێ. هەر لەو کاتەدا بەڵام هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی و پێویستیی خۆی هەیە و لە تەنزیمکردن و بردنە پێشی ئاجێندای خەباتدا هەر پارچەیەک پێویستە بۆخۆی نوێنەرایەتیی خۆی بکا. لەهەرحاڵدا، وێڕای گرینگیی هاوپێوەندیی نەتەوەیی، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێداگری لەسەر پرەنسیپی ڕۆژهەڵات تەوەری دەکا و بە ڕاشکاوییش هەر چەشنە دەستێوەردان و کۆسپ داتاشینێکی هێزی پارچەی دیکەی کوردستان بۆ سەر خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕەت دەکاتەوە و نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لاوانی خوێنگەرم لە سیاسەتی لە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵات لە ڕێگای پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە.

لە بڕگەی دووەمی کارەکانی هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا، هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ دانوستانی یەکگرتنەوە لەگەڵ لایەنەکەی دیکەی دێموکڕات ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕەوتی وتووێژەکان و نێوەرۆکی ئەو پرۆژانەی هەتا پێش کۆنگرەی حدکا هەیئەتەکان تاوتوێیان کردبوون، خستە ڕوو. لەو بەشەدا پلینۆم وێڕای دەسخۆشی لە هەیئەتی حیزب و بە دروست زانینی سیاسەتی پەیڕەوکراوی تا ئێستای حیزب لەو پێوەندییەدا، ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئێستا لە تەفاهومی نێوان دوو لایەندا وەدی هاتوون بەرز نرخاند و قامکیشی لەسەر ئەو خاڵانە دانا کە هێشتا وەک کۆسپ لەسەر بەئەنجامگەیشتنی کۆتایی گفتگۆکان ماون. لە ئەنجامی ئەو باس و خواسەدا، پلینۆم هەیئەتی حیزبی ڕاسپاردەوە کە وتووێژەکان کە ماوەیەک بوو بەهۆی گرتنی کۆنگرەی حدکا و دروستبوونی پرسیار لەسەر بڕیار و ئاکامەکانی ئەو کۆنگرەیە بۆ سەر ڕەوتی یەکگرتنەوەی دێموکڕات ڕاوەستابوون، لەبەر ڕووناکایی ڕێنوێنییەکانی ڕێبەریی حیزب درێژە پێ بدەن.

بڕگەی سێهەم و کۆتایی دەستووری کاری پلینۆم بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەشکیلاتی و کار و تێکۆشانی حیزب. لەو بڕگەیەدا سەرەتا هەڵسەنگاندنێکی کار و چالاکیی حیزب لە ماوەی نێوان دوو پلینۆم چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات کرا و وێڕای دەسخۆشی لە تێکۆشەران و ئۆرگانەکانی حیزب لە هەموو بەشەکاندا، خاڵە بە هێز و لاوازەکان دیاری کران، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتیی ئێستا و دەرفەت و ڕێکارەکانی بەردەست بەرنامەڕێژیی پێویست بۆ کاروباری حیزبی لەمەودوا لە هەموو بەستێنەکانی تەشکیلاتی و پێشمەرگانە و دیپلۆماسی و مێدیایی و ... هتد و چۆنیەتیی باشترکردنی ئەم کاروبارە کرا و وەک ڕێنمایی درایەوە بە دەفتەری سیاسی. دواتر وەزعیەتی تەشکیلاتیی حیزب و کۆمەڵێک گیروگرفت لەو بەستێنەدا خرانەبەر باس کە پاش گفتگۆیەکی ورد و بەرپرسانە، مێکانیزم و ڕێگاچارەکانی کەمکردنەوە لەو گیروگرفتانە قسەیان لێ کرا.

بەمجۆرە پاش سێ ڕۆژ کاری بەردەوام، هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە هیوای گوڕ و تین بەخشینی زیاتر بە تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات و بەگشتی سەرکەوتنی کاروانی خەباتی گەلەکەمان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ (١٧ی ئاوریلی ٢٠١٨)**

## بەبۆنەی کۆچی دوایی جەنابی سارمخان سادقوەزیری



**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

بەداخێکی گرانەوە ئاگادار بووین کە ئەم بەیانییە، چوارشەممە ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ١١ی ئاوریلی ٢٠١٨ی زایینی، کەسایەتیی ناوداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوقووقیی کورد، جەنابی سارمەدین سادقوەزیری لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا لە شاری «ڤێ ڤێ»ی وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد. سارم خان لە بنەماڵەی گەورە و بەناوبانگی وەزیرییەکانی شاری سنە بوو کە هەروەک بنەماڵە نەخشێکی مێژوویی و گرنگیان لە خزمەتی بەرەوپێشبردنی هەمەلایەنەی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لەو شارە و لەو ناوچەیەدا هەبووە.

سارمەدین سادقوەزیری وەک خۆی کەسایەتییەکی لێوەشاوە و هەڵکەوتە بوو کە هەم لە بواری حوقووقی و هەم لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی و ئێرانیدا جێ پەنجەی بە پتر لە نیو سەدە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە دیارە. ئەو مافناسێکی ئەوەندە بەتوانا و ناسراو بوو کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو بە ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەریی کانوونی وەکیلانی دادگوستەریی ئێران و لە هەموو دەورانی کاری قەزایی خۆشیدا خزمەتی بە جێگیرکردنی عەداڵەت و دیفاع لە مافی زۆرلێکراوان کرد.

لە مەیدانی تێکۆشانی سیاسیدا سادقوەزیری لە ڕیزی پێشەوەی چالاکانی بواری خەبات دژی زۆرداری و کۆنەپەرستی لە ئێراندا بوو و هەربۆیەش بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتە زیندانی زۆرداری و تەنانەت حوکمی ئیعدامیشی بەسەردا سەپا. ئەو لە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانیشدا نەخشی بەرچاوی گێڕا. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکێک لە دیارترین ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد بوو کە قۆڵی هیممەتیان بۆ وەگەڕخستنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانە و زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵماڵی. هەر بۆیە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بەڕادەیەک خۆشەویست و جێی متمانە بوو کە ساڵی ١٣٣٠ وەختێک لە هەڵبژاردنی دەورەی حەقدەهەمی مەجلیسدا لە حەوزەی مەهاباد خۆی کاندید کرد دەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە نەبوو، زۆربەی نیزیک بە تەواوی دەنگەکانی ئەو حەوزەیەی بەدەست هێنا.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامییش سارم خان هەموو توانا و لێهاتوویی خۆی بۆ خزمەت بە مەسەلەی کورد تەرخان کرد، بە هاوکاریی هێندێک لە دڵسۆزانی کورد لە تاران «کۆمەڵەی کوردانی دانیشتووی مەرکەز»ی دامەزراند و بەردەوام دەگەڵ تێکۆشەران و ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی دەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و شەخسی دوکتۆر قاسملوو کە بە نهێنی لە تاران دەژیا لە پێوەندیدا بوو. پاییزی ساڵی ١٣٥٨ دوای دەرچوونی پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی کە بەڕواڵەت ڕێگا بۆ وتوویژ لە نێوان بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی ناوەندیدا ڕەخسابوو سادقوەزیری وەک مافناسێکی گەورە زۆری هاوفکری لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کرد و سەرنجامیش بۆخۆی هاتە مەهاباد و لەوێ گەڵاڵەی ٢٦ ماددەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردی ئامادە کرد.

ئاغای سادقوەزیری پاش ئاوارەبوون لە ئێرانیش هیچکات دەستی لە هەوڵدان بۆ مافی نەتەوایەتیی کورد و ئازادیی خەڵکی ئێران و هاوکاریی لەگەڵ تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی شل نەکرد و تەنانەت بۆ چەند مانگێکیش وەک نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە شووڕای نیشتمانیی بەرگریدا کاری کرد. لە دوای دەرچوونی حیزب لەو شووڕایەش سارم خان هەمیشە دەگەڵ سات بە ساتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دەژیا، هەرگیز پێوەندیی دەگەڵ بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نەپچڕا و غەمی نیشتمان و نەتەوەکەی هەمیشە هاودەمی ڕۆژان و شەوانی بوو تا سەرەنجام زۆر بەداخەوە:»ڕۆیی پێش وەی ببینێ کورد ئازاد».

بەم پێیە بەهەق لەدەستدانی جەنابی سارمەدین سادقوەزیری کۆستێکی گەورە و خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە. یادی ئەو تێکۆشەرە مەزنە بۆ هەتاهەتایە لەلای هەموو دڵسۆزێکی کورد و هەموو ویژدانێکی زیندوو بە نەمری دەمێنێتەوە و هەڵدەگرێ خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان ژیان و ئاکار و ڕەفتار و ئەفکاری ئەو پیاوە بکەنە سەرمەشق و ڕێنوێنی ژیان و خەباتیان. ڕووحی شاد و یادی بەخێر بێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەر لە لەدەستچوونی ئەو سەرمایە مەزنە سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکارەکەی، لە بنەماڵەی گەورەی وەزیرییەکان، لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری و بەختیاری، لە کۆمەڵگای حوقووقیی کوردستان و ئێران و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا و سڵاوی ڕێز و وەفاداری بۆ گیانی پاکی ئەو گەورەپیاوە دەنێرێ.

بەئاواتی وەدیهاتنی ئامانجە بەرزە ئینسانییەکانی.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٩٧/١/٢٢ (٢٠١٨/٠٤/١١)**

# پشتیوانی لە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینی شارە سنوورییەکان دەکەین

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ماوەی چەند ڕۆژە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی داخرانی سنوورەکان، درێژەی هەیە. ئەم ناڕەزایەتیدەربڕینە مەدەنییە لە شێوەی کۆبوونەوە لە بەر دەرکی فەرمانداریی شارەکانی جوانڕۆ و بانە و مەریوان و سەقز، هەر وەها لە شێوەی ڕاخستنی سفرەی بەتاڵ و کۆبوونەوە لە دەوری ئەو سفرەیە خۆی نواندوە. ئەم حەرەکەتە مەدەنییانە شارەکانی سەردەشت و پیرانشاریشی گرتووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێ بۆ شارەکانی دیکەش پەل بهاوێ و هەر وا درێژەی هەبێ.

ئاشکرایە کە ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی زەحمەتکێشی شار و ناوچە سنوورییەکان لە ڕێگای کۆڵبەرییەوە دابین دەبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ژێر ناوی بەربەرەکانی لە گەڵ هاتنی کەلوپەلی قاچاغدا، ساڵ بە ساڵ توند و تیژی و تاوان و سەختگیریی دژی کۆڵبەران زیاتر کردوە. سەرەڕای کوشتن و بریندارکردنی سەدان کۆڵبەر و دەستبەسەرداگرتنی بارەکانیان و لە نێوبردنی وڵاغی بارییان، بەردەوام هەوڵی پەکخستن و نەهێشتنی ئەم تەنیا سەرچاوەی ژیان و داهاتی دەیان هەزار بنەماڵەی هەژار و دەسکورتی ئەو ناوچانەی داوە. بە تازەییش وێڕای داخستنەوەی سەر لە نوێی سنوورە کۆڵبەرییەکان، یاسا گومرگییەکانی لە زیانی هاوردەکاران و فرۆشەران گۆڕیوە و بەم جۆرە جارێکی دیکە ژیان و بەڕێچوونی ئەو خەڵکەی خستووەتەوە مەترسی. ڕاستییەک کە ئەوەندەی دیکە تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی ئەو ناوچانەی لێ کەوتووەتەوە ئەوەیە کە کاربەدەستان، هیچ پڕۆژە و بەرنامەیەکی ئابوورییان بۆ ژیان و بەڕێچوونی ئەو خەڵکە نیە کە کۆڵبەری و هێنان و فرۆشتنی کەلوپەل لە سنوورەکانیان لێ قەدەغە کردوون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕێنی خەڵکی شارە سنوورییەکان، بە حەرەکەتێکی مەدەنیی هەڵگری داوا و داخوازی ڕەوا و ئینسانی دەزانێ و بە تەواوی پشتیوانیی لێ دەکا. نیشاندانی سفرەی بەتاڵ و دەنگهەڵبڕین دژی ئەو هەمووە تاوان و قەدەغە و قۆڕغە کە ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران بۆ پەکخستنی سەرچاوەی ژیانی زەحمەتکێشترین بەشەکانی خەڵک بەڕێوەیان دەبا، سەرەتاییترین مافی ئەو خەڵکەیە. ئێمە لە کاتێکدا سڵاو بۆ خۆڕاگری و ئیرادەی کۆڵنەدەرانەی مانگرتوان دەنێرین، داوا لە خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی مانگرتووانی شارەکانی جوانڕۆ، بانە، سەقز، مەریوان، سەردەشت و پیرانشار بکەن. پاشەکشەی کاربەدەستان و ملدانیان بۆ داخوازە ڕەواکانی مانگرتوان و ناڕازییان، لە گرەوەی درێژەی ئەو حەرەکەتە و پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکە لە مانگرتنی شارە سنوورییەکان دایە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٠١٨/٤/١٨**
**١٣٩٧/١/٢٩**

***

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێک هاتووە لە: حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

# دادگای میکونووس و سیاسەتی تیرۆری کۆماری ئیسلامی

## (لە ساڵیادی بڕیارە مێژووییەکەی دادگای مێکونووس‌دا)



عومەر باڵەکی

٢١ی خاکەلێوەی (١٠ی ئاوریل) بیرخەرەوەی بڕیاری ئازایانە و لە هەمان کاتدا دادپەروەرانەی قازی و دادوەرەکانی دادگای بێرلینە کە بە دادگای میکونووس ناوی دەرکردووە. هاوینی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی د. سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر بانگهێشتی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان بۆ بەشداریی لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سۆسیال ئینترناسیونال دەچنە ئاڵمان. دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سۆسیال ئینترناسیونال د. سادق شەڕەفکەندی بە هاوڕێیەتی کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایوون ئەردەڵان بە پێی بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراو شەوی



١٧ی سێپتامبر بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەچنە ڕیستۆرانی میکونووس لە شاری بێرلین و دوای تێپەربوونی کاتێکی کەم لە کۆبوونەوەکە بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەونە بەر دەستڕێژی بێبەزەییانەی گوللە، کە بەداخەوە هەر لەوێ د. سادق شەڕەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و کاک فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و؛ کاک هومایوونی ئەردەڵان، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی دۆستی حیزب شەهید بوون. دوای ڕووداوی میکونووس پۆلیسی ئاڵمان کەوتە خۆ و دوای ماوەیەکی کەم توانیی چەند کەسێک کە پێوەندیان بە تیرۆرەکەوە بوو دستبەسەر بکەن. دوای گیران و دەستبەسەرکردنی ئەو تاوانبارانە دادستانی ئاڵمان ٧ مانگ دوای ڕووداوی میکونووس، ئیدیعانامەی خۆی بە فەرمی پێشکەش بە دادگای بەرزی بێرلین کرد و دادگا دوای سێ حەوتوو تاوتوێکردنی ئیدیعانامەی دادستان لە ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ دەستی بە یەکەمین دانیشتنی خۆی کرد و پڕۆسەکە سێ ساڵ و نیو درێژەی کێشا و لە ئاکامدا دادگا گەیشتە ئەو بڕیارە کە بکەر و بڕیاردەری ئەو تیرۆرە دەسەڵاتدارانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامین. کردەوەی تیرۆریستیی مەئموورینی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات تەنیا دوو مانگ دوای بە دەسەڵاتگەیشتنی ئەو نیزامە لە پاریس ڕووی دا و لەوێ بە دواوە شەقامەکانی پاریس، لەندەن، ویەن، بێرلین، ژێنێڤ و شارە گەورەکانی دیکەی ئورووپا بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بوو بە جێگای ترس و دڵەڕاوکێ. ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی کۆماری ئیسلامی هەتا تیرۆری ڕیستۆرانی میکونووس کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی د. سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی هەر ئیدامەی هەبوو، بەڵام بڕیاری دادگای میکونووس لەسەر ئەو پەروەندەیە و ناساندنی کاربەدەستانی ڕەدە باڵای کۆماری ئیسلامی بە بڕیاردەری سەرەکیی ئەو تیرۆرە، بوو بە هۆکارێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا دەست لە تیرۆری جەستەیی دژبەرانی خۆی بپارێزێ و بە واتایەکی دی تیرۆری د. سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی کۆتا تیرۆر بوو کە تیمە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا کردیان. لێرەدا پێویستە بە کورتیش بێ باس لە چەند تایبەتمەندیی حوکمی دادگای میکونووس بکەین کە بوونە هۆکارێک بۆ پاشەکشەپێکردن بە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئورووپایی .

١) حوکمی دادگای میکونووس تایبەتمەندییەکی مێژوویی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، دادگایەکی بەرز لە ئاڵمان دەسەڵاتدارانی پلەیەکی حکوومەتێک کە هێشتا لە دەسەڵات دان، و بەتایبەت کە لەگەڵ ئاڵمان پێوەندییەکی سیاسی_ ئابووریی تایبەتی هەبوو، وەک بڕیاردەر و ڕێکخەری ئەو تیرۆرەی بە جیهان ناساند و بە تیرۆری دەوڵەتی ناوی برد.

٢) بڕیاری دادگای میکونووس بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی پێوەندی سیاسیی خۆیان بۆ ماوەی ٧ مانگ لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕابگرن و لە ئاکامدا لەگەڵ ئەو نیزامە گەیشتنە ڕێککەوتن کە چیدیکە لە ئورووپا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام نەدا.

٣) حوکمی دادگای میکونووس پەیامێکی ڕوون بوو دەوڵەتە زلهێزەکان و کۆمەڵگەی جیهانی کە بە گوشار و شێلگیری و لیبڕاوییان دەتوانرێ لە زۆر بابەت و مەسەلەدا پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکەن.

٤) حوکمی دادگای میکونووس ئەوە ڕاستییەی دەرخست کە ئەو هێزە دەرەکیانە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا لە ژێر فەرمان و بڕیاری ڕێبەری ئێران دان، ئێران تەنیا و تەنیا وەک کەرەسە و کاربەڕێکەر چاویان لێ دەکا و لە کاتی گیران و دەستبەسەرکردنیان کۆماری ئیسلامی خۆیان لێ بێبەری دەکا و هەوڵ دەدا هەموو ئاسەوارەکانی پێوەندییان لەگەڵ تیمی تیرۆر یا دستە و تاقمی تیرۆریست پاک بکاتەوە و خۆی لێ بێبەری بکا.


٥) حوکمی دادگای میکونووس دەستی ئێرانی ڕوو کرد. چونکە داوای دەرچوونی ئەو حوکمە ئیدی کۆماری ئیسلامی وەک جاران نەیتوانی بە بیر و ڕای گشتیی ئێران و جیهانی بڵێ کە ئەو تیرۆرە کاری دووبەرەکی و یەکتر قەبووڵنەکردنی ئۆپۆزسیوونە واتە نەیتوانی کردەوە تیرۆریستییەکانی بە سەر ئۆپۆزسیوون و لایەنی دیکەدا بێنێ و خۆی لێ بێبەری بکا.

٦) حوکمی دادگای میکونووس لە نێوخۆی ئێرانیشدا لە لایەن خەڵکەوە کاردانەوەی لێ کەوتەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بوو هەتا ڕادەیەک فەزای سیاسی لە ئێراندا بکاتەوە و ئیسلاحتەڵەبەکان کە خاتەمی نوێنەرایەتیی دەکردن، بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەڵێن کە بڕیاری دادگای میکونووس ١٠ هەتا ٢٠ لەسەد کاریگەریی بووە لە سەر کردنەوەی فەزای سیاسی و ئازاد لەو سەردەمدا؛ بەڵام بە خاترجەمی دەتوانین بڵێین کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونووس لەسەر کرانەوەی فەزای سیاسی لە نێوخۆی ئێران زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر بووە کە ئیسلاحتەڵەبەکان باسی دەکەن. بەڵام ئەوە کە لەوە زیاتر خەڵک و چالاکانی سیاسی نەیانتوانیوە بە شێوەی پێویست کەڵک لەو کرانەوەیە وەربگرن باسێکی دیکەیە. لێرەدا پێویستە وەبیربێنینەوە لەگەڵ ئەوەدا دادگای بێرلین زۆر ئازایانە و چالاکانە و دادپەروەرانە بەڕێوەچوو، بەڵام هەتا ئێستا ئەو پەروەندەیە دانەخراوە و نەگەیشتۆتە دواقۆناغی خۆی، چونکە هێندێک لایەنی نارۆوونی ماونەوە و بۆ وێنە هەتا ئێستا ڕوون نەکراوەتەوە کە چ کەسێک زانیاریی ئاوا ڕوونی هەبوو لەسەر کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی؟ یان ئەوەی مەسەلەی شێواوی لە کاتی بانگێشتن بۆ کۆبوونەوەکە بە مەبەست بووە یا بە ڕێکەوت وای بەسەر هاتووە؟ ئەوانە هێشتا ڕوون نەبوونەتەوە. هەروەها بڕیاردەر یان بڕیاردەرانی ئەو تیرۆرە هەتا ئێستا لەبەر دەم دادگادا ئامادە نەبوون و سزا نەدراون.

لەو پێوەندییەدا ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شانی تێکۆشەرانی دێموکرات و هەموو ئازادیخوازان ئەوەیە کە نابێ ئیزن بدەین تیرۆری میکونووس و هەموو کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بچنە خانەی لەبیرچوونەوە و پێویستە بە دائیم کار بۆ ئەوە بکەین کە لە بیر و زەینی گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستان و بیر و ڕای جیهاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە و سیاسەتی تیرۆریزمپەروەرەی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قاو بدرێ چونکە هەتا ئێستای لەگەڵ بێ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەستیان لە تیرۆری جیابیران و دژبەرابەرانی خۆیان هەڵنەگرتووە و لە پەروەردە و هەناردەکردنی تیرۆریست بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران خۆی نەپاراستووە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەگەر تیرۆری میکوونووس بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان و سەراسەری ئێران خەسارێکی گەورە بوو، بەڵام بەڕێوەچوونی دادگای بێرلین (میکوونووس) و حوکمی ئەو دادگایە توانی هەتا ڕادەیەک قەرەبووی ئەو بێ عەداڵەتی و نادادپەروەرییە بکاتەوە کە لە تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ویەن دەرحەق بەو شەهیدانە و حیزبی دێموکرات و گەلی کورد کرا.




## بەشداریی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەولێر لە سیمیناری «HDP» بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد



ڕۆژی شەممە ١٨ی خاکەلێوە لە سەر بانگهێشتی پارتی دێمۆکراتی گەلان شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان ئیبراهیم زێوەیی و مەولوود سوارە، ئەندامانی ڕێبەریی حیزب لە کۆبوونەوەیەکدا کە بۆ بەشێک لە حیزبەکانی چوار پارچەی کوردستاندا پێک هاتبوو، بەشداریی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا پەروین بوڵدان، هاوسەرۆکی «هادەپ» لەسەر پرسی کورد لە باکووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان قسەی کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا خستە سەر پێویستیی یەکریزی و یەکبوونی کورد و لەو پێوەندییەدا بەسترانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی بە گرینگ و زەرووری زانی. لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانی خۆی لەسەر قسەکانی خاتوو پەروین بوڵدان دەربڕی و سیاسەت و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ پرسە هەنوکەییەکانی کوردستانی شی کردەوە. لە دوابڕگەی کۆبوونەوەکەدا عوسمان بایدەمیر باسێکی لە سەر دۆخی نالەباری کورد و ناتەبایی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کرد و بەتایبەت فۆکۆسی زیاتری خستە سەر پرسی کورد لە ڕۆژاوا و باشوری کوردستان.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزب لە فستیڤاڵی ساڵانەی «بۆ گد»



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فستیڤاڵی ساڵانەی «بۆ گد» کە لە گوندی «بۆ گد» هەڵکەوتوو لە باشووری خۆرهەڵاتی شاری کۆیە بەڕێوەچوو، بەشدارییان کرد. لەو فستیڤاڵەدا کە کۆمەڵێک بڕگەی هونەریی لەخۆگرتبوو، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ فستیڤاڵ خوێندرایەوە. لە بەشێک لە پەیامی هەیئەتی حیزبدا هاتبوو: وەکوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ساڵانە دەیان نموونە چالاکیی هاوشێوە بۆ خزمەت بە پاراستنی کەلتوور و شووناس و سرووشتی نیشتمانەکەمان لە سەردەستی کەسانی خەمخۆر بەڕێوەدەچێ و کۆی ئەمجۆرە چالاکییە ژینگەیی و کەلەپوورییە دەتوانێ لە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی شوێندانەر بێ. شیاوی باسە گەنجان و دڵسۆزانی نەتەوەیی گوندی «بۆ گد» لە ساڵانی ٧٠ی زایینییەوە تا ئێستا لەژێر چاودێریی ڕیش سپی و پیاو ماقووڵانی ئەو گوندە، لە بۆنە نەتەوەییەکان وەکوو نەورۆز و ڕۆژی ئاڵا و یادی ئەنفالکراوەکان چالاکییان بووە کە یەکێک لەو چالاکییانە بەڕێوەبردنی «فستیڤاڵی ساڵانەی بۆ گد»ە.

## کۆبوونەوەی شاندێکی کۆمیتەی نۆروێژ لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هێلسینکی_نۆروێژی



هەیئەتێکی کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هێلسینکی نۆروێژی کۆبوونەوە و پرسی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، تیرۆری سیاسی بەهۆی کۆماری ئیسلامی و، ڕەوشی بەندییە سیاسییەکان و ئێعدامەکان لە ئێران و لە سێدارەدانی زیندانیانی سیاسییان تاوتوێ کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا سۆران شێرزاد، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب؛ کەریم ئەڵڵاوەیسی، بەرپرسی بەشی پێوەندییە نۆروێژییەکان و ئیدریس ئابدە هاوکاری کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ لەگەڵ «گونار ئیکووی شیلدال» لە بەرپرسانی باڵای ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هێلسینکی نۆروێژی لە ناوەندی ئەو ڕێکخراوە لە ئۆسلۆ کۆبوونەوە. پرسی کورد و مافی نەتەوەکان لە ئێران، کوشتنی سەرەڕۆیانەی کۆڵبەرانی کورد، بارودۆخی زیندانیانی سیاسیی کورد، کوژرانی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ژێر ئەشکەنجەدا، بەردەوامی تێرۆری چالاکانی سیاسی لە دەرەوەی سنوورەکان بەهۆی کۆماری ئیسلامی چەند تەوەری باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

## ڕێوڕەسمی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی خاکەلێوە لە ڕێوڕەسمێکدا ڕۆژیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات بەرز ڕاگیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوان، لەسەر ئەو یادە و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە پرسی لاوان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چەند ئامادەبووان قسەی کرد. ئیستنداپی پێکەناویی شۆڕش ئەڵڵاوەیسی، چەند سروودێک بە دەنگی پێشمەرگەی هونەرمەند ڕێبوار حەسەنی، خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن «موژگان عەلیپوور» و گۆرانییەک بە دەنگی هێمن کەریمی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون. ڕێوڕەسمی تایبەت بە ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داگیرساندنی مۆمی ٧٦ ساڵەی ئەو یەکیەتییە لە لایەن مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزب و نواندنی شانۆیەکی تەوساوی لە دەرهێنانی کۆڕی هونەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆتایی هات.

# خەڵک لە نێوان بەرداشی «بێ متمانەیی» بە ڕێژیم و «بێ هیوایی» بە داهاتوو



سمایل شەرەفی



هاوتەریب لە گەڵ گەشەی کۆمەڵایەتی، پشتبەستن بە «متمانە» دەبێتە بەشێک لە شعووری هەر کۆمەڵگەیەک. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا ڕەفتار و هەڵسووکەوتەکان پشتئەستوور بە زەمانەت و گەرەنتین. واتە کۆمەڵگە بە دەرک و تێگەیشتنێکی درووست لە وەزعی مەوجوودی نادڵخواز، بەرەو ئامانجێکی ڕوونی خاوەن گەرەنتی هەنگاو دەنێ و بە قازانج و دڵخوازی خۆی بە «متمانە»وە گۆڕان بە سەر دوخی ئاراییدا دەهێنێ. بێگومان گەڕان بە دوای «متمانە»دا، نیشانەی جۆرێک لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە کە بەدوای خۆیدا مەعریفە دروووست دەکا. هەرچەند چەمکی مەعریفە لە پرسی کۆمەڵناسیدا تۆمەتبارە بە دروووستکردنی گەراکانی محافزەکاری و کۆنسێرڤاتیزیم، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ ئەو حەقیقەتە کاڵ بکاتەوە کە مەعریفەیە ڕەفتاری کۆمەڵگە لە سەر گەڕان بەدوای گەرەنتی و دروووستکردنی «متمانە»دا بیچم دەدا.

***

کۆمەڵگەی ئێران دوای ئەزموونکردنی هەزاران ساڵ لە نیزامی سیاسیی پاشایەتی و خەباتی دەیان ساڵی پڕ لە گۆڕانکاریی جیهانیی خەبات و ڕۆشنگەری بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و بێدادیی ئەم سیستەمە، لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا ناچار بە قبووڵکردنی نیزامێکی تاقینەکراوەی سیاسی بوو کە ئێستا هیچ «متمانە»یەکی پێ ناکرێ. کۆمەڵگەی ئێران لە ماوەی ئەم نزیک بە چوار دەیە لە نیزامێکدا کە ئێستا هیچ «متمانە»یەکی پێی نەماوە، بە کۆمەڵێک ڕەفتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و.... لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕێژیمەدا دەریخستوە و نیشانی داوە کە گۆڕانێکی قوڵی بەسەردا هاتووە. لەم گۆڕانکارییانەدا کە دەکرێ لە بواری جیاجیادا لێکدانەوەی بۆ بکرێ _کە ئامانجی ئەم نووسینە نیە_ پشتبەستن بە «متمانە» و گەڕان بەدوای گەرەنتیدا بۆ هەنگاوهەڵێنانەوە بەرەو داهاتوو و دەربازبوون لە وەزعی مەوجوود، سێبەری بە سەر تەواوی ڕەفتار و هەڵسووکەتەکانیدا کێشاوە! دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی باکووری ئافریقا، زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی تەنیا بە پشتبەستن بە بێ«متمانە»یی خەڵکی ئێران بە ڕێژیمی دەسەڵاتدار و بەستێنی نارەزایەتییەکان، پێیان وابوو گۆڕانەکان بە خێرایی ئێرانیش دەگرێتەوە! بەڵام دیتمان کە نەتەنیا بەم جۆرە نەبوو، بەڵکوو لە دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەم وڵاتەدا هەر ئەم خەڵکەی کە هیچ «متمانە»یەکی بە ڕێژیم نیە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو «بەشداری» کرد! لە بەرانبەریشدا هەبوون کەسانێک کە پێیان وابوو، ڕاست بە پێچەوانەوە؛ ئاکامی ئەم شۆڕشانە (شەڕ، وێرانی، کوشت وکوشتار، پەرەسەندنی توندوتیژی ، ناسەقامگیری و....) کاردانەوەی پێچەوانەی لە نێو «کۆمەڵگەی ئێران»دا لێ دەکەوێتەوە کە تا ئێستایش هەر وایە. خەڵکی ئێران بە تایبەت لەو ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتیتر لەم چەند مانگەی دوایەدا، ڕاشکاوانە ئەو پەیامەیان گەیاندوە کە لە هیچ ڕوویەکەوە کەمترین «متمانە»یان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەماوە و قسە لە گۆڕانی ڕێژیم لە تەواویەتی خۆیدا دەکەن. بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نیە بۆ تێپەڕین لە ڕێژیم و هەنگاونان بەرەو داهاتوو. لێرەدایە کە قسەکردن لە سەر «متمانە» و جۆری ڕوانین و ڕەفتاری کۆمەڵگەی ئێران بۆ گۆڕانکاریی سیاسی لە داهاتوودا مانای ڕاستەقینەی خۆی پەیدا دەکا. ئەگەر بۆ درێژەدانی باسەکە خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ساڵی پار وەک ڕەفتارێکی گشتیی خەڵکی ئێران و چوونەسەرێی نرخی دراوی بیانی لەم مانگەدا بە نموونە بهێنینەوە، دەردەکەوێ کە ئەم کۆمەڵگەیە کە لە چ «بێمتمانە»ییەکی هەمەلایەنەدا دەژی. خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانبار و دروووشمەکانی خەڵک و داخوازییەکانیان و، لە کۆتاییدا بەبێ ئاکام مانەوەی نارەزایەتییەکان زیاتر لە هەمیشە ڕاستییەکی دیکەی ڕوونتر لە جارانی دەرخست کە ئەویش نەبوونی ڕێبەری و نەبوونی ئاڵترناتیڤە. خەڵک لەم دەرکەوتنەی دوایی خۆیدا دژ بە دەسەڵات بە تەواوەتی هەستی بە بێپشت و پەنایی کرد، هەستی کرد کە کەس یان لایەنێک نیە کە بتوانێ «متمانە»ی پێ بکا و بە ڕێبەری خۆی بزانێ. ئەم بێ«متمانە»ییە ئەگەر لە لایەک بەمانای نەبوونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ داهاتوو و نەبوونی ڕێبەری بۆ سەرهەڵدانی یەکجاری دژ بە نیزامی سیاسیی ئێستا و کۆتاییپێهێنانی بە نەرێنی دێتە ئەژمار، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بە ئەرێنی سەیری بکرێ بەو مانایە کە چیدیکە کۆمەڵگەی ئێران ناتوانێ ئەزموونی ٤٠ ساڵ پێش ئێستای خۆی ئەزموون بکاتەوە.

> خەڵکی ئێران بە تایبەت لەو ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتیتر لەم چەند مانگەی دوایەدا، ڕاشکاوانە ئەو پەیامەیان گەیاندوە کە لە هیچ ڕوویەکەوە کەمترین «متمانە»یان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەماوە و قسە لە گۆڕانی ڕێژیم لە تەواویەتی خۆیدا دەکەن. بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نیە بۆ تێپەڕین لە ڕێژیم و هەنگاونان بەرەو داهاتوو. لێرەدایە کە قسەکردن لە سەر «متمانە» و جۆری ڕوانین و ڕەفتاری کۆمەڵگەی ئێران بۆ گۆڕانکاریی سیاسی لە داهاتوودا مانای ڕاستەقینەی خۆی پەیدا دەکا.

ئەزموونی شۆڕشی ١٣٥٧ تا ئێستایش بە زیندوویی لە بیروزەینی خەڵکی ئێراندا ماوەتەوە. لە جەریانی بەرزبوونەوەی نرخی دراوی بیانی لە ئێران لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کە بێگومان گوشارێکی زۆری ئابووری خراوەتە سەر خەڵک، ڕەفتاری کۆمەڵگە ڕاست بە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە لێی چاوەڕوان دەکرێ. خەڵک بە جێی دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بەم دیاردەیە و داوای چارەسەریی ئەم قەیرانە لە دەوڵەت، بە لێشاو هانا دەبەنە بەر گۆڕینەوەی مەوجوودیی خۆیان بە دراوی بیانی! ئەمە لە حاڵێکدایە کە خودی ئەم ڕەفتارەی خەڵک زیاتر کار لە سەر گوشاری ئابووری بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان دەکا. هەمووی ئەم ڕەفتارە دژ بەیەک و بێئاکامانە لە قەزیەیەکی کورتخایەنی ئابووریی ئاواوە بگرە تا خۆپێشاندانە جەماوەرییە چەند حەوتوویەکەی مانگی بەفرانباری ساڵی پار، هەر هەمووی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەرەسەندی بێ«متمانە»یی کۆمەڵگەی ئێران بە ڕێژیم، بە ئۆپۆزیسیون (وەک ئاڵترناتیڤی داهاتووی سیاسیی لە وڵات) و بەداهاتووی خۆیانەوە هەیە. ئەوەندەی پێوەندیی بە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە، بێگومان ئەم ڕێژیمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ هیوای بەوە هەبێ کە جارێکی دیکە بتوانێ متمانەی لەدەستچووی لە نێو خەڵکی ئێراندا وەدەست بهێنێتەوە. ڕەوتی ڕیفۆرمخواز دەیتوانی ببێ بە دەرفەتێک کە خەڵک «متمانە»ی پێ بکەن و ئەم نیزامە لە پرۆسەیەکی زەمەنیدا گۆڕانێکی نسبیی لەخۆیدا پێک بێنێ. هەرچەند بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە بەشێک لە خەڵکی ئەم وڵاتە بە هیوای گۆڕانی هەنگاوبەهەنگاو و بە پشتیوانی و لایەنگری لە باڵێکی ئەم ڕێژیمە، دەرفەتیان بەم نیزامە بەخشی کە گۆڕان لە خۆیدا پێک بێنی و «متمانە»ی کۆمەڵگە وەدەست بهێنێ، بەڵام وەک دەرکەوت هەموو ئەو دەرفەتانە لە دەستچوون. ئەوەندەی پێوەندی بە داهاتووی ئەم وڵاتەوە هەیە، خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر و بە پێی زەرفییەتەکان و تێڕوانینی خەڵک بۆ چەمکەکانی «هەزینە» و «دەسکەوت» درێژەی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی لێڵ و ناڕوونە و کۆمەڵگەی تووشی بێمتمانەیی کردوە، داهاتووی ئەم وڵاتەو جۆر و ماهییەتی سیستەمی سیاسیی داهاتوویە. ئەمەیش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و باسکردن لە ئاڵترناتیڤەوە هەیە کە بەداخەوە تا ئێستایشی لە گەڵدا بێ، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هەموو تەیف و لایەنەکانییەوە نەیانتوانیوە لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵک و گۆڕانکارییەکاندا بن، بە جۆرێک کە خەڵک وەک ئاڵترناتیڤ سەیریان ناکا و «متمانە»ی کۆمەڵگەی ئێرانیان لە پشت نیە. بە سەرنجدان بە هەموو ئەو ڕاستییانەی سەرەوە کە باسیان کرا، خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆمەڵێک مەترسیی جیدی لە سەرە کە ئەگەر تا ئێستایش ئەم مەترسیانەی لە سەر جێبەجێ نەکراوە، پێوەندی بەو گەشە کۆمەڵایەتی و فکرییەوە هەیە کە لە سەرەتادا ئاماژەیان پێ کرا. بێهیوایی، پەرەسەندنی کەمتەرخەمی، بەلاڕێدابردنی ویست و داخوازییەکانی خەڵک لە لایەن کۆمەڵێک تاقم و لایەنی تاقیکراوەی ئازادیخوازنەمای! لە ڕاستیدا کۆنەپەرەستتر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری شەڕێکی نێوخۆیی کە جیا لە وێرانی و کوشت و کوشتار و بێهیواکردنی خەڵک هیچ دەسکەوتێکی نابێ، ئەو مەترسییانەن کە هەڕەشە لە ئێرانی داهاتوو دەکەن.

> هەرچەند بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە بەشێک لە خەڵکی ئەم وڵاتە بە هیوای گۆڕانی هەنگاوبەهەنگاو و بە پشتیوانی و لایەنگری لە باڵێکی ئەم ڕێژیمە، دەرفەتیان بەم نیزامە بەخشی کە گۆڕان لە خۆیدا پێک بێنی و «متمانە»ی کۆمەڵگە وەدەست بهێنێ، بەڵام وەک دەرکەوت هەموو ئەو دەرفەتانە لە دەستچوون و ئێستا خەباتی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر و بە پێی زەرفییەتەکان و تێڕوانینی خەڵک بۆ چەمکەکانی «هەزینە» و «دەسکەوت» درێژەی هەیە، بەڵام ئەوەی لێڵ و ناڕوونە و کۆمەڵگەی تووشی بێمتمانەیی کردوە، داهاتووی ئەم وڵاتە و جۆر و ماهییەتی سیستەمی سیاسیی داهاتوویە

# ئیمپراتووری درۆ




عەلی لەیلاخ

**پێشەکی**

**درۆ و سیاسەت لە مێژە وەکوو دووانەیەکی لەیەک دانەبڕاو و هاولف چاوی لێدەکرێ و، وای لێ هاتووە کە لە ژێر کاریگەریی سیستەمە حکوومەتییەکان و ئەزموونی دەسەڵاتدارەتی ڕێژیمە جۆراوجۆرەکاندا دیوی نەدیتراوی سیاسەت بە درۆ و چەواشەکاریی بەرپرسان و ڕێبەران و دەسەڵاتداران پێناسە بکرێ و ئەمەش بێ هۆکار نیە و تاڕادیەک گرینگی هەیە کە لە بیرۆکە و بەرهەمی چەندین فیلەسوف و بیردۆزانی سەردەمدا ڕەنگدانەوەی تایبەتیی هەبووە. درۆ و سیاسەت ئەوەندەی جێگای سەرنج و وردبوونەوەیە کە خانمە فەیلەسۆف و بیرمەندی ئاڵمانی «هانا ئارێنت» لە دوو بەرهەمی ناسراوی خۆی « توتالیتاریزم « و « درۆ لەسیاسەتدا « بە وردی هەڵسەنگاندنی بۆ کردوە و بە نموونەش « فاشیزم» و توندوتیژییە هاوشێوەکانی درهاوێشتەی چەواشەکاری و درۆی سیاسەتوانانی دەسەڵاتدار دەزانێ و کەمتەرخەمی و خەمساردیی ڕووناکبیران و پاسیڤبوونی چینی کارا و لێهاتووی کۆمەڵگەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەشەی درۆ لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، بە خەسار و بە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لە قەڵەم داوە. لەم بابەتەدا هەوڵ دەرێ بە لەبەرچاو گرتنی بۆچوون و وتەکانی هانا ئارێنت، هەلومەرجی سیاسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێی توانا و مەجال خوێندنەوەی بۆ بکرێ.**

***





سیستەمی حکومەتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێگای بانگەشە بۆ کۆمەڵێک دروشمی ڕەنگاڵە و پۆپۆلیستیی وەک «شۆڕشی چەوساوەکان»، حکومەتی «عەدڵی ئیلاهی» هاتە سەرکار؛ نیزیک بە چڵ ساڵە درێژەی بە دەسەڵاتی تاکڕەهەندیی خۆی داوە و، تەنانەت بۆ پەرپێدان بە ئیقتدار و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی خۆی بە شێوەی پاوانخوازانە چاوی لە خاک و کیانی سیاسیی وڵاتانی دیکەشە. بە پێی تەبیعەتی شۆڕشەکان، دوای سەرکەوتن ئەگەر هەوڵ نەدرێ کە بەرهەمی ئەو شۆڕشە (گرژیی و ئاڵۆزی و لایەنە توندڕەوانەی) لە هێڵەگی ڕیفۆرم نەدرێ و وا نەکرێ کە دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوار شۆڕ نەبێتەوە، ئاساییە هەرجۆرە جیابیری و نارەزایەتییەک دەچێتە خانەی دژبەربوون و بە پێی بیرۆکەی ڕێژیمە خۆسەپێنەکان، ڕەوایی بە بۆچوونی خۆیان دەدەن و پەرە بە لەنێوبردن و پەراوێزخستن وکپکردنی دەنگی ناڕازییان دەدرێ. بێگۆمان بۆ ئەو مەبەستەش پلانە سیاسییەکان بە پیلان و چەواشەکارییەکان تێکەڵ دەکەن هەتا بیکەن بە تریبۆنێک بۆ ڕاکێشانی خەڵک و تیرێک لە جەستە و گیانی گلەیی و گازەندەی دژبەرانی خۆیانەوە بنێن، کە کۆماری ئیسلامی بەرهەمی وەها دۆخێکە. بە ئاوردانەوەیەک لە مێژووی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە قوناخە هەرە گرینگەکانی ئەو ڕێژیمە چ وەکوو هەوڵدان بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی سیاسی و داگیرکردنی دەسەڵات، قوناخێکە بەناوی ساڵی ٦٨ی هەتاوی واتا پاش مردنی خومەینی، کاریزمای ئایینی سەردەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی. کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق و نەمانی خومەینی پێویستیی بەوە بوو کە کەسایەتییەکی دیکە ساز بکرێ تا بتوانێ کۆماری ئیسلامی لەو قوناخە تێپەڕێنێ. ئەو کات ناوکی ئیستبدادی سایسی بە بیانووی شەڕی ئێران و عێراق هەم دەنگی ناڕازییانی نێوخۆیی و تەنانەت نیزیک بە دەسەڵاتیان کپ کردبوو، هەم بە درێژکردنەوەی ئەو شەڕە بۆ ٨ ساڵ دەرفەتێکیان خوڵقاندبوو بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی. بەمجۆرە کۆتاییهاتنی شەڕی ٨ ساڵە لەلایەک و لە لایەکی دیکەش مەرگی خومەینی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ کۆمەلێک گرفت ڕووبەڕوو کردەوە تا ئەوەی بە چەواشەکاری یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو سیستەمە بەناوی سەید عەلی خامنەیی لە جێی کاریزمای شۆڕش داندرا و کرا بە «ڕێبەری». لەو کاتەوە ستراتێژی درۆی دەستی پێ کرد و تا ئێستا درێژەی هەیە و ئاغای خامنەیی وەکوو ئیمپراتووری درۆ بە دڵەڕاوکێیەوە بەسەر موڵکی لەرزۆکی ئینکار و حاشاکردن پاڵی داوەتەوە. بە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی «وڵایەتی فەقیهـ» کە بێگومان بەشی هەرەزۆری کەمایسییەکان و خاڵە نگەتیڤەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چەواشەکردن و، پەرەپێدان بە درۆی گەورە؛ کاراکتەری سەرەکیی ئەو شانۆگەرییەش ڕێبەری نیزامە کە ئەگەر ساڵی ساڵان تەنیا لە دەرەوەی جوغرافیای ئێران بە درۆگوتن و چەواشەکردنی ڕاستییەکان تاوانبار دەکرا، بەڵام ماوەیەکە ڕەخنەگرانی ئەو شێوە سیاسەتە کە بەستراوەتەوە بە حاشا و درۆ کردن تەنانەت لەنێو خۆی وڵاتیش زیادی کردوە. وەکوو حەکایەتی «پاشا و خەیاتی فێڵباز» باس لەوە دەکەن کە شەخسی یەکەمی نیزام بە ڕووت و قووتی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، هەوڵی بەردەوامبوونی خۆی دەدا. لە دوا نموونەدا ڕێبەری نیزام وەکوو نەریتی ساڵانی پێشوو، ئەمساڵیش لە دەسپێکی ساڵی نوێی هەتاویدا و بەتایبەتی لە یەکەمین ڕۆژی نەورۆز لە شاری مەشهەد ڕوو بە خەڵکی ئێران و دەرەوەی ئێرانیش پەیامێکی بڵاوکردەوە کە بە جۆرێک بەرنامەڕێژی و ستراتێژیی ناوەندە ئەمنی و سیاسییەکانی ڕێژیمە کە...

٩

## ٩٦، ساڵی پەردە لادران لەسەر قەیرانە ئابوورییەکانی ڕێژیمی تاران

ئەحمەد محەممەدی

سەرباری ئەوەی کە پێشتر لە سۆنگەی پاشەکەوتی دراو و دەزگای چاپی پارەی بانکی ناوەندیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەشێکی زۆری قەیران و ناڵیهاتوویيە داراییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران پەردەیان وەسەر کشابوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٩٦دا ئەو پەردەیە لادرا و ئیدی بیانووی دەوڵەتی «ئیعتیدال» و باشبوونی دۆخی ئابووری پاش ڕێککەوتنی ئەتۆمیش پەتەیان کەوتە سەر ئاو؛ تەنانەت هەڵگیرانی بەشێک لە گەمارۆ ئابوورییەکان، گەڕانەوە بۆ بازاڕی نەوت، بەخشران لە کەمکردنەوەی بەشە وەبەرهێنانی نەوت، هەڵکشانەوەی نرخی نەوت و هاتوچۆی چەند وەفدێکی بازرگانیش بۆ ئێران هیچیان پێ نەکرا و قەیرانە شاراوەکەی ئابووریی ڕێژیم پەردەی لەسەر لادرا و وڵات تەکانێکی بەرچاوی وێ کەوت. دەوڵەت لە ئامارە ڕەسمییەکانیدا وای نیشان دەدا کە پاش ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکە هەناردەکردنی نەوت دوو هێندە بووە، سەدان وەفدی بازرگانی و وەبەرهێنەری بیانی سەردانی تارانیان کردووە، سەرمایەگوزاریی نێوخۆیی و دەرەکی زیادیان کردووە، تەنانەت گەشەی ئابووری لە سەتا ٦ تێپەڕیوە، کەچی ئەوەی دیترا پێچەوانە بوو؛ دامەزراوە دارایی و بانکییەکان مایەپووچ بوون و پارەی خەڵکیان پێ نەدرایەوە و خەڵک ڕژانە سەر شەقام، کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان مووچەی کرێکارەکانیان پێ نەدرا و کرێکاران ڕژانە سەر شەقام، سندووقەکانی خانەنشینی دەستیان لە بنی هەنبانەکەیان گەڕا و مووچەخۆرانی خانەنشین ڕژانە سەر شەقام، بێکاران هەرچی بەدوای کاردا گەڕان کاریان وەدەست نەکەوت و ڕژانە سەر شەقام. هەمووی ئەم ناڕەزایەتییانە لە مانگی بەفرانباردا پێکەوە کۆ بوونەوە و خەڵکی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران بە دروشمی زۆر ڕادیکاڵەوە هاتنە سەر شەقام و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان کرد. کەچی وەکوو عادەتی دەیان ساڵەی خۆی، ڕێژیم بە ئاگر و ئاسن بەرەنگاری خۆپێشاندەران بووە و کوشتنی و گرتنی و سەرکوتی کردن. بەڵام ئەو سەرکوتە تەنیا ئازارشکێنی ئازارە قورسەکانی ڕێژیم بوو، چونکە دەردەکە و تەزووەکەی کە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە بە شێوەی هێزەکی هەر ماوە. ڕەگی ئەو قەیران و ناڕەزایەتییانەی کە لە ساڵی ١٣٩٦دا وەدیار کەوتن، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دوای کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق و سەرەتای دەیەی ١٣٧٠ی هەتاوی، کە ڕێژیم بە ناوی سپاردنی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان بە کەرتی تایبەتەوە، بەشی گرینگ و زۆری ئەو کۆمپانیایانەی بە ناوی دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەتییەکانەوە کرد، لە سەرووی هەموویانەوە سپای تیرۆریستیی پاسداران کە لەو ڕێگایەوە توانی دەست بەسەر زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی داهات و ئابووریی ئێراندا بگرێ و بەرنامەی هەناردەی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ وڵاتانی ناوچەکە پێ جێبەجێ بکا، کە ئەمرۆ دەبینین لە چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەیان گرووپی میلیشیای مەزهەبی و تیرۆریستیی پێک هێناوە و لەسەر حیسابی خەڵکی ئێران تێچووەکانیان دابین دەکا. ڕێژیم هەر بەوەندەوە نەوەستا کە بە ناوی کەرتی تایبەتەوە دامەزراوە و کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە گەورەکانی ئابووریی ئێران بە دەزگای ئەمنییەتییەکانی خۆی بسپێرێ، بەڵکوو بە بیانووی کەمکردنەوەی چاودێریی دەوڵەت و لابردنی قانوون و ڕێساگەلی سنووردارکردنی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزارییەوە بواری بۆ لاوازکردنی دامەزراوەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی خۆش کرد، کە ئێستا دەبینین بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ڕێژیم، ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لە بەرەگەی مایەپووچبوون دایە، سندووقی خانەنشینی مایەپووچ بووە و بەبێ یارمەتیی دەوڵەت ـ کە لەدەستی نایە ـ ناتوانێ مووچەی خانەنشینان بدا، هەربۆیە خانەنشینان لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباردا توێژی سەرەکیی خۆپێشاندەران بوون. کاربەدەستانی ڕێژیم خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە هۆکاری سەرەکیی مایەپووچبوون و دۆخی قەیراناویی سندووقەکانی خانەنشینی و ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە دەوڵەت زۆریان پێ قەرزدارە و ناشتوانێ قەرزەکانیان بداتەوە. خۆیان ڕایانگەیاندووە، کە بە دوو ساڵ جارێک دەوڵەت یەک و نیو بەرانبەر زیاتر بەو دامەزراوانە قەرزدار دەبێ، هەربۆیە ئەمساڵ ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی تووشی ١١ هەزار میلیارد تمەن کورتهێنانی پارە دەبێتەوە. هەر لە ٦ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٦دا دەوڵەت ١٤١ هەزار میلیارد تمەن بە ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی قەرزدار بووە، بۆیە ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی ناچار بووە ٢٥ هەزار میلیارد تمەن لە بانکەکان قەرز بکا. ئەم دۆخە وێرانەی ئابووریی ئێران لە کاتێک دایە، کە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ڕێژیمیش کەوتووەتە بەر هەڕەشەی هەڵوەشانەوە لەلایەن ئەمریکاوە، کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی سەرلەبەری گەمارۆ ئەتۆمییەکان، سەرباری ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٩٦دا چەندین جۆرە گەمارۆی دیکەش بە بۆنەی بەرنامە مووشەکییەکانی ڕێژیمەوە بەسەر ئابووریی ئێراندا سەپێنراوە. ئاشکرابوونی قەیرانەکانی ڕێژیم بووەتە هۆی ئەوەی کە گەلانی ئێران وەخۆ بکەون و سەرباری سەرکوتی بەردەوام دەست لە خواستەکانی خۆیان هەڵنەگرن و درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن. لە ڕۆژانی سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستاش لە شارەکانی جوانڕۆ، بانە، مەریوان و سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند جار دووکان و بازاڕی ئەو شارانە بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە دژی داخستنی سنوورەکان و ڕێگاکانی کۆڵبەری و بازاڕە سنوورییەکانی کوردستان داخران و کاسبکاران لە بەردەم فەرمانداریی ئەو شارانەدا کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد. مانگرتنی کرێکارانی کارخانە و یەکە بەرهەمهێنەرە هێشتا لەکارنەکەوتووەکان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئێران کە ڕۆژ نیە هەواڵیان لێ بڵاو نەبێتەوە، باس لە بەردەوامیی پرۆسەی ناڕەزایەتییەکان دەکەن. ئەنجامی ئەو بابەتانەی لەسەرەوە باس کران، ئەوەیە کە ڕێژیم ئیتر ناتوانێ قەیرانەکان و ناڵیهاتوویيەکانی خۆی بشارێتەوە و خەڵکی ئێرانیش دەست لە داوا ڕەواکانی خۆیان هەڵناگرن و بەگوڕتر لە جاران دێنە مەیدانەوە.

### وتەبێژی جەیشولعەدل:

# دەسەڵات دەرفەتی چالاکیی سیاسیی لە دژبەرانی بڕیوە

دیمانە: ئازاد مستەوفی

ڕێکخراوی جەیشولعەدل ساڵی ١٣٩١ دامەزراوە و لەو کاتەوە کۆمەڵە چالاکییەکی لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە. «عێرفان شەهنەوازی»، وتەبێژی ئەو ڕێکخراوە لێدان و کردنە ئامانجی شوێن و مۆرەکانی ڕێژیم، هێرش کردنەسەر پێگە و بنکەکانی هێزەکانی چەکدار و گرفتنانەوە بۆ ئەو پیلان و سیاسەتانەی ڕێژیم کە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەلووچ و ئایینزای سوننەن، بە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی جەیشولعەدلی دەزانێ. جەیشولعەدل لەو چەند ساڵەدا توانیویەتی زیاتر لە سەد چالاکیی جۆراوجۆر بکا کە هێرشکردنە سەر پێگەی گرووپی تیرۆریستیی سپای پاسداران و بەبارمتەگرتنی چەکدارانی ڕێژیم و خستنەخوارەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان، گرنگترینیانن. بەگوێری هەندێک سیاسەت جارێ ئەم ڕێکخراوە تەنیا لە جوغرافیای بەلووچستان چالاکە کە ١٩ شارستانی پارێزگەی بەلووچستان دەگرێتەوە. ڕۆژنامەی «کوردستان» توانیویەتی وتوێژێکی تایبەت لەگەڵ عێرفان شەهنەوازی، وتەبێژی ئەم ڕێکخراوە پێک بێنێ و لەگەڵ بەڕێزیان باس لە سیاسەت و خوێندنەوەی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئێران بکا.

**بۆچی دژی کۆماری ئیسلامی خەباتتان دەست پێکرد؟**

بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان وا باشترە شوناس و کاکڵی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ چەمکی کۆماری و چەمکی ئیسلامیتان بۆ باس بکەم کە زۆر لێک دوورن و ڕێژیمی «دیکتاتۆری نفاقی» پڕ بە پێستی ئەو ڕێژیمەیە. ڕێژیمێک کە تەنانەت لەنێوخۆیشیدا بەجۆرێک سیستمەکەی داخستووە کە ئەگەر کەسانێک نەرمتر لە سیاسەتە دیاریکراوەکان بڕوانن؛ ئیزنی خۆدیتنەوە لە دەسەڵاتیان پێ نادرێ (نموونە ڕەدی سەڵاحییەتی بەربژێرەکانی سەرکۆماری). ئەم ڕێژیمەی ئێستا خەبات لە دژی دەکەین، هێندە لە گۆڕان و ئیمتیازدان بەو کەسانەی لە بازنەی هزری ئەو سیستمەدا نین دەترسێ، کە تەنانەت ئیزنی خۆدیتنەوە بەو کەسانەی نزیک لە خۆیشی نادا کە شک و گومانی هەبێ بێ ئەولا و ئەملا فەرمان و بڕیارە دەرکراوەکان جێبەجێ بکەن. کەواتە چۆن ئیزن بەوانە دەدا کە بەتەواوی بەپێچەوانەی سیاسەتە گشتی و بنەماییەکانی ئەو ڕێژیمە بیر دەکەنەوە!؟ بەدڵنیاییەوە ئەو بەستێنانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ چالاکیی سیاسی بۆ خەڵکێک کە بەپێچەوانەی سیستم بیردەکەنەوە دیاری کراون، کۆمەڵە گەمەیەکن کە ئامانج و ئاکامی لەپێشدا نووسراوە. کەواتە بۆ ئەو کەسانەی بەڕاستی خوازیاریی باشبوونی بارودۆخ و چارەسەری کێشە و ئاریشەکانی وڵاتن، ڕێگەیەک جگە لە خەبات نامێنێتەوە. لە ڕاستیدا خەباتی ئێمە ئاکامی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنی ئەو سیستمەیە.

**خەباتی ئێوە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر سیاسییە یان سەربازی؟**

شۆڕشی ئێمە، خەباتە بۆ داکۆکی لە شوناس و وڵات و ئایینمان. واتە خەبات بۆ لانیکەمی مافە مرۆییەکانی نەتەوەیەک. دیارە کاتێک مرۆڤ بۆ سەرەتاییترین مافەکانی خەبات دەکا، هەموو چەشنە بەربژێرێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاردێنێ. ئێمەش لە جەیشولعەدلدا هیچ سەرەتییەکمان بۆ چالاکی سەربازی لەچاو چالاکیی سیاسی دانەناوە، جگە لە دۆخی ئارایی وڵات و ئەو کەشە داخراوەی دەسەڵات پێکی هێناوە. بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێ کە جەیشولعەدل تەنیا خەباتی سەربازی دەکا، بەڵام دەبێ بڵێم ئەو بارودۆخەی وڵاتەکەمان پێیدا تێ دەپەڕێ، چالاکیی سیاسی تێیدا جێی نابێتەوە. چالاکیی سیاسی زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئەمڕۆ تەنیا دەرکردنی بەیاننامە و هەوڵوێستگرتنە سەبارەت بە بارودۆخی وڵات. ئەگەر بەوردی بڕوانین دەبینین ئەو وڵاتە جۆرێکە هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی ئیزنی چالاکیی نیە. واتە دەسەڵات هیچ چالاکییەک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆی قبووڵ ناکا. هەر بۆیە چالاکیی سیاسی بەو شێوەیەی لە وڵاتانی دیکەدا باوە لە ئێران ڕێگەی پێ نادرێ. لە ڕاستیدا ڕەوشەکە بۆ چالاکیی سیاسی هێندە ناخۆشە و مەترسیدارە کە هیچ هاووڵاتییەکی ئێرانی ناتوانێ بڵێ ئەمن سەر بە فڵانە حیزب و لایەنی سیاسیم. ئەندامبوون لە هەموو پارت و لایەنە دژبەرەکاندا لەلایەن دەسەڵاتەوە بە تاوان دادەنرێ و تاک تووشی سزا دەبێ. کەواتە ئێستا لەو ڕەوشەدا تەنیا باسکردن لە چالاکیی سیاسی یا هەرچەشنە چالاکییەکی دیکە بەبێ چالاکی سەربازیی کارێکی ژیرانە نیە. بۆیە لەو ماوەیەدا جەیشولعەدل زیاتر لە بواری سەربازییەوە چالاک بووە. ئێمە پێمان وایە چالاکیی سیاسی وەک یەکەیەکی فیدایی وایە کە دیوارە پتەوەکانی دوژمن تێک دەشکێنێ و بەستێنەکە بۆ چالاکیی سیاسی خۆش دەکا. بە واتایەکی دیکە ڕێژیم پەلکێشی مێزی دانوستان دەکا و ڕێژیم ناچار بەوە دەکا بۆ کۆنترۆڵی بارودۆخەکە ئیمتیاز بە دژبەران بدا.

**تاچ ڕادەیەک پێوەندیتان لەگەڵ پارتە بەلووچەکانی دیکە و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەیە؟**

هێڵی سیاسیی ڕێکخراوی جەیشولعەدل هەمیشە لە سەر ئەو بنەمایەیە کە لەگەڵ هەر ڕەوتێک کە دژی بەرژەوەندیی شوێنکەوتووانی سوننە و نەتەوەی بەلووچ نەبێ، هاوکاریی هەبێ. جەیشولعەدل پێی وایە هەڵچنینی دیوار لە نێوان پارت و لایەنەکاندا بەواتای درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمی ئاخوندییە. کەواتە پێویستە ئێمە دەگەڵ هەر ڕەوت و لایەنێک کە ئەو بنەمایانەی سەروو لەبەرچاو دەگرێ دەست بدەینە دەستی یەک و هەروەها دەستی ڕەدیشمان بە سنگی ئەو ڕەوتانەوە نەناوە و نایێنین. دیارە دەبێ بڵێم زۆربەی ڕێکخراو و لایەنەکان بەهۆی جۆری چالاکیی چەکدارانەی جەیشولعەدل حەزیان لە پێوەندیگرتن لەگەڵمان نیە کە بەدڵنیاییەوە لەو دۆخەشدا هیچی لەگەڵ ناکرێ. سەبارەت بە پارتەکەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش دەبێ بڵێم جەیشولعەدل پێوەندیی لەگەڵ زۆربەی لایەنەکان هەیە بەڵام لەگەڵ پارتە کوردی و عەرەبەکان پێوەندیی بەهێزترە.

**ئێوە داوای چ چەشنە مافێک بۆ خەڵکی بەلووچ دەکەن؟**

نەتەوەی بەلووچ لەمێژ ساڵە لە زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی بێبەشە و زوڵمی لێ دەکرێ. ئێمە دەڵێین ئەو کەرامەت و ماف و ڕێزەی لە هاووڵاتییەکی شیعەی فارس زمانی تارانی دەنرێ لە هاووڵاتییەکی سوننەی بەلووچیش بنرێ.

**ڕاتان لەسەر سیستمی داهاتووی ئێران چیە، ئایا لەگەڵ فیدراڵیزم بۆ ئێران هەن؟**

پێمانوایە دەبێ هەموو ڕەوت و لایەنەکان لەسەر ئەم بابەتە پێوەندی و دانوستانیان هەبێ تا بە ئاکامێکی دروستی وا بگەن کە پارێزەری بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی ئێران بێ. لەسەر فیدراڵیزمیش ئەمن پێموایە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە ڕابردووشدا هەمیشە بە شێوەی فیدراڵیزە و حکوومەتی خۆجێییەوە ئیدارە کراوە. بەڵێ پێموایە فیدراڵیزم باشترین بەربژێرە بۆ ئێران.

**بەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە بەربەرینانەی ئێرانی گرتۆتەوە، پێتانوایە داهاتووی خەبات دژی سیستمی گەندەڵ ویلایەتی فەقیهـ چۆن دەبێ؟**

پێموایە نارزایەتییەکان چوونەتە قۆناغێکی تازەوە کە پێشتر نەبینراوە. ئەو ناڕەزایەتییانە بە پاڵ کێشەی نێوخۆیی دەسەڵاتداران و هەروەها گەندەڵیی بەربەرینی نێو بازنەی دەسەڵات و گوشارە نێودەوڵەتییەکان دەتوانێ بۆ هەمیشە پرێسکەی ویلایەتی فەقیهـ تێکەوەوە پێچێ. دیارە ڕێژیمیش دەستی لەسەر دەست دانەناوە و بۆ سواربوون بەسەر ئەو بارودۆخەدا هەنگاوی ناوە و خەریکە. چالاکی و هەوڵەکانی ڕێژیم و کێشە و دووبەرەکیی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و، هەروەها نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەیشتن بە ڕوانینێکی هاوبەش و یەکگرتوو بەم زوویانە، دەتوانێ خەڵکی وڵات وەک گرنگترین بەشی پازڵی ڕووخاندنی ڕێژیم لە درێژەدان بە ناڕەزایەتییەکان دڵسارد بکاتەوە و ئەو کەشەی ئێستا، لە گەرموگوڕی بخا.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران چ زوڵم و زۆرییەک لە خەڵکی بەلووچ دەکا؟**

لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا و یان ئەگەر وردتر بڵێم لە ماوەی ٩٠ ساڵی ڕابردوودا نەتەوەی بەلووچ نەک هەر لە مافەکانی بێبەش کراوە، بەڵکوو بەجۆرێک لە جوغرافیای ئێراندا پشتگوێ خراوە. دیارە گوشارەکان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەگوێرەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی سیستم لەسەری دەڕوا، زۆر زیاتر بووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی بەلووچ بەتەواوی لە ئیدارەی وڵات و تەنانەت پۆست و بەرپرسایەتییە باڵاکانی پارێزگەی بەلووچستان و هەروەها بەرپرسایەتییە سەربازیی و ئەمنییەتییەکانیش بێبەش بێ. نەتەوەی بەلووچ لە دوو ڕوانگەی نەتەوەیی و ئێتنیکییەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە زوڵمی لێ دەکرێ. بەواتایەک نیشتمانی بەلووچەکان لەلایەن دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهەوە بەبێ ئەوەی ڕێز لە بەرژەوەندیی خاوەنەکانی بگیرێ، داگیرکراوە. لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵات وەک نەتەوە داگیرکراوەکانی دیکەی ئێران هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێمە دەکا و بەردەوام هەوڵ دەدا زمان و فەرهەنگ و ئایینزای خۆی بسەپێنێ. ئەم چەشنە ڕوانینە لە نەتەوەی بەلووچ بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو نەتەوە مەزنە لە هەموو پێوەرە خۆشبژێوی، پەروەردەیی و تەندروستییەکاندا بکەوێتە ڕیزی ئاخر. لە بەلووچستان لە هەموو شوێنێک زیاتر واز لە خوێندن دەهێنرێت. قوتابخانەکانی بەلووچستان نزمترین ئاستی ستانداردیی پەروەردەیی وڵاتیان هەیە و شارەکانی بەلووچستان بەتایبەت چابەهار و زاهیدان لەچاو حەشیمەتەکەیان لە ڕیزی پەڕاوێزنشینترین شارەکانی ئێرانن. بێکاری بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک ڕوو لە هەندێ کار و پیشەی وەک کڕین و فرۆشتنی سووتەمەنی و شتی وا بکەن کە ساڵانە دەیان کەس لەوان دەکەونە بەر تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و گیانیان لێ دەستێنرێ. کاتێک باشتر و ڕوونتر لەو زوڵمەی کە لە نەتەوە بەلووچ دەکرێ، دەگەین کە دەبینین دەیان هەزار بەلووچ بێ پێناسەن. واتە بەکردەوە لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا کۆماری ئیسلامی پشتگوێی خستوون و هەر چەشنە هەوڵێکیان بۆ گەیشتن بە شووناسی ئێرانیبوونیان لەلایەن دەسەڵاتەوە تووشی شکست هاتووە.



**زۆر سپاسی ئێوە دەکەین بۆ ڕەخساندنی ئەم هەلە کە بتوانین زیاتر لە دۆخی خەباتەکەتان و هەروەها بارودۆخی خەڵکی زوڵملێکراوی بەلووچ ئاگەدار بین.**

هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەش.

# کوردستان

## لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی


### (کوردستان لە گەمەی وڵاتە زلهێزەکاندا)



د. کامران ئەمین ئاوە

لە کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ی زایینیدا، ڕۆژئاوای ئاسیا پاش چەندین سەدە شەڕ و دژبەریی ئێران و عوسمانی، تووشی گۆڕانێکی خێرا هات. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیک، هەر وەها نیشتمانی کوردان بوو بە مەیدانی ململانێی زلهێزە جیهانییەکان وەکوو ڕووسیە، ئینگلیس و فەڕانسە، و پاشان ئوتریش (نەمسا) و ئەڵمان کە بە هۆی لاوازبوونی تورکەکان خەریکی مامەڵەکردن لەسەر خاکی عوسمانی بوون. بۆ وێنە فەڕانسە دەستی بەسەر باکووری ئەفریقادا، بریتانیا بەسەر ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی مدیترانەدا و ئوتریش و ئیتالیاش دەستیان بە سەر باڵکان و ناوچەی دەریای سووردا گرت. شەڕەکانی ڕووسیە_عوسمانی و ڕووسیە_ئێران لە دەیەی ١٨٢٠ی زایینیدا بوون بە هۆی پێوەستبوونی گورجستان، باکووری ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستان بە ڕووسیە و نیزیکبوونەوەی سنووری ئەم وڵاتە لە کوردستان و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی مۆسکۆ لە سەردەمی تزاردا، هەروەها باڵشویکەکان پاش بە دەسەڵاتگەیشتنیان لە ئۆکتۆبری ١٩١٧ی زایینی لە ژیانی سیاسی و چارەنووسی دواتری کورداندا.
لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینیدا کوردستان بەگشتی هاتە نێو گۆڕەپانی ململانێ و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە و ئینگلیسەوە. هەتا کۆتایی ئەم سەدەیە، سەرەڕای گۆڕانی بارودۆخی نێونەتەوەیی لەم ناوچەیەدا، بەستێنێکی باش بۆ گەشەسەندنی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کورد پێک هاتبوو؛ بەڵام ڕکەبەریی وڵاتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیە لەسەر کوردستان، هەروەها بەرژوەندییان لە مانەوەی دەسەڵاتی تاران و ئەستەنبووڵێکی لاواز و دەستەمۆدا، بووە بەربەستێکی جیددی لەبەر دەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بارودۆخی ناوچە تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی هات، ترسی ڕووسیە و بریتانیا و فەڕانسە لە ئەڵمان کە بە هۆی گەشەکردنی خێرای هێزی سەربازی و ئابووریی تێ دەکۆشا جێ پێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هێزتر بکا، بوو بە هۆی نزیکبوونەوەی ئەم کۆنە ڕەقیبانە، هەروەها دابەزینی هەستیاریی لەندەن و پاریس لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران و عوسمانی کە بۆ پێشگیریی لە دەستدرێژیی ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگرت. گرێبەستی ئینگلیس و ڕووسیە لە ٣١ی ئاگوستی ١٩٠٧ی ز لە پێوەندی لەگەڵ ئێران، ئەفغانستان و «تەبەت»دا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی ئەم سیاسەتە بوو. بەپێی ئەم گرێبەستە تەواوی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران واتە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە ناوچەی ژێر نفووزی ڕووسیە، و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیس. ئەڵمان کە پشتیوانی عوسمانی بوو تێ دەکۆشا تەواوی ئەو وڵاتە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و پەرە بە نفووزی خۆی لە ئێراندا بدا. وا دەهاتە بەرچاو کە گۆڕانی بارودۆخی نێونەتەوەیی و هەوڵی وڵاتە زلهێزەکان بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان و بەتایبەتی عوسمانی و ئێران، هەروەها پشتگیریی ئەوان لە گەلی کورد ڕێخۆشکەری سەرکەوتنی کوردان و پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێ، تا ئەو ڕادەیە کە بەشێک لە ڕێبەرانی کورد وەکوو عبدوڕەزاق بەدرخان لە سەردەمی تزار و خالید بەگ جوبرانلی(١) لە دەورانی باڵشویکەکاندا دەیانەویست لە ژێر سێبەری ڕووسیەدا کوردستانێکی سەربەخۆ پێک بێنن، بەڵام ڕووسیە و تەواوی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان تەنیا بە پێی پێگە و وەزعییەتی ستراتێژیکیی کوردستان لە ناوچەکانی ئاناتۆلی، باشووری قەفقاز، ئێران و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، دەیانەویست لە پێناوی سیاسەتە داگیرکەرانە و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کەڵکی لێوەربگرن، دەنا قەت پاڵپشتێکی ڕاستەقینە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبوون. بەم پێیە لە کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاست و دەستپێکی چەرخی نوێدا، کوردستان شوێن و پێگەیەکی تایبەتیی لە پێوەندییەکانی عوسمانی و ئێران، هەروەها ڕووسیە و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا هەبوو، کە تەواوی هێزی خۆیان خستبووە گەڕ هەتا هێژێمۆنیی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نیزیک واتە شوێنێک کە کوردستان نەخشێکی ستراتێژیک و ناوەندیی تێدا هەبوو، مسۆگەر بکەن. یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاگوستی ١٩١٤ی ز لە نێوان ئوتریش_ئەڵمان و بەرەی ئینگلیس، فەرانسە و ڕووسیەدا، دابەشکردنی وڵاتە کۆلۆنییەکان (داگیرکراوەکان) بوو. شەڕی یەکەمی جیهانی (ئاگوستی ١٩١٤_ نوامبری ١٩١٨ز) وەکوو گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم، بوو بە هۆی زیانێکی گەورەی ماڵی و گیانی لە ئاستی جیهاندا. لەم شەڕەدا ٧٣ میلیۆن و ٥١٥ هەزار هێزی نیزامی بەشدارییان کرد[٦٠ میلیۆنی ئورووپایی بوون(٢)]، ئاکامەکەی ١٠ میلیۆن کوژراو، ٢٠ میلیۆن بریندار و سەقەتکراو(٣)، هەروەها مردنی ١٠ میلیۆن بە هۆی نەخۆشی پەتایی(٤) و برسییەتی، و نوقمبوونی شەش هەزار کەشتیی بازرگانی بە بارەکانیانەوە بووە.(٥) لە کوردستانیش ئەم شەڕە گەلی کوردی بە گشتی تووشی زیان و ئازارێکی زۆری ماددی و ئینسانی کرد. شەڕی یەکەمی جیهانی لە کوردستان هۆکاری قاتوقڕی و مردن بە هۆی برسییەتی، نەخۆشی، تاڵان و وێرانکردنی شار و گوندەکان بوو. گۆڤاری «رعد» ڕێکەوتی ٢٢ی نوامبری ١٩١٧ی ز لەم پێوەندییەدا باس لە نەبوونی نان و دانەوێڵە و مردنی ڕۆژانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی برسییەتییەوە دەکا. مەک داول لە کتێبی «مێژووی هاوچەرخی کورد»دا باس لە هەژاری و داماویی و برسییەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئێران بە هۆی وێرانکردنی دێهاتی ئەم ناوچەیە لە لایەن سپای ڕووس و تورک و تەنانەت وێرانکردنی بەیەکجاری سابڵاغ بە دەست ڕووسەکانەوە دەکا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٧ی زایینیدا بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی دەوروبەری سابڵاغ و سلێمانی بە هۆی برسییەتی گیانیان لەدەست دا. «لە ساڵەکانی شەڕدا پتر لە نیوەی خەڵکی ورمێ تێداچوون و ژمارەی دانیشتووانی لە ١٥٠ هەزار کەسەوە گەیشتە ٦٥ هەزار.»(٦) ڕێژەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لە ٢٠ هەزار کەسەوە لە نزیکەی نوامبری ١٩١٨دا هاتە سەر ٢٥٠٠ کەس. بە وتەیەک هەموو بەیانیەک تەرمی مردووەکانیان لە بازاڕ کۆ دەکردەوە و لە بەشێک لە ماڵەکان خەڵک مناڵە مردووەکانیان دەخوارد. خێڵی برادۆستیش کە لە سەرەتای شەڕدا هەزار بنەماڵە دەبوو، لە کاتی ناوبراودا تەنیا ١٥٧ بنەماڵەی لێ مابۆوە، هەروەها لە سی و چەند گوندی ئەم خێڵە لە بەشی ڕەواندز هیچ کەس نەمابۆوە. بە پێی ئەوەی کە پانتاییەکی بەرچاو لە خاکی کوردستان گۆڕەپانی شەڕی هێزەکانی بەشداری شەڕ بوو، زۆربەی خاکی کوردستان، لە بایەزیدی باکوورەوە هەتا خانەقین لە باشوور، و لە ڕۆژئاوا هەتا ئەرزنجان و مووش بە تەواوی وێران کران».(٧) لە باکووری کوردستانیش لە درێژایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا نزیک بە ٧٠٠ هەزار کورد لە نیشتمانی خۆیان دوور خرانەوە، نزیک بە نیوەی ئەم کەسانە لە ڕێگادا بە هۆی برسییەتی و نەخۆشی گیانیان لەدەست دا. [مێژوونasی کورد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی کورتە مێژووی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەمدا باس لە دوورخستنەوەی ٧٠ هەزار کەس دەکا(٨) بەڵام بەشێک لە سەرچاوە ڕووسییەکان، هەروەها جاناتان ڕەندڵ(٩) باس لە ٧٠٠ هەزار کەس دەکەن] بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەیەکجاری لە کورد بەتاڵ کرابوون. لەوە دەچێ لە شەڕەکانی نێوخۆی عوسمانیدا نزیک بە ٤٠٠ هەزار کورد کوژرابن.(١٠) شەڕی یەکەمی جیهانی بوو بە هۆی تێکچوونی وەزعییەتی ئابووریی_ بەرهەمهێنان و پێوەندییە بازرگانیەکانی کوردستان. بۆ وێنە لە ساڵەکانی ١٩١٥_١٩١٦ لە گومرکی کرماشانەوە بایی ١٩ میلیۆن قران تەنراوی جۆراوجۆر و ٥ میلیۆن قەند هاوردە کرابوو، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩١٨_١٩١٧ هەتا ١ میلیۆن قران کەمی کرد.(١١) بەگشتی لە سەرەتای نوامبری ١٩١٤ی زایینیدا بە پێوستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بە یەکیەتیی ئەڵمان_ئوتریش، مەجارستان و بولغارستان، هەروەها هێرش و داگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران لە لایەن بەشدارانی ئەم شەڕەوە [سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنیی ئێران لە لایەن ئەحمەدشای قاجارەوە]، هەر دوو بەشی کوردستان کران بە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی دوو بەرەی شەڕ. ڕووسیە لە باکوورەوە؛ عوسمانی بە پشتیوانیی ئەڵمان لە ڕۆژئاوا و ئینگلیسیش لە باشووری ئێرانەوە سنوورەکانی ئەم وڵاتەیان تێپەڕاند. لەم کاتەدا هەوڵی وڵاتە بیانییەکان لە کوردستان تەنیا کەڵکوەرگرتن لە هێزەکانی کورد لە پێناوی بەرژەوەندیی کاتییان لەم شەڕەدا بوو. لە سەرەتای شەڕەکەدا عەشایری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر پشتیوانییان لە عوسمانی دەکرد، بەڵام پاشەکشەی عوسمانی و پێشڕەویی ڕووسیە لە بەرەکانی شەڕ بوو بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی ئەم ناوچەیە و نزیکبونەوە و دەستپێکی پێوەندیی سەرۆک عەشیرە، بەگ، دەرەبەگ و شێخ و ئاغاکانی کوردستان لەگەڵ ڕووسەکان. ڕووسەکان کە هەتا ساڵی ١٩١٧ی ز تەواوی ڕۆژهەڵات و بەشێکی گەورە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیان داگیر کردبوو، دەیانەویست جێ پێی خۆیان لە کوردستان بە هێزتر بکەن و لە کوردەکان دژ بە تورکەکانی عوسمانی، ئینگلیس و سیخوڕەکانی ئەڵمان کەڵک وەربگرن. ١٧ی ژوئەنی ١٩١٧ی ز لە دەوروبەری کرماشان یەکەمین کۆنگرەی عەشایری کورد لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک هات. لەم کۆنگرەیەدا ڕێبەرانی کورد خوازیاری دۆستایەتیی کورد و ڕووس و هاوکاریی دوولایەنە بوون. لە کۆنگرەی دواتر لە ٤ی سپتامبری هەر ئەو ساڵەدا لە شاری سنە، ٢٧ سەرۆک عەشیرەی کورد لەگەڵ ژەنراڵ «باراتۆف» ڕێککەوتننامەی ڕووس و کوردیان واژۆ کرد. لە باشووری کوردستانیش ڕێبەرە بە ناوبانگەکانی کورد وەکوو سەید عەبدوڵڵا، سەید تەها و شێخ مەحموودی حەفید بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی ڕووسەکان پێوەندییان بە نوێنەرانی دەوڵەتی و فەرماندەی سپای ڕووسیە لە ئێران و عێراق گرتبوو. بەڵام شۆڕشی سۆسیالیستیی ڕووسیە لە ئۆکتۆبری هەر ئەو ساڵەدا بوو بە هۆی گەڕانەوەی سوپای ڕووس بۆ ڕووسیە و گۆڕانی بنەڕەتی لە بارودۆخی سیاسی و نیزامیی کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەر، بە تایبەتی ئاڵۆزترکردنی وەزعییەتی کورد و هەڕەشەی جیددیی تورکەکان لە ناوچە کوردییەکاندا. سوپای تورک پاش ئەوەی ڕووسەکان لە ئاوریلی ١٩١٨ز دا باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیان چۆڵ کرد، هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستان و ئازەربایجانی ئێران و پاشان بەرەو سنوورەکانی قەفقاز پێشڕەوییان کرد. تورکەکان لە ١٤ی ژوئەنی ١٩١٨دا تەورێزیان داگیر کرد و لەمانگی ئاگوستی هەر ئەوساڵەدا تەواوی ئازەربایجانی ئێران و ناوچەکانی باشووری کوردستانی ئێران (باکووری گۆمی ورمێ)یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. بەم پێیە لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٩١٨دا سەرانسەری باکووری ڕۆژئاوای ئێران بەسەر دوو ناوچەدا دابەش کرابوو. تورکەکان بەشی ڕۆژئاوا و ئینگلیسییەکان بەشی ڕۆژهەڵاتیان لەژێر دەستدا بوو و هەر دوو لا هەوڵیان دەدا پشتیوانیی عەشایری کورد و ئازەری وەدەست بێنن و وا بنوێنن کە هێزی ڕزگارکەری کوردستانن، بەڵام ئەم هەوڵ و بانگەشەکردنانە تەنیا بۆ کەڵکوەرگرتن لە کوردەکان بۆ دەرکردنی هێزی ڕەقیب لە کوردستان و دابینکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران و میزۆپۆتۆمیا (دووچۆمان) بوو. پاش خۆبەدەستەوەدانی عوسمانی، بە پێی گرێبەستی ئاشتی مودرۆس(١٢) لە ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩١٨ی ز هەروەها دەوڵەتی ئەڵمان ١٢ ڕۆژ پاشتر، شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێ هات. لە کۆتایی ئەم ساڵەدا ئینگلیسییەکان بە گرتنی شاری مووسڵ تەواوی باشووری کوردستانیان خستە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی خۆیانەوە.

تەواوبوونی شەڕ کۆتایی بە ژیانی سیاسیی ئیمپراتووریی عوسمانی هێنا کە سێ قاڕەی ئاسیا، ئەفریقا و ئورووپای بە یەکەوە لکاندبوو. بە وتەی جواهر لەعل نەهرۆ «ئەم ئیمپراتوورییە لە حاڵەتی «بەڵای خودایی ئورووپا» هاتە دەر و بوو بە «پیاوی نەخۆشی ئورووپا». ئەم شەڕە نەک سوودێکی بۆ کوردستان لە ڕەوتی پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کوردی نەبوو، بەڵکوو بوو بە هۆی زەرەر و زیانێکی بەرچاوی ماددی و مرۆڤیی بۆ خەڵکی کوردستان. بە پێی ڕێککەوتننامەی سایکس_ پیکۆ لە سپتامبری ساڵی ١٩١٦ دا [مارک سایکس نوێنەری ئینگلیس و فرانسوا ژۆرژ پیکۆ نوێنەری فەڕانسە] پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، بەشی عوسمانیی کوردستانیان لە نێوان ٣ وڵاتی عێراق و سووریە و تورکیەدا دابەش کرد. بەشی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان چووە نێو پێکهاتەی تورکیە؛ باشوور بۆ نێو عێراق کە لە ژێر کۆنتڕۆڵی ئینگلیسدا بوو، هەروەها باشووری ڕۆژئاوا بۆ نێو سووریە کە سەر بە فەڕانسە بوو. گۆڕانی جوغرافیای سیاسیی کوردستان بوو بە هۆی چوونی بەشی عەرەبیی کوردستان واتە سووریە و عێراق بۆ نێو گۆڕەپانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان. بەم پێیە دابەشکردنی ئیمپراتووریی عوسمانی بە پێی سیناریۆی وڵاتە زلهێزەکان و هاوسەنگیی ئەوان لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کە بەشی بەرچاوی خاکی کوردستانیشی لەخۆ دەگرت، بارودۆخی کوردستان و ڕەوتی خەباتی کوردی لە بازنەی ٣ وڵاتی تازە پێکهاتوو ئاڵۆزتر و سەختتر و چارەنووسی ئەم نەتەوەیەی تاڵتر و ناخۆشتر کرد. لەوە بەولا کورد دەبوو بۆ مافی چارەنووسی خۆی لەگەڵ چوار وڵاتی داگیرکەر خەبات بکا کە هەرکامیان لە کردەوەدا سەر بە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوون.




**پەراوێزەکان:**

١) لە ساڵی ١٩٢٢ زایینی «کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان (ئەرزروم)» بڕیاری دا بە یارمەتی و لە ژێر سەرپەرستی سیاسی ڕووسیەی سۆڤییەتی بە مافی خۆی بگا. سەرهەنگ خالد بەگ جوبرانلی سەرۆکی ئەم کۆمیتەیە لە سەرەتای دەستپێکی کۆنفرانسی لۆزاندا لە نامەیەکدا کە بۆ نوێنەری حکوومەتی سۆڤییەتی نووسی «[...] دڵسارده لە یاریدەی ڕاستگۆیانەی ئینگلیس بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ. هەروها بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، چاوەڕوانی پشتیوانی ڕووسیەی سۆڤییەتییە بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە ژێر سەرپەرستی ڕووسەکاندا.

٢) World War I, https://en.wikipedia.org/

٣) Handicapped سەقەت، پەککەوتە، کەمئەندام ، عەیبدار

٤) Epidemic

٥) ئەنسکلۆپیدیای مێژووی سۆڤییەتی، ، بەرگی ١٠، لاپەڕەی ١٠٠١-١٠٠٠، مۆسکۆ،١٩٦٧

٦) او. ای. ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران(ساڵەکانی ١٩٤٧-١٩١٨) لاپەڕەی ٢٤، دەزگای زانست، مۆسکۆ، ١٩٨٨

٧) دیوید مک داول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، انقلاب، ناسیونالیسم و جنگ، ص٢٠٤_٢٠٢، چاپ دوم، پاییز ١٣٨٣ تهران

٨) محمد امین زکی بیگ، زبده تاریخ کرد و کردستان، جلد اول، ص ١٩١ ترجمه یدالله روشن اردلان، نشر توس ١٣٨١، تهران

٩) جاناتان رندل، با این رسوایی چه بخشایشی، ص ٢٥، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات پانیذ. ١٣٧٩ تهران، هەروەها لازاریف و ... تاریخ کردستان، ص ١٦١، ترجمه م. صدقی، ک. امین آوه، انتشارات فروغ، کلن، آلمان ٢٠٠٧

١٠) ج. رندل ، با این رسوایی چه بخشایشی ص ٢٥

١١) علی گلاویژ، مناسبات ارضی در کردستان (فروپاشی نظام عشیرەای) چاپ اول ، ص ٦٨، انتشارات روزبه ١٣٦١، تهران

١٢) Mudros



حەسەن حاتەمی

# ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

**ئاکامگیریی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بارمتەگرییەکان**

دوای قبووڵکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر لەلایەن ئێران و ئەمریکا، ٥٢ کەس لە بارمتەکان کە دوایین گرووپی دیپلۆماتیک و کارمەندانی ئەمریکایی لە تاران بوون، دوای ٤٤٤ ڕۆژ ڕاگیران، لە ٣٠ ی بەفرانباری ١٣٥٩دا ئازاد کران.(١)

پێویستە ئاماژە بکرێ کە گرووپێکی ١٣ کەسی پێشتر لە ڕۆژانی گەرمی بارمتەگرییەکەدا، ئازاد کرابوون، گرووپێکی ٦ کەسیش، ژنێک و ٥ پیاو لەکاتی هێرش بۆ باڵوێزخانە کە یا لە دەرەوەی باڵوێزخانە بوون یا توانیبوویان ڕا بکەن، پەنایان بۆ باڵوێزخانەکانی کانادا و سوئێد بردبوو. ئەوانیش لە ٢٨ی ژانویەی ١٩٨٠دا، بە پاسپۆرتی کانادایی _بە یارمەتیی کارمەندان و بەتایبەتی باڵوێزی ئەو وڵاتە_ لە تارانەوە بۆ ئامریکا نێردرابوونەوە.

سەبارەت بەو ٦ کەسە فیلمێک بەناوی ئارگۆ لە ساڵی ٢٠١٢ لە ئەمریکا پیشان درا. ئەو فیلمە سەبارەت بە سێ مەوزووعی باسکراو تێیدا، لە ٨٥ مین خولی جێژنی ئوسکار خەڵاتی وەرگرت.(٢) ئەو فیلمە فەزایەکی گرژیی توندی لە نێوان کانادا و ئێراندا دروست کرد. هەرچەند پێشتریش، دوای کوژرانی زارا (زیبا) کازمی _هاووڵاتیی ئێرانی_ کانادایی لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کە بە هۆی ئەشکەنجە لە زیندانی ئەوین_ گرژی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە لە ئارادا بوو. بەڵام پێوەندیی دیپلۆماسی لە نێوان کانادا و ئێران لە ساڵی ٢٠١٢ دا، ڕاگیرا.

لە بەڵگەیەکی دیکەدا لەبارەی ئازادیی بارمتەکان نووسراوە: ئەوە بەشێکە لە مامەلەیەک کە ئێمە [یانی ئیسرائیلی یەکان] بۆ ئازادیی بارمتەکان لەگەڵ ئەمریکاییەکان جێبەجێمان کرد... ٥٢ میلیۆن دولار درا بە ئێرانییەکان و پێش ڕێوڕەسمی وەدەستگرتنی دەسەڵاتی سەرکۆماری نوێ [ڕەیگان] بارمتەکان ئازاد دەکرێن و...(٣)

مەکتەبییەکانی خومەینی بە درێژکردنەوەی قەیرانی بارمتەگری، بەشێوەیەکی کاریگەر بۆ بەدناوکردنی دژبەرەکانی خۆیان بە تایبەتی میللیگەراکان و بەرەی ڕووحانییەکانی موخالیفی ویلایەتی فەقیهـ کەلکیان لێوەرگرت. «خوێندکارانی هێلی ئیمام»، باڵوێزخانەیان کردە «هێلانەی سیخوڕێ» و گرینگییەکی زۆریان، بە بەشێک لە پەڕە لەتوکوت کراوەکان دا. _کە پێش گیرانی باڵوێزخانە هەوڵی لەنێوبردنیان درابوو_ ئەوانیان لەپەنا یەک داناوە و کارامەترین ستراتیژی ئەوان بۆ ئەو هەوڵە، بردنی ئێران بەرەو حکوومەتێکی ئیسلامی بوو. بڵاوکردنەوەی هەڵبژاردەی بەڵگەکانی بەردەستیان، لە توێی کۆکردنەوە وڕێککردنی ٦٥ بەرگ کتێب بوو کە لەژێر ناوی «بەڵگەکانی هێلانەی سیخوری» ئامادە کران. هەروەها بە دانانی مووسەوی خوئینیها _وەک نوێنەری خومەینی_ لە رادیۆ و تەلڤیزیۆن، خوێندکاران بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستیان بە میدیاکان، ڕادەگەیشت. (٤)

بەپێی بەڵگەکانیان خەڵکێکی زۆریان بە سیخوری و جاسووسی تاوانبار کرد. یەکەمین قوربانیی ئەو بەرنامە داڕێژراوە، موهەندیس عەبباس ئەمیر ئینتیزام _جێگری سەرۆک وەزیران مێهدی بازرگان بوو_ ئەو لەلایەن دەوڵەتی کاتی مەئمووری پێوەندیگرتن لەگەڵ باڵوێزخانەی ئەمریکا بوو. ئەمیر ئینتیزام سەرەتا بە ئیعدام مەحکووم کرا. پاشان بە هەوڵی زۆری بازرگان، لە کوژران ڕزگار کرا، بەڵام زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا!

مێهدی بازرگان و سیاسەتمەدارە ئەمریکاییەکان لە پێکهاتەی شەڕی دەسەڵاتی نێوخۆیی و قەیرانی بارمتەگریەکە تێنەگەیشتن. «خوێندکارانی هێلی ئیمام» بە تێکدانی سیما ناسراوەکان بەکردەوە، دەستیان بەسەر سیاسەتی دەرەوە داگرت. ڕووحانییە لایەنگرەکانی خومەینیش ناڕەزایەتییان لەگەڵ ئەو کردەوەیەی خوێندکاران نیشان نەدا.

وێدەچێ کە چەپگەراکانی وەک حیزبی توودە و فداییانی خەڵق لە قووڵایی ڕووداوی بارمتەگیرییەکە حاڵی نەبوون و لە پەیوەستبوون بە کاروانی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و لە هێرش بۆ میللیگەراکان خۆشحاڵ بوون. موجاهیدینی خەڵقیش وەک ئەوان بە کردەوەی خوێندکارەکانیان هەڵدەگوت. بەڵام کاتێک لایەنگرانی ئا. خومەینی زۆربەی موجاهیدینیان لە ڕیزی خۆیان دەرکردن _کە لەنێو نزیک ٥٠٠ کەسە هێرشبەرەکان دا بوون._ لە گۆڕوتینی پشتیوانییەکەیان کەم کردەوە.

چەپگەراکان نەیاندەزانی بە ناساندنی «خوێندکارانی هێلی ئیمام» وەک دژی ئیمپریالیسم، بە جۆرێک زەبر لەخۆیان دەدەن. ئەوان کە پێشتر بەو هۆ گرینگەوە دەیانتوانی بۆ بەسیجکردنی بەشێک لە خەڵک کەڵک وەرگرن، ئەویشیان بە خوێندکارانی هێرشبەر دا. لەهەمان کاتدا، ململانێی نێوان بازرگان و ڕکەبەرە ڕاستڕۆیەکان کەلێنێکی گەورەیان لەنێوان توێژەکانی یەکەمی شۆڕش دروست کرد.(٥)

لە بەشێک لە بەڵگە نهێنییەکانی وەزارەتی دارایی ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا، ئاشکرا کرا، کە لە پاکانە حسێبی «وامەکانی سێندیکایی»دا، نزیکەی ٣٠٠ میلیۆن دولار فێڵیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردوە. (٦)

دوایی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لە لایەن بێهزاد نەبەوی بەو حوکمەی ئا. خومەینی کە «هەوڵ بدەن ماجەرایەکە چارەسەر کرێ»(٧) لەگەڵ ژمارەیەک لە بارمتەگرەکان (خوێندکارانی هێلی ئیمام) کردبووی، پێی ڕاگەیاندبوون، هەرچی زووتر بارمتەکان دەبێ ئازاد بکرێن و ئێمە لەسەریان ڕێککەوتووین. ئەوانیش بێ ناڕەزایەتیی ئەستۆکەچی بڕیار بوون!

کێشە و ململانێیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ماوە دوور و درێژەدا، دژایەتیی توند و شەڕێکی چەند لایەنەی سیاسیی، ئابووری، فەرهەنگیی، سارد و گەرم و هێرشبەری نیزامیش کە پتر بەشێوی تێرۆڕ لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە قوناخی جیاوازدا، لە نزیک ٤٠ ساڵی ڕابردوو لە ئارادا بووە. دەسەڵاتدارەکانی ڕێژیم بەگشتی لەو کێشە و ململانێیەدا، دەست پێشخەر بوون.

ئەمریکاش بەشێوەی گونجاوی خۆی لە ماوەیەدا، دژکردەوەی لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامی ئێران نیشان داوە. سەبارەت بە بارمتەکانیش لەم دواییانەدا، بە پێی ڕاپۆرتی دویچەوێلەی ئاڵمانی لە چوارچێوەی بوودجەی ٢٠١٦ ئەمریکا دا، ڕاگەیاندرا کە دوای ٣٦ ساڵ _کۆنگرەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە پەسندکردنی یاسایەکدا_ سەرکەتوو بوو. بانکی فەڕانسەوی پاریباس کە بەهۆی پێشلکاریی گەمارۆکانی سەر ئێران، سوودان و لیبی نزیکەی ٩ میلیارد دۆلار جەریمە کراوە؛ لەو پووڵە بۆ هەر بارمتەیەکی لە تاران کە ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ڕاگیران، ڕادەی ٤ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلار _کە بۆ هەر ڕۆژێک ١٠ هەزار دۆلارە_ دەدرێ. (٨)

### سەرچاوەکان


١ و ٢) گووگل، ویکیپیدیا.
٣) کتاب پول خون، اری بن مناشه، ترجمەێ دکتر مسعود انصاری، ص ٩٤.
٤و٥) گووگل، ویکیپیدیا.
٦ و ٧) اشتباه ٣٠٠ میلیون دلاری در ماجرای گروگانگیری، کامبیز فتاحی، بی بی سی فارسی.
٨) دویچە ولەی فارسی




کامران باڵنوور

# کوردستانێک
# بە پانتایی زەینی تاکەکانی کورد



**یەک:**

پێموایە لەم سەروبەندەی ئێستادا ڕەنگە شەنوکەوێکی کۆمەڵناسانە و ڕەواننناسانە لە هەموو شێوازێکی شرۆڤە زیاتر بتوانێ یارمەتیدەری ئانالیزی دۆزی کورد بێ، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە نێوخۆی وڵات وەک پسپۆری ئەم بوارەن. لاموایە دەبێ لە سۆنگەیەکی کۆمەڵناسی و ڕەوانناسی، نەشتەرگەری و خەسارناسی کۆمەڵگەی کوردەواری بکرێ. چون بە ڕای من ڕیشەی تەواوی کێشەکانی ئێمە وەک کورد، ڕیشەیەکی ڕەوانی لە نێو ناخ و دەروونی تاک و کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە. ئەم چەمک و مەفهوومە نێگەتیڤە کۆمەڵایەتییانە بەردەوام لە کولتووری ئەم نەتەوەیەدا دووپات و چەندپاتە دەبنەوە. بۆ وێنە ئەگەر سەیری مێژووی کورد بکەین دەبینین کە ئەم مێژوویە لێوڕێژە لە هەندێ تایبەتمەندی وەک: لاساری و ناتەبایی و باوەڕپێکراویی گشتی و پێکەوەهەڵنەکردن و نەوی نەکێشان کە لە سەرەتاوە هەتا ئێستا شوێندانەرییەکی ماڵوێرانکەری لەسەر بزووتنەوەی کورد هەبووە. کە سەیری ئەدەبی زارەکی دەکەی، کە سەیری ڕابردوو دەکەی، کە سەیری مێژووی هاوچەرخ دەکەی بۆت دەردەکەوێ کە چەندەمان خەسار بینیوە لەم سۆنگەیەوە.

> لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەسازیدا حیزبەکان و ڕووناکبیران و نووسەران نەیانتوانیوە کە لەباری زەینییەوە خەڵک ئامادە بکەن و پێملیان بکەن تا وەک نەتەوە بیر بکەنەوە. ئەوان نەیاتوانیوە کارێکی وا بکەن کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخرێتە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبی و بەرژەوەندیی تاکەکان و بە گشتی مەفهوومی نەتەوە لەنێو مێشک و زەینی تاکی کورددا شکڵی نەگرتووە.

**دوو:**

دەمەوێ بابەتێکی گرینگ لەگەڵ ئەو پێشەکییە گرێ بدەم کە ئەویش بریتییە لە نەتەوە سازییە (Nation Building). بابەتێک کە تەنیا فۆرم و ڕواڵەتەکەیمان وەرگرتووە، مەبەستم ئەوەیە لە زەینی تاکەکانماندا نەچەسپاوە. ئەگەر بمەوێ زۆر ڕاشکاوانە بدوێم دەبێ بڵێم لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەسازیدا، تەواوی حیزبەکان و سەرجەم ڕووناکبیران و نووسەران نەیانتوانیوە کە لەباری زەینییەوە خەڵک ئامادە بکەن و پێملیان بکەن کە وەک نەتەوە بیر بکەنەوە، نەیاتوانیوە کارێکی وا بکەن کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبی و بەرژەوەندیی تاکەکان. واتە مەفهوومی نەتەوە لەنێو مێشک و زەینی تاکی کورددا شکڵی نەگرتووە. هۆکاری سازنەبوونی نەتەوە لە زەینی تاکی کورددا دەگەڕێتەوە سەر ئەم چەمک نەرێنییانەی پێشتر ئاماژەم پێکرد. ڕەنگە باسکردنی نموونەیەک وەک وڵاتی ئیسرائیل بەدەر لە شێوە ڕوانینێکی بایخدارانە زیاتر مەبەستەکەمان بۆ شی کاتەوە: وڵاتی ئیسرائیل کە بە فەرمی ساڵی ١٩٤٨ ساز بوو، زۆر لەوە پێشتر لەباری زەینییەوە حەولی بۆ درابوو کە تاکی جوولەکە لە ئورووپا و ئەمریکا و ئاسیا هەست بە پێویستیی سازکردنی وڵاتێک بکا بە ناوی ئیسرائیل. تەنانەت لەوە پێشتر بەر لەو شوێنەی ئێستای ئیسرائیل، بە نیاز بوون لە ئەفریقا و لە وڵاتی ئیتیۆپی یان ئەمریکای لاتین ئەم وڵاتە ساز بکەن!

**سێ:**

لە زۆربەی کتێب و مەقالە ئینگلیسییەکاندا چەمکی کوردایەتی (Kurdayetî) هەر وەک خۆی دەنووسرێ واتە ڕێک بە زمانی کوردی، ئەوان کوردایەتی وەک گرینگترین پێناسەی نەتەوەیی دێننە ئەژمار. سەرجەم لێکدانەوەکانیان لە دەوری ئەم چەمکە خول دەخوا. بەڵام بەداخەوە ئەم چەمکە لەلای ئێمە سەرەڕای پیرۆزی و «مقدس» بوونی تەنیا لەسەر بنەمای هەست و سۆز دامەزراوە و لەسەر بنەمایەکی عیلمی و زانستی دانەمەزراوە و لەم قۆناغانەی هەڵکشاوە و گەشەی کردووە تەنیا بە شێوەیەکی کاتی بووە و پاش ماوەیەکی کورت تووشی نوشست بووە و دامرکاوە. دیارە بۆ کوردایەتی کردن هەست و سۆز شەرتی سەرەتایی و سەرەکییە، بەڵام هەمووی نیە. تۆ دیسان کە سەیری مێژووی نەتەوەی کورد دەکەی، کوردایەتی کردن ئەوپەڕی ئیخلاس و گیانفیدایی و لەخۆبوردوویی بووە بەڵام بەداخەوە زۆر جاران هەر لەم سنووروەدا ماوەتەوە و نەیتوانیوە پردێک لە نێوان هەستی نەتەوایەتی و هزری نەتەوایەتیدا هەڵ بەستێ. ئەوەی هەبووە کاتی، بە شێوەیەکی ئیحساسی و بە دوور لە بە زانستی کردن و دەرئەنجام نەچەسپانی ئەم چەمکە لە زەینی تاکی کوردا. نموونە زۆرن بۆ ئەوەی وەک شایەدیی مێژوویی بۆ ئەم خەسارە باسی لێوە بکەین: ساز بوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەگەرچی خولیای تاکی کورد بوو بەڵام وەک پڕۆژە و وەک گەلاڵە لە زەینی تاکی کوردا پاشی هەرەسهێنانی کۆمار نەچەسپا! یان خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە پاش ڕاپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران، دەبینین کە بۆ ماوەیەکی کورت ئەم هەستە لە «اوج» و لەوپەڕی خۆیدا بووە و دواتر زۆر زوو دامرکاوە و دیسان زەینی تاکی تووشی بۆشایی دەبێ.

> لە نووسینە بیانییەکاندا کوردایەتی بە گرینگترین پێناسەی نەتەوەیی دادەنرێ و سەرجەم لێکدانەوەکانیان لە دەوری ئەم چەمکە خول دەخوا. بەڵام بەداخەوە ئەم چەمکە لەلای ئێمە سەرەڕای پیرۆزی و «مقدس» بوونی تەنیا لەسەر بنەمای هەست و سۆز دامەزراوە و لەم قۆناغانەی هەڵکشاوە و گەشەی کردووە تەنیا بە شێوەیەکی کاتی بووە و پاش ماوەیەکی کورت تووشی نوشست بووە و دامرکاوە

**چوار:**

باوەڕپێکراویی گشتی بە مانا گشتییەکەی زۆر لە کزیی داوە. بەتایبەتی پەیوەندیی خەڵک و حیزبەکان تەنانەت لە نێو خودی حیزبەکان و و لەنێو خودی کۆمەڵگەدا ئەم متمانەیە لە ئاستی پێویستدا نیە. پرسیار ئەوەیە بۆچی متمانەپێکردنی گشتی گرینگە؟ متمانەپێکردنی گشتی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بایەخە دێموکراتیکەکان لە کۆمەڵگەدا برەو پەیدا بکەن. «متمانەی گشتی» دەبێتە هۆی ئەوە کە زەینی تاکی کورد لەبارتر و ئامادەتر بێ بۆ وەرگرتنی چەمکی کوردایەتی و دواجار نەتەوەسازی. پێمخۆشە لێرەدا پەرانتێزێک بکەمەوە کە پەیوەندی بەم بەشەوە هەیە: لە مێژووی گەلی کورددا لە کۆن زەمانەوە تا ئێستا، لە زەمانی مەلای خەتێ و خەیانەتکردنی بە ئەمیر خانی لەپ زێڕین و زۆر خەیانەت و نسکۆی دیکە، بە باوەڕی من هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو «باوەڕپێکردنە گشتی»یە کە باسم کرد. دیارە وەک چۆن تاکی خائین دەبێ سەرکۆنە بکرێ و سزا بدرێ، کۆمەڵگەی خایەنپەروەریش خەتابارە و دەبێ پێداچوونەوەی بەسەر خۆیدا هەبێ.

**پێنج:**

دیارە ئەمە وەک سەرەتایەک بوو بۆ ئاوڕدانەوەیەکی خەسارناسانە لە خۆمان. مەبەستم لە خۆمان سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان، خەڵکانی ڕووناکبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکارەکانە و، مەبەستم تێکڕای خەڵکە... دەبێ هەوڵەکانمان وەک باسم کرد بۆ ئامادەسازی زەینی تاکی کورد بێ بۆ پڕۆسەی Nation Building یان نەتەوەسازی. دەبێ سنوورەکانی کوردستان بەرلەوەی لەسەر ئەرزی واقێع ساز ببن، لە زەینی تاکەکانی کورددا شکڵ بگرێ، وەها وڵاتێک بە هیچ هێزێک داگیر نابێ. بۆ ستارتی ئەم کارەش دەبێ هەموومان بەرەو گوتارێکی هاوبەش هەنگاو بنێین. گوتارێک کە هەموومان خۆمانی تێدا ببینینەوە، بێ جیاوازی و بەبێ فەرز کردنی لایەنێک بەسەر لایەنێکی دیکەدا یان بەسەر خەڵکدا.



ڕافائێل ئارێن
و: کەماڵ حەسەنپوور

# دوابەدوای هێرشی ئاسمانی بۆ سەر سووریە شەڕی ناڕاستەوخۆی ئیسرائیل و ئێران بەڕێوەیە

بە گوێرەی لێکدانەوەی چەند توێژەر و کاربەدەست، دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئامانجەکانی ئێران لە سووریە، ئەگەری ناکۆکییەکی سەربازیی لە نێوان دەوڵەتی جوولەکە و کۆماری ئیسلامیی وێدەچی زیادی کردبێ.

ئێهود باراک، سەرۆکوەزیرانی پێشوو و وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ڕۆژی سێشەممە گوتی: «ئەگەر لە ڕۆژانی پێشووتر، ئەگەری [کێشەی سەربازیی لەگەڵ ئێران] نزیکەی یەک لەسەر سەد بوو، ئێستا نزیکەی دە لەسەر سەدە.»

ئامۆس یادلین، سەرۆکی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی نەتەوەیی وەڵامی دایەوە؛ «وێدەچی ئێرانییەکان وەڵامی ئەو هێرشە بدەنەوە کە دەڵێن ئیسرائیل کردوویەتی، ئەگەرچی دەستبەجێش نەبێ. لەبەر هێرشەکانی ئەمجارە بۆ سەر سەربازەکانی، ئێران بیر لە تۆڵە ئەستاندنەوەیەکی ڕەسمی دەکاتەوە تا ئیسرائیل لە درێژەدان بە هێرش بۆ سەر هێزەکانی لە سووریە، چاوترسێن بکا.» ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە، ئەگەر کاتێک ئێران بڕیاری هێرش بۆ سەر ئیسرائیلی دا، ئەوان ئەم کارە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ڕا ناکەن. « شوێنی ئەم شانۆیە دەتوانێ سووریە، لوبنان یا هەر شوێنێکی دیکە لە جیهان بێ و، ئێران لەوانەیە کەڵک لە بەکرێگیراوە تێرۆریستییە نەریتییەکانی خۆی وەرگرێ.»

جاناتان شانزێر، جێگری سەرۆکی بنکەی داکۆکیی لە دێمۆکراسییەکانیش دەڵێ بەڕێوەبوونی «بەرەوڕووبوونەوە» لە نێوان ئیسرائیل و ئێران لەسەر نەوتی سووریە، هێندەیە کە چاوەڕوانیی «خراپترین شەڕ»ی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەیان ساڵدا بکەین.

شانزێر کە توێژەرێکی ئابووریی تێرۆریزمە و کاری لەو بارەوە بۆ دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە، لە گۆڤاری پۆلیتیکۆدا نووسی: «ئێران کە ڕابردوویەکی دوورودرێژی لە پشتیوانیی لە تاقمە تێرۆریستییەکانی کە هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل هەیە و هاوکات داوای پەیتاپەیتای لەنێو بردنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکا، ئەوە شتێکە کە زۆر دەمێک بوو چاوڕاونیی دەکرا. بەکرێگیراوە سوورییەیی و لوبنانییەکانی ئێران، کە بە ٢٥٠٠٠٠ مووشەک تا ددانان پڕچەک کراون، خۆیان بۆ شەڕ دژی پێشکەوتووترین هێزی سەربازی لە خۆرهەڵاتی ناڤین ئامادە دەکەن. ئەوە بێگومان خراپترین شەڕی ناوچە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا دەبێ.»

ڕۆژی چوارشەممە سەرۆکوەزیران بێنیامین ناتانیاهو بە ئاماژە بە « دۆخی گرژ» وەزیرەکانی ڕێنوێنی کرد کە بە ئاشکرا باسی دۆخی هەنووکەیی ئاسایش لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران و سووریەدا نەکەن.

بەڵام لە گفتوگۆ تاکەکەسییەکاندا، کاربەدەستانی ئیسرائیلیش دەڵێن کە «بەریەککەوتنێک» لەگەڵ ئێران ناکرێ خۆی لێ لادرێ.

ئیسرائیل هێڵی سووری دیاری کردوون و پەیتا پەیتا ڕایگەیاندووە کە ئیزن بە ئێران نادا بە شێوەی سەربازی جێ پێی خۆی لە سووریە قایم بکا. بەڵام چونکە کۆماری ئیسلامیی لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارە سوورە، لێکدانەوەکە ئەوەیە کە درەنگ یا زوو بەرژەوەندییە دژی یەکەکانی لایەنەکان دەبێتە هۆی کێشەیەکی سەربازیی تەواو.

گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل زۆر دەمێکە بە هۆی خولیا ناوکییەکانی ئێران و ئامانجی ڕاگەیەنراوی پاککردنەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە، ژێربەژێر درێژەیان هەبووە. بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی سووریە ئەوە دەگەیەنن کە پێکدادانە چاوەڕوانکراوەکە لەوانەیە زووتر بێتە پێش نەوەک درەنگتر.

وەک باس دەکرێ ڕۆژی دووشەممە، ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانیی کردە سەر بنکەیەکی هێزی ئاسمانیی لە سووریە و چەند کەسی کوشتن، لە ناویاندا لانی کەم حەوت کاربەدەستی ئێرانی. لە کاتێکدا کە زۆربەی چاودێران سەرەتا پێیان وابوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک بەرپەرچدانەوەی هێرشی شیمیایی ڕێژیمی ئەسەد بە دژی خەڵکی ئورشەلیم، لە دیداری ئەم حەوتوویەی ویلایەتی لە پێتەختی سووریە وێدەچێ ئەم دوو وڵاتە هاوپەیمانە جەختیان لەسەر شێوەی بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئیسرائیل کردبێتەوە.

ئەو گوتی، هێرشی ئاسمانیی دووشەممە بۆ سەر ناوەندێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئێران لە بنکەی T٤ بوو کە لەژێر فەرماندەیی ئێران بووە. یەکێک لە حەوت ئێرانییە کوژراوەکان پلەی سەرهەنگیی هەبووە.

بە گوێرەی لێکدانەوەی شاپیرا، کە لە یەکەم دەورەی سەرۆکوەزیریی ناتانیاهودا وەک ڕاوێژکاری سەربازیی کاری کردووە، تاوانبار کردنەکانی تاران و مۆسکۆ کە ئیسرائیل بۆمبارانە ئاسمانییەکەی ئەنجام داوە و بۆتە هۆی زەرەر و زیانی جیدی بۆ سەر ئامانجە ئێرانییەکە،

# After airstrike in Syria, an Israeli proxy war with Iran looms

Jerusalem continues to thwart Tehran's efforts to entrench itself in Syria, and analysts are predicting the 'worst war the region has seen in decades'

By RAPHAEL AHREN
11 April 2018, 7:10 pm
334 shares



سیڤیل لە ناوچەیەکی قەراغ دیمەشق، دوما، ئەو هێرشەی ئەنجام داوە، ڕووسیە، سووریە و ئێران بە ئاشکرا ئیسرائیلیان تۆمەتبار کرد.

تاران، کە ئەغڵەب لەبارەی هێرشی ئیسرائیل کە زەرەر بە سامانەکانیان لە سووریە دەگەیەنێ لاڵە، لە ڕێگای کاناڵە شێوە فەرمییەکانی، ددانی بەوە دانا کە ئێرانییەکان بە هۆی فڕۆکەی شەڕکەری ئیسرائیلی کوژراون و بەڵێنیی دا کە تۆڵە بستێنێتەوە.

ڕۆژی سێشەممە، عەلی ئەکبەر ویلایەتی ڕاوێژکاری پایەبەرزی ڕێبەری مەزنی ئێران عەلی خامنەیی، لە دیمەشق گوتی، « تاوانەکان بێ وەڵام نامێننەوە.»

بە وتەی شیمۆن شاپیرا، پسپۆڕێکی ئێران و حیزبوڵڵا لە ناوەندی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەگەری خراپتر بوونی دۆخی سەربازیی نێوان ئێران و ئیسرائیلی زیاد کردووە.»

ئەو درێژەی پێدا و گوتی: « ئێران لەوانەیە هەوڵەکانی بۆ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جۆلان بە کەڵکوەرگرتن لە حیزبوڵڵا و بەکرێگیراوی شیعەی دیکە ‹لێژیۆنی بیانیی› کە لە سووریە جێگیری کردوون، پەرە پێ بدا. وردەوردە ئەم خراپتر بوونە لەوانەیە لە سووریە تێپەڕێ و ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێران و حیزبوڵڵا بیانهەوێ هێرش بکەنە سەر ئامانجەکانی ئیسرائیلی و جوولەکە لەدەرەوەی ناوچەکە.»

درێژەی:

# ئیمپراتووری درۆ

لە زاری ڕێبەرەوە وەشان دەکرێ. خامنەیی لە قسەکانیدا دیسان لەسەر تیوریی «گوبلز»* پەرەی بە بڵاوکردنەوەی «درۆی زل» دا و قسە سوواوەکان و ئیدیعا خاوەکانی هێندەی نەخایاند کە هەر لەلایەن جیابیران و ڕۆژنامەنووسانی نێو خۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتیشەوە بە ڕاشکاوی وڵامیان درایەوە. ڕێبەری نیزام لە پەیامەکەی بە بۆنەی هاتنی ساڵی ٩٧ی هەتاوی بە ئاماژەدان بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو دیسانەکە باس لەوە دەکا کە ئێران و حکوومەتەکەی، دوورگەیەکی ئارامە، بەڵام نەیتوانی خۆی لە باسکردنی خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانبار بدزێتەوە و سەرلەنوێ لە پشت «درۆی زل»ەوە سەنگەری گرت و خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ی _ کە فۆکۆسی داوکارییەکانی خەڵک کوللیەتی نیزامی و خۆدی ڕێبەری گرتەوە_ بە فیتنە و دەستێوەردانی دژبەرانی نیزام لە قەڵەم دا. بەڵام لەوەی کە چەندین کەس لە خەڵکی دەسبەسەرکراو لە ناوەندە ئەمنییەکان و لەژێر ئەمری «ولی امری مسلمین»دا کوژران و ئەو خەڵکی برسی و وەزاڵەهاتووە کە ڕژانە سەرشەقام، لەوبارەوە بێدەنگی و پاساوەکانیشی درێژەی ئیمپراتووریەتی درۆریە لە کۆماری ئیسلامیدا.

خامنەیی ساڵی ٩٧ هەتاویی بە ساڵی پشتیوانیکردن لە «بەرهەمی ئێرانی و نێوخۆیی» ناو نا و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە ڕەفتاری سیاسی ئەو ڕێژیمە گەمارۆ ئابوورییەکان و لە لایەک دیکەش مافیای بەربڵاوی ئابووریی سپای پاسداران و دەستوپێوەندییەکانی هەرەسی بە گەشی ئابووری وڵات هێناوە و تەشەنە سەندنی درۆ لە هەموو بوارێکەوە بێ متمانەیەکی تۆخی بە خەڵکی ئێران بەخشیوە. لە کاتێکدا ئابووریی ئێران قورخکراوی دەوڵەتێکی توتالیتەرە و بەهۆی نازانستیی بەرپرسانەوە تووشی دەیان قەیرانی بنەڕەتییە، پەنابردن بۆ کڕین و بەکارهێنانی بەرهەمی خۆماڵی و نێوخۆیی بێجگە لە حاشاکردن و نەوتنی ڕاستییەکان و گاڵتەجاڕ هیچی دیکە نیە. ئەوە ڕێبەرێک وەکوو گاندی لە هیندۆستان دەتوانێ لە ئەوپەڕی ڕاستگۆییەوە وەها داواکارییەکی هەبێ نەک ئاغای خامنەیی کە بە وتەی محەممەد نوریزاد «ڕێبەری موسلمانانی جیهان چاوی لە چاوی خەڵکی کرد و درۆی وت» و چاوەڕوانیی واشی هەیە وەکوو هەمیشە پێشوازیی لە قسەکانی بکرێ. بەڵام ئەمساڵ جیابیران و تەنانەت خۆپیشاندەرانی سەرشەقامەکان ڕوونتر لە جاران ڕێبەرییان بە هۆکاری ناڕاستی و چەواشەکاری زانی، بەتایبەتی کە باس لە «آزادی بیان» و ڕادەربڕین دەکا، دەیان قەڵەم و دەنگی نارازی و دیلکراو و کوژراو لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ئەو وەکوو بەرپرسی یەکەمی ڕێژیم، وەبیرمان دێتەوە. کارنامەی نیزیک بە سێ دەیە دەسەڵاتی خامنەیی پڕ لە پاوانکردنی ئازادی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و لەهەموو گرینگتر پەرپێدان بە درۆ و دەلەسە و حاشاکردنی ڕاستییەکانە. ئەمساڵیش خامنەیی، «ئیمراتووری درۆ» لەیەکەم ڕۆژی نەورۆزدا لە شاری مەشهەد، شوێنی سەرهەڵدانەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ هەتاوی بۆ جارێکی دیکە کۆمەڵێک دروشمی بە میرات گەیشتوو لە سیستەمی نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامیی لە بەردەم خەڵک کەڵەکە کرد، بەڵام بە شەنوکەوکردنێکی خێرای ئەوەی کەمایەوە، تەپ و تۆزێک بوو لە «خەرمانەی درۆی زل»...

ژێدەر:
- ماڵپەڕی اجتماع اندیشه
- لاپەڕەی فەرمیی محەممەد نوریزاد
- قسەکانی عەلی خامنەیی لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ٩٧ی هەتاوی.
* یووزف گوبلز؛ وەزیری پروپاگەندەی دەوڵەتی نازی، کە بە خاوەنی «تیوری درۆی زل» ناسراوە

لە حوجرەوە



عادڵ مەحموودی

# مەلا ئەحمەد خاڵەیی

یەک لەو کەسانەی لە حوجرەی فەقێیانەوە پێگەیشت و تا دوا هەناسە خزمەتی خاک و نیشتمانەکەی کرد، مامۆستا مەلا ئەحمەد خاڵەیی بوو. ئەمجارەیان با لە گۆشەی «لە حوجرەوە» بڕوانینە گۆشەیەک لە ژیان و خەباتی مەلا ئەحمەد خاڵەیی.

ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ڕەنجکێش و وەرزێڕی ناوچەی سەردەشت و، لە گوندی بێشاسپ منداڵێکی چاوگەش چاوی بە ژیان هەڵێنا. چەند ڕۆژ دوای لە دایکبوونی ناویان نا ئەحمەد. ئەحمەد کوڕی کاک محەمەد ئەمینی خاڵەیی بوو.

ئەحمەد وەکوو هەموو منداڵە هاوتەمەنەکانی ئەو سەردەمی کوردستانی بەلالێدراوی بێ قوتابخانەی داگیرکراو، لە هەموو پێداویستییەکی سەرەتایی بێبەش کرابوو و، دایک و باوکە ڕەنجکێشەکانیشیان تەنیا ترووسکەی هیوایەکیان بۆ داهاتووی منداڵە بەشمەینەتەکانیان لە حوجرەو مزگەوتەکاندا بۆ بەدی دەکردن، بگرە ئەو هیوایەش بۆ زۆربەی خەڵکی چەوساوەی ئەم گەلە بەشمەینەتە تەنیا خەون و خەیاڵێک بوو.



باوکی ئەحمەد دوای تێپەڕاندنی تەمەنی منداڵی، بڕیار دەدا کە بینێرێتە حوجرە تا لە خزمەتی مامۆستایانی ئایینیدا پێ بگا و بە ئەرکی سەرشان و دەسڕەنجی وەرزێڕانی کوردستان، ببێتە کەسێکی بەهرەدار و بەکەڵک بۆ گەل و نیشتمانەکەی و ئەوەشی جێبەجێ کرد و ناردییە حوجرەی فەقێیان.

ئەحمەد وەک هەموو فەقێ و مامۆستایانی ئایینیی کوردستان، هەگبەی کردە شان و خەرمانی حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان گەڕا و لە خزمەتی هەر مامۆستایەکدا چەپکێک زانستی چنی، هەتا شارەزایی زانستیی خۆی پێ تەسەل کرد و دوای چەند ساڵێک گەڕان بە شار و گوندەکانی کوردستاندا، بڕوانامەی مەلایەتیی وەرگرت و بە لە گوندی مامکاوێی ناوچەی سەردەشت بوو بە مەلا.

مامۆستا هەر ئەوە نەبوو کە لە حوجرەکانی کوردستاندا تەنیا ئەدەبیاتی عەرەبی خوێندبێ و لەسەر سفرەی ئەو خەڵکە ڕەنجکێشەدا بەبێخەمی ڕۆژەکانی ژیانی بەسەر بردبێ، بەڵکوو ژان و ئازاری گەلە بەشخوراوەکەی وەک زامێکی بەسۆیی بێ هەتوان، بێپسانەوە ناخی دەتەزاند و ئۆقرەی لێ بڕیبوو.

مامۆستا هەر لە سەرەتاوە ژیانی پڕ لە ئازاری گەلەکەی و هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەی کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتیی دابووە بەر سەرنج و بەڕوونی دەیزانی کە گەلە بەشمەینەتەکەی چەند بەبێ تاوان ستەمی لێ دەکرێ و بەرهەمی ڕەنجی شان و ئارەقەی نێو چاوانی دەچێتە گیرفانی چینێکی ستەمکاری خۆسەپێنەوە؛ هەر لەبەر ئەوە بوو کە بە دوای ڕێگەچارەی ڕزگاریی گەلەکەیدا دەگەڕا و ئەو کات حوجرەکانیش مەکۆ و بنکەی سەرەکیی چالاکانی سیاسی و حیزبی بوون، بەتایبەتی حیزبی دیموکرات، کە مامۆستا بۆخۆی لە نێو جەرگەی ئەو چالاکانەدا دەژیا و ڕۆژانە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتی دەکرد.

مامۆستا مەلا ئەحمەد دوای ئاشنابوون بە بەرنامە و پرۆگرامی حیزب وردەوردە دەچێتە نێو کاری تەشکیلاتیەوە و خۆی ئەرکدار دەکا بە ڕوونکردنەوە و تێگەیاندن و پێگەیاندنی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و دەیکاتە ئەرکێکی ڕۆژانەی خۆی و بێپسانەوە لە هەر کات و شوێنێکدا هەلی بۆ ڕەخسابا تەنەخی نەدەکرد و ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیاند.

مامۆستا لە سەرەتا و دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێراندا چالاکتر و بەرپرسیارانەتر و گەرموگوڕتر لە جاران، شانی دایە ژێر ئەرکە پێسپێردراوەکانی.

کاتێک کە گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتی ڕاسان و تەخت و بەختی ئەو ڕێژیمەیان بە زبڵدانی مێژوو سپارد و بواری تێکۆشانی ئاشکرا بۆ حیزب و ڕێخراوە سیاسیەکان ڕەخسا؛ مامۆستا مەلا ئەحمەد یەکێک لەو ئەندامە هەڵسوورانەی حیزب بوو کە پێوەندیی ئاشکرای لەگەڵ حیزبەکەی خۆی نوێ کردەوە و چەکی پارێزگاری لە خاک و نەتەوەکەی کردە شان و هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانە بەشخوراوەکەی تەرخان کرد.

مامۆستا کە ڕابردوویەکی پڕاوپڕ لە فیداکاری و دڵسۆزیی نەخشاندبوو، زۆر زوو لە گۆڕەپانی کردەوەدا گەشەی کرد و گەیشتە پلەی کادری سیاسی و وەک کادرێکی شارەزا لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی پێگە و شوێنێکی بەهێزی لەناوچەکەدا بۆ خۆی مسۆگەر کرد و وەک کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکە ناوبانگی دەرکرد و خەڵکی ناوچەکە ئەوپەڕی ڕێزیان بۆ دادەنا و لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکانی ئەوپەڕی سوودیان وەردەگرت.

مامۆستا مەلا ئەحمەد مرۆڤێکی قسەخۆش و خۆشمەشرەف و نوکتەزان و لێو بە بزە و خاکی و خەڵکی بوو، هەروەها کادێرێکی قسە لە ڕوو و بێ‌ڕوودەربایس و باوەڕ بە خۆ و خاوەن هەڵوێست و دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی حیزب و گەل بوو.

مامۆستا هەمیشە مکووڕ و سوور بوو لەسەر ئەرک و بڕیارەکانی حیزب و دوژمنی سەرەڕۆیی و لووتبەرزی و خۆبەزلزانی بوو، لە بەرانبەر ناهەقیدا لێبڕاوانە هەڵوێستی دەگرت و لە هیچ قۆناخێکدا قسەی خۆی نەدەخواردەوە و لە بۆچوونە سەلماوەکانی پاشگەز نەدەبۆوە.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی خاڵەیی لەو ڕۆژەوەی کە چەکی پارێزگاریکردن لە گەل و نیشتمانەکەی لە شان کردبوو، بەبێ هیچ دوودڵی و ساردبوونەوەیەک درێژەی بە خەبات و تێکۆشانەکانی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکەی دا و هەر لە شار و شاخەوە بگرە هەتا دەگاتە بنکەکانی دەشتی کۆیە، بەڵام بەداخەوە مامۆستا، تەمەن ئەو دەرفەتەی پێ نەدا کە بەرهەمی ئەو ڕەنج و مەینەتانەی کە کێشابوونی ببینێتەوە .

مامۆستا مەلا ئەحمەد خاڵەیی ڕۆژی ١٧ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشییەک کە لە مێژبوو ئازاری دەدا، لە نەخۆشخانەی ئازادی لە بنکەکانی حیزبی دیموکرات لە شاری کۆیە چاوە پڕ لە چاوەڕوانییەکانی بۆ هەمیشە لێک نان و ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆحی شاد بێت.

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# ٥٩ زەبری گورچکبڕ لەبری ٥٩ هەناسەی خنکاو



برایم چووکەڵی

هێشتا زۆر خەمی دەروونی و بەشمەینەتیی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لەیاد و بیرەوەریی تاڵی دوازدەسوارەی مەریوان لە قارەمانی وەک حیسام ئەسعەدی نەڕەویبوو، هێشتا لاپەڕەکانی گەرمەشینی جێگەدارانی سەروان ئەفشێن و کاک هەژار لاپەڕەکانی ئارشیو نەکرابوون، هێشتا باڵندەی باڵ جوانی هەست و خەیاڵ لەسەر تەرمی پیرۆزی ئەو شەهیدانە هەڵنەفریبوو، هێشتا فرمێسکی قەتیسماو لە کالانی چاوەکزەکانی دایک و باوکی شەهیدەکانی کوردستان بە زەردەخەنەی کیژۆڵەی چاوکەژاڵ و ژیکەڵەی پێشمەرگەی شەهید نەسڕابوو کەهەواڵیان هێنا، چ هەواڵێک؟

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، هەواڵێکی جەرگبڕ و دڵتەزێن، بە خێرایی شەقام و کۆڵانەکانی شاری مەهابادی تەنییەوە و بە جارێک کۆمەڵانی خەڵکی ئەو شارەی تاساند و تووشی سەرسوڕمانی کردن.

لەو ڕۆژەدا خەڵکی مەهاباد گوێبیستی بەیەننامەی حەمیدڕەزا جەلاییپوور، فەرمانداری شار بوون کە باسی لە ئێعدامی ٥٩ لاوی ئەو شارە دەکرد کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکرات گوللەباران کرابوون. بەشێک لەو ٥٩ کەسە کە کەمتر لە دوو مانگ بوو گیرابوون، تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ و لە دادگایەکی فۆڕمالیتە و فەرمایشی و بە پەلەپڕووزەدا، حوکمی لەسێدارەدانیان بو دەرچوبوو.

کۆماری ئیسلامی کە تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو بە دوو مەبەست ئەم کردەوە دڕندانەی ئەنجام دا؛ یەکەم ئەوەکە بەم کردەوە وەحشیانەیە لە لایەک خەڵکی کوردستان و لاوانی شۆڕشگێڕ چاوترسێن بکا و لە لایەکی دیکە پێش بە پەیوەستبوونی لاوانی نیشتمانپەروەر بۆ نێو حیزبە کوردییەکان و بەتایبەتی حیزبی دیمۆکرات بگرێ و لە هەمان کاتدا خەڵکی وڵاتپارێز لە یارمەتیدان و پاڵپشتکردنی ئەو حیزبانە دڵسارد بکەنەوە، دووهەم دەیویست لەم ڕێگەیەوە بە بزووتنەوەی خەباتکارانەی کورد بڵێ کە دەستی تۆڵە ئەستاندنەوەم بەهێزە و تۆڵەم لێ کردوونەتەوە؛ چونکە هەر لەو سەروبەندەدا کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار چەکداری خزاندبووە کوردستان و، هێزە سەرکوتکەرەکانی لە بەرامبەر هێرش و بەرخۆدانی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەدا زەبوون و داماو بوون. تەنانەت محەممەد بروجێردی، جێگری فەرماندەی قەرارگای عەمەلیاتی «حمزە سیدالشهداء» کە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگیی تایبەتی هەبوو، لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە کوژرابوو.

لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، دیاردەی ئێعدام شتێکی تازە نیە و نەبووە و لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتی خۆیاندا، دەستیان بە کوشتار و ئاسیمیلە کردنی نەتەوەی کورد کرد و هەر ٣ ڕۆژ دوای پەیامی خومەینی لە ٢٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دەستی ڕەشی تاوانیان زیاتر دەرکەوت و ١١ لاوی کوردیان لە زیندانی دیزڵئاباد گوللەباران کرد و لەو کاتەوە تا ئیستا کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە ڕشتنی خوێنی لاوانی کورد نەپرینگاون.

کاتێک هەواڵی گوللەبارانکردنی ٥٩ لاوی مەهاباد بڵاوبۆوە، کەشێکی ماتەم باڵی بەسەر خەڵکی ئەو شارە و دەوروبەریدا کێشا و شار ڕەشی پۆشی و بە هەزاران کەس ئەژنۆی خەمیان لە باوەش گرت. هەروەها کۆمەڵێک پرسیار بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی شاری مەهاباد و بنەماڵەی شەهیدەکان درووست بوو کە تاوانی ئەم لاوانە کە تەنانەت چەند کەسیان لە پۆلەکانی ناوەندی و دواناوەندیدا دەرسیان دەخوێند، چی بوو؟!

بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ڕۆڵەکانی کورد لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاست لە ناوچەی کرماشان و کامیاران، بڕیاریان دا کە یاد و بیرەوەریی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد بەرز ڕابگرن. بە بڕیارێکی لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانە و بە نەعرەتەی شێرانەی کوڕانی ئەو مەڵبەندە، تەنیا دوو سەعات دوای تێپەڕینی ئێعدامی ئەو شۆڕەلاوانە، قارەمانانی هێزی بێستوون لە شەوی ١٢ی جۆزەرداندا، یەکەمین عەمەلیاتی قارەمانانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد و دووهەمین عەمەلیاتیان لە ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان، شادی و خۆشیان خستە نێو بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و فرمێسکی خەمیان بۆ کردنە شادی و لە ڕۆژانی دواتردا ڕۆڵەکانی کورد لەو مەڵبەندە، سەرجەم ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانەیان بەیادی ئەو ٥٩ شەهیدە ئەنجام دا. تێکۆشەرانی هێزی بێستوون لە زۆربەی شاخ و دەشت و دۆڵ و چیاکانی ناوچەی کرماشان، کامیاران، مەریوان و پاوە بە فەرماندەیی شەهیدان شاپوور فیروزی، سالار ئیبراهیمی، محەممەدکەریمی نەدیمی، ئەحلە میسری و حەسەن مینبەری و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری دیکەی دێموکرات زەبری زۆر کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. شەڕە بەناوبانگەکانی نێو شاری کامیاران، دەرەویان، پشتە، بێڵەوار، شیرینسوار، شارێی کرماشان ـ سنە، ناڵەشکێنە، ماویان، شەریفاوا، بزوەش، چیای شاهۆ، ژاوەرۆ، چرووسانە، گرگر، نێو شاری کرماشان، تەختی زەنگی، نەرگسڵە، شانشین، بەردەسپی و گرتنی ٦ پایەگا، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو عەمەلیاتانە بوو کە بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی ٥٩ لاوی مەهاباد ئەنجام دران، عەمەلیاتگەلێک کە ئێستاش لە بیر و زەینی خەڵکی ئەو ناوچانەدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

ئەو ٥٩ عەمەلیاتە سوکنایی خستە نێو دڵی دایکی ٥٩ لاوی مەهابادی و خەڵکیش فرمێسکی شادییان هەڵوەراند، چونکە قارەمانانی دێموکرات هەموو ڕۆژێ ناو و یادی ئەو لاوانەی کە خوێنیان بەناحەق ڕژا زیندوو دەکردەوە.

ئەگەر بڕوانینە مێژووی خوێناویی گەلەکەمان و حیزبە خەباتگێڕەکەیان، ئەو ٥٩ عەمەلیاتە بەیادی لاوانی لە خوێندا شەڵاڵی مەهاباد لەچەند بارەوە گرینگی هەیە و لە مێژوودا جێگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە:

یەکەم؛ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان و بەتایبەتی مەهاباد، بە ئێعدامی ڕۆڵەکانیان چاویان نەترسا و هەروا بە بەردەوامی بە هەموو شێوەیەک بەرهەڵستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوونەوە و لەسەروو هەموانەوە لاوانی ئەو شارە پۆل پۆل ڕیزی خەباتگێرانی دێموکراتیان بۆ خەبات هەڵبژارد. دووهەم؛ ڕێژیم بە ئێعدامکردنی ئەو لاوانە لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ پەڵەیەکی ڕەشتری لە مێژوودا بە ناوچاوانی خۆیەوە نا، کە بۆ هەتاهەتایە وەک خاڵێکی نەنگ و سەرشۆری لە مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کرا. سێهەم؛ بە درێژایی مێژوو گەلی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەربەدەر و قەڵوعام کراوە، بەڵام دوای هەر کارەساتێک سەربەرزانە لە خەبات بەردەوام بووە و سەری بۆ دوژمن نەوی نەکردووە، هەر بەو پێیەش بوو کە هێزی قارەمانی بێستوون بە بڕیارێکی شۆرشگێرانە یادی ٥٩ لاوی مەهابادیان بەزیندووی ڕاگرت.

# زیاتر لە نیوەی ئێعدامەکانی دنیا لە ٢٠١٧دا ئێران کردوونی

«کوردستان»

لە نوێترین ڕاگەیەندراوی خەبەریی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییدا کە لە پێوەندی لەگەڵ سزای ئێعدام لە ساڵی ٢٠١٧دا بڵاوی کردووەتەوە، هاتووە کە ئێران دووهەم وڵاتە لە دنیادا لە ڕووی سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای نامرۆڤانە و بێبەزەییانەی ئێعدام. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە لە کاتێکدا ١٤٢ وڵات سزای ئێعدامیان لە قانوونەکانی دادی خۆیاندا هەڵگرتوە یان بە کردەوە ڕایان گرتووە، بەڵام لە ساڵی ڕابردوودا سزای ئێعدام لە ٢٣ وڵاتدا درێژەی بووە کە ئێران یەک لەوانە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا لانیکەم ٥٠٧ کەس لە ئێران لەدار دراون کە زیاتر لە نیوەی ژمارەی ئەم ئێعدامانەیە کە لە ساڵی ٢٠١٧دا لە هەموو دنیادا تۆمار کراون. لەو ئامارەدا تەنیا ئێعدامەکانی وڵاتی چین لە ئەژمارەکەدا دانەندراوە و هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بابەتی ئێعدامەکان لەو وڵاتە کەیسێکی ئەمنیەتییە و جیا لە حوکمەت کەس ناتوانێ دەستی پێیان ڕابگا. ئێران و سێ وڵاتی عەرەبستان، پاکستان و عێراق پێکەوە لە ساڵی ٢٠١٧دا سەدا ٨٥ی هەموو ئێعدامەکانیان بە ناوی خۆیان تۆمار کردوە. وردەکاریی ئەم ئامارە باس لەوە دەکەن کە لەو ٥٠٧ ئێعدامە ڕاگەیەندراوە لە ئێران لە ساڵی ڕابردوودا، ٢٠٥ ئێعدامیان پێوەندیدار بە تاوانەکانی ماددەی هۆشبەر بووە و ٢٤٠ حاڵەتیان پێوەندیی بە کوشتنەوە (قەساس) بووە و یەکەمجارە کە پشکی ئێعدامەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر لە ئێران کەمترە لە تاوانەکانی دی. هۆکارێکی ئەوە بۆ ئەو فشارە زۆرە دەگەڕێتەوە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەو سۆنگەیە لەسەر کۆماری ئیسلامی بووە. لە ئێستادا مەجلیس دەیەوێ بە پەسندکردنی قانوونێک سزای ئێعدام لەسەر بەشێک لە تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر هەڵبگرێ و سزای زیندان و جێگرەوەی دیکەیان لە بری ئەوە بۆ لەبەرچاو بگرێ. مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە ڕەسمیش داوای لە دەزگای قەزایی کردوە هەتا یەکلابوونەوەی ئەو قانوونە دەست لە ئێعدامکردنی زیاتر لەو ٥ هەزار کەسە بپارێزێ کە لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە؛ بەڵام دەزگای قەزایی بێگوێدانە ئەو داوایە کەم و زۆر، بەڵام بە پارێزی زیاترەوە لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدامەکان بەردەوامە. ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٦دا لانیکەم ٧٠ کەس بووە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە، لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا کورد هەر بەشی شێری بەرکەتوە. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٣٩٦دا لە کوردستان ئێعدام کراون، بە تۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و دەستدرێژی لە دار دراون و زیندانییەکی سیاسیی کوردیش بەهۆی ئەندامەتیی حیزبێکی دژبەری کۆماری ئیسلامی و چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کراوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠١٧دا ٩٩٣ کەس لە هەموو دنیادا لەدار دراون. ئەو ڕێکخراوە جیهانییە نیگەرانیی خۆی لە سەپاندنی سزای ئێعدام لە ئێران بۆ هەندێ تاوانی دیکە ناشارێتەوە، وەک ئەو کەسانەی کە تۆمەتی ناڕوونی وەک «محاربە، فەساد لەسەر عەرز و سووکایەتی بە پێغەمبەر»یان دەدرێتە پاڵ، لە حاڵێکدا ئەو حاڵەتانە بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بە تاوانی گەورە دانانرێن و نابێ سزای ئێعدامیان بەسەردا بسەپێندرێ. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە پڕۆسەی دادئەستێنی و دادگاییکردنی زۆربەی ئەو کەسانەی لە ئێراندا لەدار دەدرێن، دادپەروەرانە نیە و بە زەبری ئەشکەنجە و سووکایەتی ناچار بە دانپێدانان دەکرێن و دانپێدانانی زۆر کەو لەوان لە تەلەڤیزیۆنیشدا بڵاو دەبێتەوە. لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ٣١ حاڵەتی ئێعدامەکان لە شوێنە گشتییەکان و بەبەرچاوی خەڵکەوە کراون و لانیکەم چوار کەس لەوانەی لەدار دراون لە کاتی دەستبردن بۆ تاوانەکەیا تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە و زیاتر لە ٨٠ کەسی دیکە بەو تایبەتمەندییە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و چاوەڕێی پەتی سێدارەن و ئەوەش پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵانە کە ئێران بە ڕەسمی ئیمزای کردوون و دەبێ دەربەستیان بێ. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هەروەها دەڵێ لە ساڵی ٢٠١٧دا سزای لەداردانی سەدان کەسی دیکە لە ئێران دەرکراوە و بەهۆی ئەوەی لە ئێران ناوەندێکی ڕەسمیی ئامار نییە بەرپرسیارەتیی خۆی لەو بوارەدا ڕابگەیەنێ، لە ڕاستی و دروستیی ئەو ئامارە بە تەواوی دڵنیا نین. ئەوەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ تەواو لەجێی خۆی دایە، بە تایبەت ئەوەی لە ئێران ژمارەی ئێعدامە ڕانەگەیەندراوەکان ئەگەر زیاتر لە ئێعدامە بەئاشکراکان نەبن کەمتر نین. کاربەدەستانی ئێران ئیدیعا دەکەن کە هۆکاری زۆریی ژمارەی ئێعدامەکان لە ئێران بۆ شێلگیریی ئەوان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تاوان دەگەڕێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە لە ڕووی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامەوە بە پێی حەشیمەتەکەی پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە، بەڵام ئەو شاڵاوە لە ئێعدامکردنانە نەک نەیتوانیوە ڕێژەی تاوان و جینایەت لە کۆمەڵگەی ئێراندا کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێی داننانی کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیم و بە پێی ئامار و زانیارییەکان، تاوان و تاوانکاری لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا چەند قات لە چاو پێشوو زیادی کردوە. لەو نێوەدا ئەو پرسیارە لە جێی خۆی دایە کە چۆنە و بۆ دوای ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی جێگرتوو لەسەر بنەمای پەروەردەی ئیسلامی ئەو هەمووە تاوانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئێراندا ڕوو دەدەن؟ بەڵام لە ڕاستیدا جێبەجێکردنی ئێعدامەکان لە ئێران ئامانجی دیکەی لە پشتە. هۆکاری سەرەکیی سزای ئێعدام لە ئێران پەرەپێدانی ترس و تۆقاندنە لە ئێران بۆ ئەوەی لەو سۆنگەیەوە ڕێ لە سەرهەڵدان و دژبەرایەتی بگرن. هەروەها کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە کە سزای ئێعدام پێوەندی بە مافی مرۆڤ وەک پرەنسیپێکی گشتی جیهانیەوە نیە و بەستە بە قانوونی بەشی قەزایی وڵاتەکەی خۆیەوەتی، دەبێ کۆمەڵگای جیهانیی لە ڕێگای فشاری کۆر و کەمەڵەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانەوە بەرهەڵستی ئەو تێگەیشتنە و ئەو بڕیارە بێتەوە و ئەو گوتارە زاڵ بکرێ و ببێ بە بڕیار کە سزای مەرگ گرینگترین بەشی پێشێلکاریی رووتی مافی مرۆڤەو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ بەرهەڵستی ئەو وڵاتانە بێتەوە کە ئەو حوکمە لە سەر خەڵکی وڵاتەکەیان جێبەجێ دەکەن.



# پشتیوانی لە خۆپیێشاندانەکانی خەڵکی پارێزگەی خوزستان دەکەین

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

زیاتر لە حەوتوویەکە شارەکانی پارێزگەی خوزستانی ئێران بوون بە مەیدانی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی عەرەبی ئەو پارێزگەیە. سەرەڕای هاتنە مەیدانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و بەربوونیان لە گیانی خەڵکی ناڕازی و، وێڕای بەردەوامیی لەشکرکێشی و ڕەوانەکرانی هیز لە پارێزگەکانی دیکەوە بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران، دانیشتووانی سووکایەتی پێکراوی پارێزگەی خوزستان، لە سەر درێژەدان بە خۆپێشاندان بەردەوامن. ئەگەرچی هەتا ئێستا دەوروبەری ١٦٠ کەس لە خۆپێشاندەران قۆڵبەست و بەرێی گرتووخانەکان کراون و، کەشوهەوای سەرکوتکەرانە لە ئەهواز و ئابادان و شارەکانی دیکەی ئەم پاریزگەیە ڕوولە زیادبوونە، خەڵکەکە کۆڵیان نەداوە و لەسەر مەحکوومکردنی سووکایەتیی تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی بە شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بەربەرەکانیی هێزە سەرکوتکەرەکان بەردەوامن. خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی ئەمجارەی شارەکانی پارێزگەی خوزستان دوای ئەوە دەستی پێکرد کە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی ئێران لە بەرنامەیەکی نەورۆزیی خۆیدا، شوناسی نەتەوەیی خەڵکی ئەو ناوچەیەی کە لە گەلی عەرەب پێک هاتوە، پشتگوێ خست. ئەوە یەکەم جار نیە نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە شێوەی خۆپێشاندان و هاتنە سەرشەقام بەرامبەر سووکایەتیی ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکانی ئێران هەمبەر شوناسی نەتەوەیی خۆیان، دژکردەوە پێشان دەدەن. ئامادەیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بۆ دژکردەوە نیشاندان بە شێوەی خۆپێشاندان لە چەندین شار و مەحکوومکردنی سیاسەت و کردەوەی دامودەزگا دەوڵەتییەکان، هۆیەکی زۆر ڕوونی هەیە. ئەم توورەیی و بێزارییە، بەرهەمی دەیان ساڵ ئینکارکرانی شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و خۆبواردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە داننان و بەرەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانیانە. دامودەزگا دەوڵەتی و حکوومەتییەکان هەر بەوەندەشەوە نەوێستاون و لە ڕووی ئابووری و ئاوەدانییشەوە هەوڵیان داوە شارو ناوچەکانی ئەو نەتەوە بندەستانە پشتگوێ بخەن و کەمترین ئاوڕیان لێ بدەنەوە. سەرەڕای ئەو دۆخەش، شانبەشانی گرتنەبەری سیاسەتی هەڵاواردن و پشتگوێخستن، پەنایان بردووەتە بەر زاڵکردنی کەشوهەوای ئەمنیەتی و خزاندنی هێزی سەرکوتکەر لەو ناوچانە و، هەر چەشنە ناڕەزایەتی دەربڕینێک بە سەرکوت و گرتن و ئێعدام وەڵام دەدەنەوە. خەڵکی ئازادیخواز و خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی ٤٠ ساڵە بە هەموو وجوودیانەوە ئاکام و شوێنەوارەکانی سیاسەتی شۆڤێنیستی و سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بەرامبەر خۆیان دیتوە و چێشتوە، زۆر باش لە کێشە و گرفت و بێبەشییەکانی خوشک و برایانی خۆیان لە خوزستان تێ دەگەن. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی سووکایەتیی ڕاگەیەنە حکومەتییەکان بە شوناسی نەتەوەیی پێکهاتەکانی ئێران، پشتیوانیی خۆی لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی خەڵکی شارەکانی پارێزگەی خوزستان و ویستە ڕەواکانی ئەوان ڕادەگەیەنێ. ئێمە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران بۆ پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی خوزستان بانگەواز دەکەین، لە ناوەندەکان و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان داوا دەکەین گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و، سەرکوتی ئەو ناڕەزایەتییانە و گرتن و بێسەروشوێنکردنی چالاکانی عەرەب لە لایەن دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بە توندی مەحکووم بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی**

کوردستان
● ژمارە: ٧٢٤
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٨

**عەلی فەتحی:**

# ئەدەبیاتی چەپ و ئەدەبی بەرگری لە کوردستان یەک ئامانجیان هەبووە

دیمانە: عەلی ئیسماعیلنژاد

هەموو ئەو نەتەوانەی مێژوویەکی پڕاوپڕ لە سەرکوت و خوێناوییان هەبووە، ئەدەب و وێژە و هونەرەکەیان بەگژ ئەو سەرکوت و خوێنەدا کردووە و بەوش هونەری بەرگری سەری هەڵداوە. عەلی فەتحی، نووسەر و وەرگێڕی کورد پێی وایە: «دەبێ ئەدەبیات لە خزمەت نەتەوەکەی خۆیدا بێ، لەو سەردەمەدا کە ئێمەی کورد شێعری بەرگری دەنووسین، لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکەشدا ئاڵوگۆڕ و کێشەکانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان ڕەنگ دەداتەوە، لە سەردەمی گەشەی چەپ، بیری چەپیش دێتە نێو شێعرەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێ لە شێعردا».

### ئەدەبی بەرگری چیە و کەی ئەو ئەدەبیاتە گەشەی کرد؟

کاتی خۆی کە لە زانکۆ دەمخوێند، پرسیارێکیان هێنابوو لەبارەی ئەدەبیات لە سەدەکانی ڕابردوودا، پرسیارەکە ئەوە بوو جیاوازیی ئەدەبیاتی ڕابردوو لەگەڵ ئەدەبی ئێستە چیە؟ وەڵامێکی جوان هەیە دەڵێ: تا سەدەی ١٩ کەسێک کە شێعری دەگوت «شێعری بۆ شێعر دەگوت»، دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و دەستپێکی سەدەی ٢٠دا، شێعر بوو بە زمانحاڵی مرۆڤ و کۆمەڵگە، شێعر بوو بە شێعری بەرگری، واتا بوو بە زمانێک بۆ بەرگریکردن لە مرۆڤ و ئیتر شێعر بوو بە زمانێک کە باسی ماڤی تێدا دەکرا و باسی ژیانی ڕۆژانەی تێدا دەکرا. کوردیش بەشێک بوو لەو پرۆسەیە، ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بوو بە بەشێک لە شێعری کوردی، دەبینین شێعرەکانی هێمن ڕەنگدانەوەی ژیانی گەلەکەیەتی، لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا هێندە کارتێکەریی دۆخی تاک و کۆمەڵگە لەسەر شێعری کوردی زۆر بووە، تەنانەت فۆرمی شێعر گۆڕا.

### چ جیاوازییەک لە نێوان ئەدەبیاتی




### نەتەوەیی و ئەدەبیاتی بەرگریدا هەیە؟

دەبێ ئەدەبیات لە خزمەت نەتەوەکەی خۆیدا بێ، لەو سەردەمەدا کە ئێمەی کورد شێعری بەرگری دەنووسین، لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکەشدا ئاڵوگۆڕ و کێشەکانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان ڕەنگ دەداتەوە. وەک چۆن لە سەردەمی گەشەی چەپدا، بیری چەپیش دێتە نێو شێعرەوە و ڕەنگدانەوەی دەبێ لە شێعردا.

### ئایا ئەدەبیاتی چەپی کوردی دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگریی کوردەوە؟

ئەدەبیاتی چەپ و ئەدەبیاتی بەرگری لە ئەدەبیاتی کوردیدا یەک بابەتن، یان لانیکەم زۆر جیاوازیان نیە و ناکرێ تەنیا لەبەر ئەوەی شاعیرێکی چەپ باسی کرێکار دەکا جیای بکەینەوە. ڕەنگە هەژاری موکریانی ئەو کرێکارەی بە نەدار باس کردبێ یان بە فەقیر ناوی هێنابێ، بەڵام هەردووکیان یەک مەبەستیان هەبووە، تەنیا جیاوازی لە هەندێک وشەدا هەیە، ئەگینا هەردووکیان یەک ئامانجیان باس کردوە. یان مامۆستا هێمن لە شێعرەکانیدا باسی خودموختاری دەکا، بەڵام شاعیرێکی چەپ ڕەنگە ناوی خودموختاری نەهێنێ، بەڵام باس لە کۆمەڵگەی مرۆڤ دەکا، باس لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی دەکا کە ئەوەیش لە ڕاستیدا بەشێک لە خەباتی نەتەوەییە و ئامانجی ئەو خەباتەیە. کەواتە ڕەنگە وشەکان جیاواز بن، بەڵام ئامانج و داخوازی و تەنانەت هەستیش یەک شتن.

### کورد لە ئەدەبی بەرگریدا توانیویەتی هاوسەنگییەک لە نێوان ئامانج و جوانکاریی شێعردا ڕابگرێ؟

لە شێعری نوێدا وەزن و قافیە نامێنی، لێرەدا تۆ بەنێکت بە دەستەوەیە. ئەوە بەنە گرێ دەدەی، توانای شاعیر وا دەکا گرێکان بە شێوەیەک لە بەنەکە بدرێ، جوانی و نێوەڕۆک هاوسەنگ بن و هیچیان شێعرەکە لاسەنگ نەکەن.

### باشە کوا ئەو جوانکارییە لە ئەدەبی بەرگریی کوردیدا هەیە؟

بەڵێ زۆر بابەتی جوان هەن. شێرکۆ بێکەس، پەشێو، هێمن و زۆر کەسی دی جوانکاریی زۆر سەرسوڕهێنەریان هێناوەتە ناو ئەدەبی بەرگریی کوردی.

### وێژە و ئەدەبی زۆربەی نەتەوەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام ئەدەبیاتی بەرگریی کوردی بەشی زۆری ئەدەبیاتی کوردی بۆ خۆی تەرخان کردووە و کەمتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی بێگانە و کارتێکەری لە دەرەوەی خۆی هەبووە؟

ئەوە بابەتێکە کە ئەمنیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، یەکەم هۆی ئەوەیە وەرگێڕان لە زمانی خۆت بۆ زمانی بێگانە سەختترە لەوەی وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی خۆت بکەی، ئەوە بنەمایەکی وەرگێڕانە. ئەگەر لە خۆمەوە سەیر بکەی، من بەو ئاسانییەی بۆم دەکرێتە کوردی، ناتوانم بیکەمە یۆنانی، ڕەنگە لێرەدا بڵێی باشە تۆ نا، ئەی ئەو هەموو خەڵکەی لە دەرەوەن و دەیان ساڵە

لەوێ دەژین؟ ڕاستە دەکرێ ئەو گلەییە بکەی و بەتایبەتی لەو کەسانە کە ساڵیانی ساڵە لەگەڵ بێگانەکان پێوەندییان هەیە، بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵات، چونکە لەو دوو پارچەیە بە ڕادەی باکوور و ڕۆژئاوا زمانی کوردی حەرامکراو نەبوو. دەکرا دەقی کوردی وەرگێڕنەوە سەر زمانی عەرەبی و فارسی، کەوایە کێشە لە بێ بایەخی دەقەکاندا نیە، کێشە ئەوە نیە دەقی کوردی ڕووی مەجلیسی نیە، بەڵکو کێشەکە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر کەمتەرخەمیی ئێمە دەرهەق بە زمان و ئەدەبیاتی خۆمان. جارێکیان لێیان پرسیم ئایا ئومێدێک بۆ داهاتووی کورد هەیە؟ لەوکاتەدا بیری شێعرێکی هێمن کەوتمەوە و هەر ئەوەیشم کردە وەڵامی پرسیارەکە و گوتم : «ڕێژنەیەکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕووان ببمەوە» کاتێ ئەوەم بە یۆنانی پێ گوتن، سەریان سوڕ مابوو لەو ئەدەبیاتە بەهێزە. کەوایە هۆکارێکی دی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئێمەومانان چەندە لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا باسی ئەدەبیاتی خۆمان دەکەین و چەندە دەتوانین بیگوازینەوە بۆ نێو خەڵکی بێگانە؟! تەنانەت چەندە ئاگاداری ئەدەبیاتی خۆمان هەین و ڕێزی لێ دەگرین، ئەگەر ئێمە توانیمان سەرکەوتووانە ئەدەبیاتی خۆمان بیگوازینەوە، بە دڵنیاییەوە ڕێزی لێ دەگیرێ.

### شێعری کوردی کە ژانرێکی گەورەی نێو وێژەی کوردییە، دەکرێ بکرێتەوە دەلاقەیەک بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ گەلانی دنیا؟

زۆر بە باشی دەکرێ. وەرگێڕان بۆ ئەو بابەتە زۆر بە باشی دەور دەبینێ، ئێستە کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان هەیە وای کردووە زمانێکی وەک زمانی کوردی کە لە بواری ڕاگەیاندنەوە دەستکورتە، شانبەشانی زمانەکانی دیکە کاری پێ بکرێ. کاتێک تۆ دەقێک لە زمانێکەوە دەکەیتە کوردی یان پێچەوانەکەی، هەردوو دەقەکە دادەنێی،

لای بەکارهێنەرانی زمانە بێگانەکە دەبێتە پرسیار کە ئەوە چ زمانێکە؟ ئەدەبیاتەکەی چیی تێدایە؟ تەنانەت ئەگەر سەیر بکەی ئێستە لە نێو فارسدا هێماکانی کوردستان زمان، ئاڵا و .. زۆر بە ئاسانی قبووڵ کراون، ئەوە لە کاتێدایە ئەگەر چەند ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ فارسێک باسی زمانی کوردیت بکردایە، زۆر بە توندی بە گژتدا دەهات یان نەتدەتوانی ئاڵای کوردستان بەرز بکەیتەوە. کەوایە یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە دەبێ ئەوە بێت وا بکەین نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستان عادەت بە هێماکانی ئێمە بگرن، ئەوەیش لە ڕێگەی وەرگێڕان دەکرێ. لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردووەتە دەرەوەی کوردستان، ئەگەر تەنیا ٢٠٪ی ئەو خەڵکە بابەتی مێژوویی و ئەدەبی ئەو نەتەوانەیان کردبایە کوردی و بەشێک لە بابەتی خۆمانیان کردبایەتە زمانی ئەوان، پێت وا نییە بەهێزترین پرد لە نێوانی ئەو دوو نەتەوەیەدا دروست دەبوو؟

### دروستبوونی ئەم پردە بەهێزە، بە هەوڵی تاکەکەسی دەکرێ یان پێویستە دەوڵەتی لە پشت بێ؟

بۆ ئەمە پێویست بە دەوڵەت ناکا. ئێستە لە باشوور زمانی کوردی دەخوێنرێ، لە ئورووپا دەتوانین زمانی خۆمان بخوێنین و کاری پێ بکەین، بەڵام لە پەنای ئەوەدا ئەو بایەخەی دەبێ بە زمانی کوردی بدرێ، نایدەین و ئەو فیداکارییەی کە دەبێ بۆ پاراستنی زمان بیکەین، نایکەین. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانییەکان، کاتێک کەمال ئەتاتورک دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، ویستی بەشێکی زۆر لە ئێتنیکەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیەی ئەوکات بتوێنێتەوە و کوشتوبڕی زۆری لەو پێناوەدا کرد. بەشێک لە یۆنانییەکان نەیانتوانی لەو کوشتوبڕە قوتار بن و مانەوە، بەڵام دین و زمانیان پێ گۆڕین، یۆرغۆ بوو بە مستەفا، هێلێنا بوو بە ڕەعنا و.. ئەوانە لە دەرەوە مسوڵمان و تورک بوون و دەچوونە مزگەوت، بەڵام ڕۆژی یەکشەمان لە ژێرزەمینی ماڵەکانیاندا ڕێوڕەسمی ئۆرتۆدۆکسی خۆیان بەڕێوە دەبرد، ئەوانە لە هەموو ژێرزەمینی ماڵەکانیاندا بە نهێنی کەنیسەیان دروست کردبوو، ئەوە بە دوو مەبەست بوو، یەکەمیان بۆ پاراستنی دینەکەیان و دووەمیش بۆ پاراستنی زمانەکەیان. هەر ئەوەیش لە دەوری یەکی کۆ دەکردنەوە و توانیشیان زمانەکەیان بپارێزن و دواتر تەنانەت شاعیر و نووسەری گەورەیشیان لێ هەڵکەوت، بەڵام ئێمە تەنانەت لە ئورووپاشدا زمانەکەمان بۆ گرینگ نیە و خەریکین وێرانی دەکەین.


**پرۆفایل:**

عەلی فەتحی، ساڵی ١٩٦٠ لە «شنۆ»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. لە ساڵی ١٣٥٨ تا ساڵی ١٣٦٧ پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە یۆنان کارناسیی باڵای لە بەشی تەلارسازی وەرگرتووە و لە ساڵی ١٣٧٣وە لە سوید نیشتەجێ بووە. لە دوو بواری وەرگێڕان و ڕۆماننووسیندا کاری کردووە. عەلی فەتحی خاوەنی چوار ڕۆمانە بە ناوەکانی، «ئازاری خەونەکان»، «تەسلیم یا مەرگ»، «مۆمەکانی سپێدە»، «بارەگای حاجی ڕەشید» و پێنج ڕۆمانی لە زمانی یۆنانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و چوار کتێبی مێژوویی و کۆمەڵە شێعرێکی یۆنانی وەرگێڕاوەتە زمانی کوردی.

***

* ئەم وتووێژە پێشتر لە ڕۆژنامەی «وشە»دا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

# یادی هێمن



شیرن و تێراو و تەڕ بەستەی لەباری هێمنە
گەرم و ناسک هەست و سۆزی نادیاری هێمنە

کاروانێکی لە شێعری سوار دەبینم دێ لە دوور
کاروانچی ئاشنایە، سەرقەتاری هێمنە

لەو قەد و لاپاڵە، لەو نێو مێرگ و کانی و ئاوەدا
حەز دەکەم بێ شەنگەبێری، وا بەهاری هێمنە

زۆر لە دەست سووڕانی ئەو دەورە کەساسیی دی هونەر
دەوری شانازیی ئەدەب هەر ڕۆژگاری هێمنە

چونکە ئەو کۆشکەی لە فەرهەنگی گەلی کورد داندرا
سەنگتراشی هێمنە، ئەندازیاری هێمنە

گەر وەفایی شیرنێکی شۆخی کردە یادگار
ئەوڕۆ بۆ مە گەنجی بێ بن یادگاری هێمنە

بێتە لام هەرجێیە بەرزە تا بە کوردی پێی بڵێم
"بەرزی هەر شایانی واژەی نازداری هێمنە".

من دەڵێم وێنەی لە ناو دیوان و دەفتەر جێی نەبوو
بۆیە مانگی چاردە وا ئاوێنەداری هێمنە

چۆنە هێمن وا بە تەنیا کوردەواریی گرتووە؟
چۆنە کوردستان وشێکە و پڕ بە زاری هێمنە؟

گەرچی هێمن چوو لە دەست ئەمما پەژارەی نابڕێ
هێشتە بۆ گەل دەردی گەورە کۆچ و باری هێمنە

هەر دڵی وەستا لە لێدان ئەو لە خوێندن ناکەوێ
شار و لادێ چونکە پڕ لە شوێنەواری هێمنە

هەرچی لە جیاتی شیعر ئاگر لە زاری هاتە دەر
سوور بزانە ڕێبوارێکی دیاری هێمنە

دەک نەیاری هێمنی لە گیانی خۆی ئۆخەی نەکا
ڕۆژی گەرم و سارد نەبینێ هەرچی یاری هێمنە

وەک مهاباد شوێنی دڵگر، شوێنی پیرۆزم نەدی
ئاوەدان بێ شاری هێمن، جێ هەواری هێمنە

هێدی تا دەستی پەریی هەڵبەستەکانی ماچ دەکا
ناڵێ ئەو شیعرە، دەڵێ ئەو سیحرە کاری هێمنە

**خالید حیسامی (هێدی)**
**١٩٩٥/٩/٢٥**
**هەولێر**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 724 20 apr 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

# خەڵکی شەکەت و حوکمەتی وادە!

باوان عەلیزادە

هەموو لە بیرمانە کە حەسەن ڕوحانی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ٩٢ دا بەڵێنی ئەوەی دا لە یەکەم ١٠٠ ڕۆژی دەسەڵاتەکەیدا کارێک دەکا خەڵک هەست بە گۆڕانکارییەکی ئاشکرا لە ژیانیاندا بکەن. چوار ساڵی یەکەمی سەرۆککۆمارییەکەی تێپەڕی و ئەوەی خەڵک بە ئاشکرا دیتیان قورستربوونی باری ژیانیان و پێشێلکرانی زیاتری مافەکانیان بوو.

دیسان لە بیرمانە کە ڕوحانی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ٩٦یشدا بە وادە و بەڵێنی زۆر خەڵکی بردەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان، وەک: لابردنی گەمارۆ و سزا ئابوورییەکان، نەهێشتنی گەندەڵی، ڕەخساندنی هەلی کار بۆ بێکارەکان، تین وەبەرنانەوەی ئابووریی وڵات، سپاردنی بەرپرسایەتییە بەرزەکان بە کەسانی نوخبە و هەڵکەوتوو، چارەسەری کێشەی کرێکارەکان، بایەخدان بە ناوچە پەراوێزخراوەکان، جێبەجێکردنی هەموو ئەسڵە پشتگوێخراوەکانی قانوونی بنەڕەتی، ڕێگری لە کۆبوونەوەی زیاتری دەسەڵات لە دەستی هێزە چەکدارەکان، مشوور خواردن لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک و میدیا و ڕاگەیەنەکان، بایەخدان بە ژینگە، بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەوتی ئامارسازیی دەوڵەت و دەیان وادە و بەڵێنی ڕیزکراوی دی کە تا ئێستا نەک وەدی نەهاتوون، بەڵکوو نیشانەیەکیش لە وەدیهاتنیان بەدی ناکرێ؛ لێرەدا قسە ئەوەیە کە تاقەت و ئاستی بەرگەگرتنی خەڵک چەندەیە؟

خەڵک داواکانیان کەم و ڕەوا، بەجێ و سادەن. ئەوان دەیانەوێ بژین و کاریان هەبێ. بتوانن بە بەری ڕەنج و زەحمەتی خۆیان ساباتێکیان هەبێ تێیدا وەحەسێن، پارووەنانێک بەرنەوە سەر سفرەکەیان، منداڵەکانیان ڕووت نەبن، بێهداشت و دەرمان و پەروەردە و ئەمنیەت و ڕێز و حورمەتیان هەبێ. لە سێبەری قانووندا مافی چالاکی و هەڵسووڕانی سیاسی و مەدەنییان هەبێ؛ بەڵام ئاخۆ ئەو مافانە لە دەوڵەتی ڕوحانی و هەر بە گشتی حوکمەتی ئێراندا دەتوانێ بێتە دی؟ هێنانەوەی چەند فاکت بەرچاوڕوونیی زیاترمان دەدەنێ:

خانوو پێداویستیی سەرەکیی هەر کەسێکە کە لە سایەی سەری دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بۆ زۆر کەس بۆتە خەون. نرخی خانوو لە ماوەی سەرکێشییە ئەتومییەکانی ڕێژیمدا سەتا ٦٠٠ هەتا سەتا ٧٠٠ چووە سەرێ و ئێستا نە بە وام و نە بە پاشکەوت کەس نابێتە خاوەنی خانوو. لەو نێوەدا بارودۆخی کرێنیشتنەکان خراپتر لە جارانە. یەک لە سێی حەشیمەتی ئێران کرێنشینن و کرێی خانوو بە بەراورد لەگەڵ داهاتی مانگانەی خەڵک لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە نێوان سەدا ٢٥ هەتا ٦٠ی داهاتی خەڵکە.

خۆراک و خواردەمەنی پێداویستییەکی ژیانەکیی دیکەی خەڵکن کە ڕۆژبەڕۆژ دابینکردنەکەی بۆ خەڵک دژوارتر دەبێ. هەژاری گەیوەتە جێیەک کە سیکەتۆرەی مریشک جێی گۆشت بگرێتەوە و لە سۆنگەی بەدخۆراکییەوە زۆر نەخۆشیی وەک شەکرە (دیابێت)، دەزگای هەرس و نەرمیی ئێسکان لە نێو خەڵکدا زیاتر ببن.

ژمارەی ئەوانەش کە لە زبڵ و زاڵەکاندا بە دوای خواردندا دەگەڕێن هەر دێ و زیاتر دەبێ و ئیدی پێچەوانەی جاران کە لە تاریکیی شەودا زبڵی میوە و پاشماوەکان سەنگ و سووژن دەدران، ئێستا خەڵکی برسی و ئاتاج و لێقەوماو بە ڕۆژی ڕوون دەچنە سەریان.

ئەمنیەت، ئازادی و مافی هاووڵاتیبوون داوایەکی دیکەی خەڵکی ئێرانە کە هیچ کامیان نەهاتوونە دی، بەڵام ئەوەی خەڵک بەبەرچاوی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری دەبینێ پەرەسەندنی گەندەڵییە ئابوورییەکان لە نێو کاربەدەستانی دەوڵەت و حوکمەتە، سانسۆڕی زیاتر لەسەر ڕاگەیەنە گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، چوونەسەرێی نرخی دۆلار و گرانیی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی کەسریی بودجەی دەوڵەتە.

کارناسانی ئابووریی سەر بە حاکمییەت دەڵێن سەتی ٣٣ی خەڵکی ئێران گیرۆدەی «هەژاریی ڕەها» بوون و لەسەدا شەشیش لە ژێر «هێڵی برسییەتی»دان.

ئەوان دەڵێن دەوڵەت وای داناوە کە «هێڵی هەژاریی ڕەها» بۆ خێزانێکی ٥ کەسی ٧٠٠ هەزار تمەن بێ، کەچی ئەو پارەیە بەشی نانی ویشکیی ئەوانیش ناکا و داهاتی خێزانێکی چوار کەسی بێتوو مانگانە کەمتر لە دوو میلیۆن و ٦٠٠ هەزار تمەن بێ، ئەوا کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاری؛ ئەوەش لە حاڵێکدا کە جیا لە توانای دابینکردنی نان و خواردن، ژیان پێویستی بە کۆمەڵێک تێچووی دیکەی وەکوو شوێنی نیشتەجێبوون، پۆشاک و هاتوچۆ هەیە.

ئەم دۆخی ئابوورییەی ژیانی خەڵکی ئێران لە کاتێک دایە، کە لە نەورۆزی ئەم ساڵەوە نرخی پارەی ئێران بەردەوام لە بەرانبەر دراوە دەرەکییەکان، بەتایبەت لە بەرانبەر دۆلاردا دادەبەزێ کە کاریگەریی خێرا و ڕاستەوخۆی لەسەر توانای کڕینی خەڵک هەیە.

لە سایەی سەری دەوڵەتی مشوور و هیوای ئاغای ڕوحانییەوە کۆچی بژاردەکان بۆ هەندەران نەک بەردەوامە بەڵکوو زیادی کردوە، بەرپرسایەتییە گرینگەکانی وڵات بە تەواوی لە پاوانی بازنەی ناوکی ئیستبداد و سەرەڕۆیی دایە. پێوەندییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە هەر وەک پێشوویە و، ئەگەر لەلایەک وەبەرهێنان لە ئێراندا ناکرێ و بانکە گەورە بیانییەکان لە مامەڵە و سەودا لەگەڵ ئێران دەپرینگێنەوە، لەلایەکی دیکە سەرمایەکانی نێوخۆش لە وڵات دەچتە دەرێ و لە ئیمارات، تورکیە و وڵاتانی ئورووپاییدا وەگەڕ دەخرێن و لەو سۆنگەیەوە بێکاریی زیاتر و بە لێشاوی بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتوە.

لەگەڵ هەموو فشارە ئابوورییە گورچکبڕەکان لەولاش وەزیری بێهداشت دەڵێ سەتی ٢٥ی خەڵکی ئێران لە سۆنگەی قەیرانە ئابوورییەکانەوە کێشە و داڵغەی ڕوحی و دەروونییان هەیە، ئەویش لە کاتێکدا کە ڕێژیم بەبیانووی ئەمنیەتی نیشتمانیی وڵات میلیارد میلیارد دۆلار لە سامانی گشتیی وڵات دەکاتە تێچووی شەڕەکانی ناوچە لە سووریە، عێراق، لوبنان و یەمەن کە بە وەکالەت بۆی دەکەن.

کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستادا شەکەت و داتەپیوە. خەڵک نایانەوێ تووشی گرژی و ئاڵۆزی بن و لە بارودۆخی ئێستاش ڕازی نین. بێهیوایییەکی قووڵ ڕەگی لە کۆمەڵگەدا داکوتاوە و لە کاتێکدا هەموو ڕێگاکان بۆ چالاکیی قانوونی بەربەست کراوە، چاوتێبڕین لە سندووقەکانی دەنگدان بۆ گۆڕینی دۆخەکەش بێ ئاکام دێتە بەرچاو. بەو پێیە کۆمەڵگە وردەوردە پەلکێشی ڕاپەڕینێکی دی دەبێ. ڕاپەڕینێک کە ڕەنگبێ ئەمڕۆ و سبەی، یان بە واتایەکی درەنگ و زووی هەیە، بەڵام گەڕانەوەی بۆی نیە.

# فستیڤاڵی تایبەت بە کەلەپووری کوردەواری لە ناوچەی لەیلاخ



ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی خاکەلێوە لە گەورەدێی قوریچیای سەر بە شاری دێولان، یەکەمین فستیڤاڵی کەلەپووریی تایبەت بە گەمە و یارییە کوردییەکان بەڕێوەچوو.

لە بەشێک لەو فستیڤاڵەدا کە تایبەت کرابوو بە گەمە و یارییە کوردییەکان، چەندین گرووپ لە مێرمنداڵان و لاوانی خەڵکی ناوچەی لەیلاخ لە گەمە و وەرزش گەلێکی وەک: «گەشتیلان»، «شاڵ دەورمێخی»، «زۆردەس»، «تەناف کێشان» و «دەستماڵ ڕەفاندن» کەوتنە کێبەرکێ و لە کۆتاییدا گرووپە سەرکەوتووەکان خەڵات کران.

پیشاندانی کۆمەڵێک بەرهەمی کوردەواری وەکوو کەرەستە و کەلوپەلی کۆنی تایبەت بە ژیانی گوند نشێنی و جووتیاری، میواندارییکردن بە خواردنی کوردەواری و پێشکێشکردنی چەند گۆرانییەک لەلایەن هونەرمەند سەعدوڵڵا نەسیری چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو فستیڤاڵە بوون.

ئەو فستیڤاڵە بە ساز و دەهۆڵ کە جێگای تایبەتیان لە مووسیقی فۆلکلۆریکی ناوچەی لەیلاخدا هەیە، هەروەها هەڵپەرکێی کچان و کوڕانی قوریچیا ڕازایەوە.

# ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە سێ بەرهەمی هەرمان وەتمانی



لە کۆڕێکی ئەدەبیدا لە شاری مەهاباد سێ بەرهەمی هەرمان وەتمانی، شاعیر و وەرگێڕی لاو پەردەیان لەسەر لادرا.

ئەو بەرهەمانەی هەرمان وەتمانی کە لەو ڕێوڕەسمەدا و بەبەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە شاعیران، نووسەران، هونەرمەندان و لایەنگرانی وێژە و ئەدەبیی کوردی بەڕێوەچوو، بریتین لە: کۆمەڵە شێعری کوردیی «مەرگ دۆستترین دەرەختی دنیا»، کۆمەڵە شێعری فارسیی «تنها» و وەرگێڕانی کۆمەڵە هایکۆی «شوێنێک دەدۆزمەوە نۆ مەرگ».

لەوە کۆڕەدا ڕەزا شەجیعی، نووسەر و لێکۆڵەری بواری ئەدەب وتارێکی لەسەر کار و چالاکییەکانی ناوەندی گوتار بڵاوکردەوە. لە درێژەدا غەفوور پیرزادە، چالاکی بواری فەرهەنگی و هونەری لەسەر ژیانی فەرهەنگی، هونەری و ئەدەبیی هەرمان وەتمانی بۆ بەشداران دوا. هەروەها یۆنس ڕەزایی، شاعیر و نووسەری کورد وتارێکی لە سەر لایەنەکانی زمانی پێشکەش کرد و لە درێژەی بەرنامەدا چەند شێعرێکی هەرمان وەتمانی خوێندرانەوە.

# خەڵاتی ماملێ بە هونەرمەند خەلیل غەمگین بەخشرا





مەڵبەندی هونەریی مامڵێ خەڵاتی ساڵی ٢٠١٨ی خۆی پێشکەش بە هونەرمەند، خەلیل غەمگین کرد.

ئەو خەڵاتە لە ڕێوڕەسمێکدا لە کۆڵنی ئەڵمان بە ئامادەبوونی جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەبەشداریی کۆمەڵێک نووسەر و ڕوناکبیر و کەسایەتیی سیاسی بە هونەرمەند خەلیل خەمگین بەخشرا.

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی لەلایەن بنەماڵە و کەسوکارییەوە دامەزراوە و ماوەی نۆ ساڵە خەڵاتی مامڵێ بە هونەرمەندانی ناسراو و ناوداری کورد دەبەخشێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا هونەرمەندانی وەک: قالە مەڕە، نایف شێخانی، عەباس کەمەندی، ناسر ڕەزازی، عەزیز شاهرۆخ، زۆزان لە باکوور، تیپی مۆسیقای سلێمانی و مەزهەر خالقی ئەو خەڵاتەیان پێشکەش کراوە.

# سەرکەوتنی دەرهێنەرێکی کورد لە فستیڤاڵی فیلمی ئامریکا



دەرهێنەرێکی لاوی کورد لە فستیڤاڵی فیلمی ئامریکا خەڵات کرا. سامان حوسێنپوور توانی لەو کێبەرکێیەدا خەڵاتی یەکەمین فستیڤاڵی جیهانی فیلمی ٥٧٣ی ئەمریکا مسۆگەر بکا.

یەکەمین فستیڤاڵی جیهانی فیلمی ٥٧٣ی ئەمریکا بە ئامانجی پشتیوانی لە فیلمسازانی سەربەخۆ ڕۆژی ١٩ی ئاپریل کۆتایی بە کارەکانی هێنا و خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی فێستیڤاڵەکە بە فیلمی "ماسی" بەخشرا کە لەلایەن سامان حوسێنپوورەوە دروست کراوە. ئەم کورتە فیلمە باس لە ژن و مێردێکی بە ساڵاچوو دەکا کە تووشی کێشەی نەبوونی ئاو بوون و دەبێ ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە.

کورتە فیلمی ماسی سێهەمین فیلمی دروستکراوی سامانە و پێشتر چەند خەڵاتی دیکەی وەک باشترین فیلمی «گات مینۆتی» کانادا و باشترین فیلمی فستیڤاڵی تەلەڤیزیۆنی سلۆڤینیای وەرگرتوە.

# بەڕێوەچوونی کۆڕی شێعری منداڵان لە گوندی ئێنگیجە



ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی خاکەلێوە کۆڕە شێعرێکی منداڵان لە یەکێک لە گوندەکانی شاری مەریوان بەڕێوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی ڕێزلێنان پێشکەش بە «ئەحمەد بەهرامی» یەکێک لە منداڵانی خاوەن بەهرەی بەشدار لەم ڕێوڕەسمەدا کرا.

ئامانج لە بەڕێوەچوونی ئەو کۆڕە شێعرە دەرخستنی توانایی و لێهاتوویی منداڵان لە بواری شێعردا بووە و لە بەشێکی کۆڕەکەدا، منداڵانی ئەم گوندە بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان پێشوازی و میوانداریيان لە بەشداربووانی ئەو کۆڕە شێعرە کرد.

لەو کۆڕە شێعرییەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەک دانیشتووی خەڵکی ئەو گوندە بەڕێوەچوو، چەند شێعرێک لەلایەن منداڵانی بەشداربوو خوێندرایەوە.